
# ڕۆژنامە

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦٢٠) سێشەممە ٢٠١١/٢/٨

نرخ (٧٥٠) دینار

پریشکی دۆزەخێک
لێوڕێژ لە جەهل
«سەرۆکو فەتوابێژو ڕەقیبەکان»

■ ٢١



سەرنجێک
لە وەڵامەکەی دەسەڵات
بۆ گۆڕان

■ ٢٢



لە پەراوێزی
بەیاننامەکەی بزووتنەوەی
«گۆڕان»دا

■ ٢١

دەزگا ڕاگەیاندنەکەی
سەرۆکی حکومەت،
چەواشەکاریی دەکات

■ ٤

پەرلەمانی کوردستان
چی بۆ خۆیو چی بۆ
خەڵک کردووە؟

■ ١٤

## بەپێی بەڵگەیەک... تاڵەبانی (٢٧) دۆنم زەوی لەسەر مەکتەبی دارایی یەکێتی تاپۆ کردووە

ل...٣

# ڕۆژنامە "پیلان"ی پەلاماردانی گردەکە ئاشکرا دەکات

تایبەت بەڕۆژنامە

بەرپرسە ئەمنییەکانی سلێمانی زانیاریی هەڵەیان لەسەر مەبەستی گۆڕان، لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی ڕۆژی ١/٢٩ گەیاندووەتە مەکتەبی سیاسیو لەگەڵ بەرپرسی کارگێڕیی یەکێتیشدا داڕێژەری بەیاننامە هاوبەشەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێتی بوون.

دوای ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە ٢٩ی مانگی ڕابردوودا، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو تیایدا حەوت خاڵی خستبووە ڕوو، لەهەمان شەویشدا وەک کاردانەوەیەک، هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو پارتی وەڵامێکی توندو نا ئاساییان دایەوەو هێزە ئەمنییو سەربازییەکانیان خستە ئینزارەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست ڕۆژنامە کەوتوون، "دەزگا ئەمنییو عەسکەرییەکانی یەکێتی کە بریتیبوون لە بەرپرسانی دەزگای زانیارییو دژەتیرۆرو ئاسایشی سلێمانیو بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو وەزیری پێشمەرگەو بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، بەهۆی پێشکەشکردنی زانیاریی هەڵەوە، ئەم دۆخە "نالەبارەیان" خوڵقاندووەو مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەیانو پارتییان گەیاندووەتە ئەو قەناعەتەی پەلاماری گردی زەرگەتە بدەن، کە بارەگای کۆمپانیای وشەیە".

سەرچاوە ئاگادارەکە ئەوەشی ئاشکراکرد، کە "زانیارییەکانی دەزگای زانیاریی یەکێتی، بریتیبوون لەوەی کە نەوشیروان مستەفا، ئامادەکاریی تەواوی ئەنجامداوە بۆ ڕاپەڕینو خۆپیشاندانو دەرگای "مەشجەبێکی" لە گردەکە کردووەتەوەو دەستی بەدابەشکردنی چەکو تەقەمەنی کردووە بەسەر چەند گرووپو لایەنگری گۆڕاندا، هەروەها لە دەرەوەی گردەکە سەدان (مۆلۆتوف) ئامادەکراوە بۆ هێرشکردن لەکاتی خۆپیشاندان لە سلێمانی".

سەرچاوەکە، وتیشی: لە ئەنجامی بەرزکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە ناڕاستانەدا، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کە کەمتر لە یەک لەسەر سێی ئەندامەکانی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون، هەشت کەس لە ئەندامانی (م.س) ئامادەنەبوونو کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش ئەو بەیاننامەیەی نووسیوەو ...

بۆ ل٢



دەبابەکانی یەکێتی لە تەنیشت تەلاری (شاری جوان) کە بەرامبەر گردەکەی زەرگەتە دانراون. فۆتۆ: بێستون

## داوا لە پەرلەمان دەکرێت، لێپرسینەوە لە شێخ جەعفەر بکات

ڕۆژنامە

ژمارەیەک نووسەرو ڕۆژنامەنووس لە بەیاننامەیەکیاندا داوا لە پەرلەمان دەکەن لێپرسینەوەو بانگهێشتی وەزیری پێشمەرگە بکات، سەبارەت بە خستنە حاڵەتی ئامادەباشی هێزەکانی پێشمەرگەو هێنانە سەرشەقامی دەبابەو دانانی بەرامبەر بە شوێنی هێزێکی سیاسیی.

وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان لەلایەن حکومەتی هەرێم و یەکێتییەوە، هێزی پێشمەرگە خرایە ئامادەباشییەوەو تانکو دەبابەش لەبەرامبەر "گردەکەی زەرگەتە" دانرا.

لە بەیاننامەکەدا ئەو ژمارە نووسەرو ڕۆشنبیرە ئاماژەیان بۆ ئەوەش کردووە؛ کە "کۆکردنەوەی دەبابەو پێشمەرگە لە شەقامەکانی شاری سلێمانی، بە ڕاستی جێگەی نیگەرانییە، لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگە هێزێکن هەموو تاکێکی کورد بە شێوەیەک لە شێوەکان، بەشێک بوون لە بونیاتنانی".

هاوکات ئەو نووسەرو ڕۆژنامەنووسانە لە ڕێگەی ئەم داواکارییەوە، داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەن، کە وەزیری پێشمەرگەو ئەو کەسانەی کە بەرپرسن لە بانگەشەکردنی حاڵەتی ناکاو لە هەرێمی کوردستانداو دەبابەیان هێناوە بۆ تۆقاندنی خەڵکی کوردستان، بانگ بکرێنە نێو پەرلەمانو لەو شوێنە یاساییەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێتو داواش لە پەرلەمان دەکەن ڕێگە نەدات نە هێزی پێشمەرگەو نە هێزی ئاسایشو پۆلیس بەشێک بن لە ململانێکانی حیزبییو سیاسیی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

## ژمارەیەک ڕووناکبیری کورد: دەسەڵاتداران شکستیان هێناوە

ڕۆژنامە

ڕووناکبیرانی کورد هۆشداریی دەدەنە بڕیاربەدەستانی هەرێم و پێیان وایە دەسەڵاتداران شکستیان هێناوەو چارەسەرکردنی سیستمی سیاسیی لە کوردستاندا پێویستی بە دەستکاریکردنێکی ڕیشەیی هەیە.

د. فاروق ڕەفیق، ڕووناکبیرو توێژەری بواری فەلسەفە وتی: "ئەم فەسادەی لەهەرێم هەیە، دەبێت کۆتایی پێ بێت، ئەمە ڕیسواکردنی ئینسانی کورد و لێدانە لە کەرامەتی هاوڵاتییان" دەسەڵاتداران ئێوە کەموکوڕیتان نییە، ئێوە شکستتانخواردووە، کەموکوڕیی جیاوازە لە شکست".

ئەو نووسەرە ئاماژە بەوەش دەکات؛ کە لە ئێستادا خەڵکی کوردستان هۆشیار بووەتەوەو دۆخەکان وەک خۆی دەبینێت، "واوەیلا بەو لە حزەیەی ئەم نەتەوەیە بە کاملی هۆشیار دەبێتەوە، ئینجا پێت دەڵێم لە کەسێک خۆش نابێت کە سەروەتو سامانی وڵاتێکی بەهەدەر دابێت.

هەروەها د.بورهان یاسین لێکۆڵەری سیاسیی وتی: "دەسەڵاتدارانی کوردستان دەبێت هەر نەبێ دوو ڕاستی بزانن: ئەوان چیتر ناتوانن لەسەر حسێبی مێژوو بژین، نەوەیەک سەری هەڵداوە لە باشووری کوردستان کە نامۆیە بە ئەوەی کە پارتیو یەکێتی پێی دەبێژن: "شانازییو سەروەرییەکانی" مێژوو، نەک بەو مانایەی کە مێژووی کورد سەروەرییو شانازیی تیا نییە، بەڵکو بە مانای ئەو ڕاستییەی کە دەسەڵاتدارانی گەندەڵ لەسەر ئەو مێژووە دانیشتوونو ناشیرینیان کردووە".

مەریوان وریا قانع، ڕووناکبیر، بۆچوونی وایە، سیستمی سیاسیی لە کوردستاندا کێشەی قووڵی هەیەو چارەسەرکردنیشی پێویستی بە دەستکاریکردنێکی ڕیشەیی هەیە، "حکومەتی هەریمێش بە هیچ مانایەک حکومەتی "هەرێم" نییە، بەڵکو حکومەتێکی دابەشبووی ناوچەیی حیزبییە".

هەروەها بەختیار عەلی، ڕووناکبیر، دەڵێت: "ئەوەی ئەمڕۆ لە تونسو میسر دەستی پێکردووە، سەرەتای ئاگرێکە کە بەدڵنیاییەوە دەگاتە ماڵی هەموو دیکتاتۆرەکان".

شوان ئەحمەد، نووسەرو ڕۆشنبیر سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای هەرێم وتی: "بیست ساڵە لە حوکمی حیزبۆکراتی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)، ناعەدالەتییو نەبوونی لایەنی کەمی خزمەتگوزاریی ڕۆژانە، پاوانکردنی کایەکانی سیاسەتکردنو ئابووریيو ژیانکردن لەلایەن چەند دەستەو تاقمێکی دیاریکراوەوە، هەموو ئەمانە ڕقو تووڕەییەکی پەنگخواردووی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا دروستکردووە ...

بۆ ل ٦و٧و٢١


## پەرلەمانی عێراق لە دواکەوتنی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم دەکۆڵێتەوە

ڕۆژنامە: پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەردەوامن لە دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، ئەگەرچی پێویستبوو (٢) ساڵ لەمەوپێش ئەنجامبدرێت، بەڵام تا ئێستاش کاتێک بۆ ئەنجامدانی دیاریی نەکراوە.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: "دەسەڵات، ویستی لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نییە.

د. لەتیف شێخ مستەفا، پەرلەمانتاری عێراق، وتی: "دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی لە بەرژەوەندیی خۆیدا نەبێت، نایکات"و ئاماژە بەوەش دەکات: "داواکارییەکی پێشکەشی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە، بۆ ئەوەی لیژنەیەکی تایبەت بۆ هۆکاری دواخستنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێتو لیژنەی هەرێمو پارێزگاکانیش لە پەرلەمان، لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێک بۆ پەرلەمان بەرزبکاتەوە.

بۆ ل٣



لەم هەفتەیەوە، هەرێم ڕۆژانە (١٠٠) هەزار دۆلار وەردەگرێت

ل...٣




بە (٦٠٠) خانەنشینی پلە تایبەت، مووچەی نزیکەی (٥٠)هەزار هاوڵاتی وەردەگرن

ل...٢

## حیزبەکان چاوەڕوانی دەستپێشخەریی یەکێتیو پارتین موڵکەکانیان بگەڕێننەوە

١٧

هەواڵ و ڕاپۆرت



بەر لە شەش مانگ، داوا لە هەرێم کراوە بڕی نەوتی هەناردەکراو بنێرێت بۆ وەزارەتی دارایی عێراق بەمەبەستی سەرفکردنی بودجەی پترۆدۆلار، بەڵام ئەو کارەیان نەکردووە

## پەرلەمانی عێراق، بەدواداچوون لەسەر دواکەوتنی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم دەکات

ڕاپۆرتی: سیروان عەول

پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامن لە دواخستنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی پێویستبوو پێش (٢) ساڵ لەمەوپێش ئەنجامبدرێت، بەڵام تا ئێستاش کاتێک بۆ ئەنجامدانی دیاریی نەکراوە.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، لە (٢٠٠٩/١/٣١)دا ئەنجامدرا، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپاساوی نەبوونی یاسای تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی هەرێمەوە، پێوەی پابەند نەبوو، بەشداریی نەکرد.

پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا یاسای ژمارە (٣)ی دەرکرد کە بەپێی ئەو یاسایە، لە دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمدایە کە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاریی بکات، بەڵام تا ئێستا سەرۆکی حکومەت، هیچ بڕیارێکی لەو بارەیەوە نەداوە.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەسەڵات، ویستی لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نییە، دەبوایە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بدایە».

ئەنوەر فەرەج، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «دەسەڵات، تا ئێستا هیچ ئامادەکارییەکی نەکردووە، هەر جارەی پاساوێکیش دەهێنێتەوە بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان».

ئەگەرچی ئەو بیرۆکەیە بە فشاری ئۆپۆزسیۆن لەئێستادا ڕاگیراوە، بەڵام دەسەڵات لەهەوڵی ئەوەدایە کە کۆمسیۆنێکی هەڵبژاردنی سەر بە هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت، ئەو کۆمسیۆنەش سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بکات.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستانیش وای نیشان دەدەن کە لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندان، بەڵام حکومەتو پەرلەمانیش کە خۆیان پێکیانهێناوە، بڕیاری لەسەر نادەن.

ئازاد جوندیانی، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە نازانین هەڵبژاردنەکە کەی دەکرێت، ئێمە وەک حیزبێک، چاوەڕوانین هەڵبژاردنەکە بکرێتو بڕیارمان لەسەر ئەنجامدانی داوە، بەڵام ئەوە حکومەت بڕیاری لەسەر دەدات».

وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ک)، ڕەتیشیکردەوە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم دوابخرێت بۆ ساڵی ئاینده.

لەبەرامبەردا د.لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسای دەستووریی و پەرلەمانتاری عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەساڵی (١٩٩٢)ەوەوە تا ئێستا، هیچ هەڵبژاردنێک بەیاسایی نەکراوە، هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)یش لەژێر فشاری ئەمریکادا بووەو لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراقدا کراوە».

ئەو پەرلەمانتارەی عێراق، وتیشی: «دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی لە بەرژەوەندیی خۆیدا نەبێت، نایکات»و ئاماژە بەوەش دەکات، کە «داواکارییەکی پێشکەشی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە بۆ ئەوەی لیژنەیەکی تایبەت بۆ هۆکاری دواخستنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێتو لیژنەی هەرێمو پارێزگاکانیش لە پەرلەمانی عێراق، لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێک بۆ پەرلەمان بەرزبکاتەوە».

### تاڵەبانی (٢٧) دۆنم زەوی لەسەر مەکتەبی دارایی یەکێتی تاپۆ دەکات

## «سەرۆکی حکومەت، چاوەڕێی کردارین»

ڕۆژنامە

هەفتەیەک بەسەر کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێدەپەڕێت، کە دوای بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان سازی کرد، کە تێیدا داوای کرد بزووتنەوەی گۆڕان گردی زەرگەتە تەسلیم بکاتەوە، بەوپێیەی موڵکی حکومەتەو بەڵێنی ئەوەشی دا کە کار بکات بۆ وەرگرتنەوەی ئەو موڵکوماڵو زەویو بینایانەی حکومەت کە لای حیزبەکانی کوردستانن، بەڵام ئایا تائێستا چ هەنگاوێکی عەمەلی نراوە بۆ ئەو مەبەستەو چەندێکی ئەو موڵکو ماڵانە وەرگیراونەتەوە؟!

پەرۆشیی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە سەرۆکی حکومەت دەستبەجێ چەند لیژنەیەک دروستبکات بۆ بەدواداچوونو وەرگرتنەوەی هەموو ئەو زەویو بینایانەی حیزبەکان لەحکومەت و ماڵی گشتیی داگیریان کردووە.

چاودێرێک لەوبارەیەوە وتی: «لە ئێستادا کە هەفتەیەک بەسەر بەڵێنەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم تێپەڕی، تکایە بۆ هاوڵاتییانی کوردستانو میدیاکانی روون بکەرەوە لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا چ هەنگاوێکت ناوەو چیت وەرگرتووەتەوە؟».

هەروەها وتی:

* ئایا لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی؟

* ئایا لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو تەخشانو پەخشانەی کە بە موڵکی گشتییو زەویو زار کراوە لەدوای ڕاپەڕینەوە؟

* ئایا لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ حیزبەکانی کوردستان بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە، بۆ ئەوەی بزانین چییان لە موڵکو ماڵی میللەت بردووە؟

* ئایا لە موڵکو سەروەتو سامانی کۆمپانیاکانی حیزبو بەرپرسانتان پرسیوەتەوە، کە ئەم سەروەتو سامانەیان لەکوێوە هێناوە؟


* ئایا لیژنەیەکتان پێکهێناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ داواکاری گشتیی هاوکار بێت بۆ پێداچوونەوە بە هەموو ئەو ڕاپۆرتو گەندەڵییانەی کە لە ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە لەسەر نەوتو کارەباو زەویو زارو بواری کارگێڕیی بڵاوکراوەتەوە؟

ڕۆژنامە لێرەدا بەڵگەنامەیەک دەخاتە ڕوو، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو (ئیدارەی سلێمانی)، کە بەپێی ئەو بەڵگەنامەیەو بە بڕیاری ژمارە (١٠٢) لە ڕۆژی (١٧ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢)، بە بڕیارێک زیاتر لە (٢٧) دۆنم زەوی لەسەر مەکتەبی داراییو ئیدارەی گشتیی یەکێتی تاپۆ دەکات.

بەپێی بڕیارەکەی تاڵەبانی، کە ئەوکات سەرۆکی هەرێم بووە، هاتووە: پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە مادەی (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢) بڕیارماندا بە:

پارچە زەوی وەزارەتی داراییو ئابووریی کە درابوو بە وەزارەتی پیشەسازییو وزە/ کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار ژمارە (٤٩/کەرتی ئابڵاخ/ ٨ ئابڵاخ) کە ڕووبەرەکەی (٢٧) دۆنمو (١٩) ئولکە، تەرخان بکرێت بۆ مەکتەبی داراییو ئیدارەی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ دروستکردنی چەند (باڵەخانەیەکی سەکەنی).

جەنابی سەرۆکی حکومەت چاوەڕێی کردارینو بزانین بۆچی زەوی خەڵکو حکومەت دەکرێت بەناوی حیزبو کۆمپانیاکانیانەوەو لەساڵی (٢٠٠٢)ەوەوە ئەو باڵەخانانەی نیشتەجێی گەنجان بۆ تەواو نەبوون.



# لەم هەفتەیەوە، هەرێم ڕۆژانە (١٠٠) هەزار دۆلار وەردەگرێت

## دەیان هەزار داهاتی «پترۆدۆلار» بۆ هەرێم دەبێت، یان پارێزگای هەولێر؟

ڕاپۆرتی: هەستیار قادر

بەپێی برگەیەکی بودجەی عێراق، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە (١٠٠) هەزار دۆلار وەک بودجەی پترۆدۆلاری ناردنەدەرەوەی نەوتەکەی وەردەگرێت، لەکاتێکدا کە ماف بە پارێزگای بەرهەمهێنی نەوت دەدات، ئەو پارەیە وەربگرێتو وەزارەتی داراییش، وەک یەک پارێزگا مامەڵە لەگەڵ هەرێم دەکات.

لە پاش ئیمزاکردنی مەحزەرێک لەنێوان ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو عەبدولکەریم لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق سەبارەت بە دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی دەرهێنراوی هەرێم بە ڕێژەی (١٠٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، هاوکات بەپێی برگەیەکی نێو بودجەی (٢٠١١)ی عێراقیش کە بە بودجەی پترۆدۆلار ناسراوە، هەر پارێزگایەکی بەرهەمهێنی نەوت، بەرامبەر بە ناردنەدەرەوەی یەک بەرمیل نەوت، بڕی یەک دۆلار وەردەگرێتو بەهەمانشێوەش ئەگەر بە ڕێژەی (١٥٠) مەتر چوارگۆشە گازی سروشتی بەرهەم بهێنێت، یان پاڵاوگەی هەبێت بۆ پاڵاوتنی هەر بەرمیلە نەوتێک، بڕی یەک دۆلار وەردەگرێت.

لەوبارەیەوە د. بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوتو گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پارەی بودجەی پترۆدۆلار بۆ پارێزگای بەرهەمهێن دەبێت، وەک لە برگەکەی بودجەدا هاتووەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرفکردنی پارەی بودجەی پترۆدۆلار بۆ پارێزگای بەرهەمهێن دەبێت، کە دەبێت بۆ پرۆژەی جۆراوجۆری ئەو پارێزگایە سەرفی بکاتو پێویستە دیار بێت لە چیدا سەرفکراوەو دواتریش لەلایەن دیوانی چاودێریی داراییی عێراقییەوە وردبینی دەکرێت».

ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی زانیارییەکان، ئەو (١٠٠) هەزار بەرمیلە نەوتەی هەرێم کە لە ڕێگەی هێڵەکانی گواستنەوەی کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە ڕەوانەی بەندەری جیهانی تورکی دەکرێت بە مەبەستی فرۆشتنی، لە هەردوو کێڵگەی نەوتی تاوگیو تەقتەق دەبێت، کە لە ڕووی ئیدارییەوە هەردووکیان سەر بە پارێزگای هەولێرنو بەپێی وتەی ئەندامەکەی لیژنەی نەوتو گاز، پارەی پترۆدۆلار بۆ پارێزگای هەولێر دەبێت، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی دەستکاریکردنی شێوازی دابەشکردنی ئەو بودجەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

هاوکات د. فازل نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، زیادکردنی برگەیەکی نوێی تایبەت بە پترۆدۆلاری هەرێمی کوردستانی لەنێو بودجەی عێراقدا بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد، کە تیایدا هەرێمی کوردستان وەک پارێزگایەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێتو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «برگەیەکمان لە بودجە زیادکردووە کە هەرکاتێک نەوتی هەرێم هەناردەکرا، پارەی پترۆدۆلاری بۆ سەرفبکرێتو لەو برگەیەدا هەرێم وەک پارێزگایەک مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو دواتریش ئەوە لەسەر هەرێم دەمێنێت کە چۆن دابەشی دەکات».

پێشترو بۆ یەکەمجار، نەوتی هەرێم بە بڕی (١٠٠) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٩) لە هەردوو کێڵگەی تەقتەقو تاوگیو لە ڕێگەی هێڵەکانی گواستنەوی نەوتی عێراقیو کۆمپانیای بازاڕگەری نەوتی عێراق (سۆمۆ)وە هەناردەکراو لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا بەهۆی ڕێکنەکەوتنی بەغداو هەرێم لەسەر پێدانی پارەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی هەرێم، ڕاگیرا، بەڵام بەهۆی نەبوونی برگەی تایبەت بە بودجەی پترۆدۆلارەوە لە بودجەی (٢٠٠٩)ی عێراقدا، ئەو بڕەنەوتەی هەرێم کە لەم ماوەیەدا هەناردەی کردووەو بە (٢٤) میلۆن بەرمیل مەزندە دەکرێت، بودجەی پترۆدۆلار نایگرێتەوە.

بریکاری وەزارەتی دارایی، ئاماژەی بەوەش دا: «بەر لە شەش مانگ، داوایان لە هەرێمی کوردستان کردووە کە بڕی نەوتی هەناردەکراوی خۆی بنێرێت بۆ وەزارەتی دارایی عێراق، بۆ سەرفکردنی بوجەی پترۆدۆلار، بەڵام ئەوکارەیان نەکردووە».

بەپێی ڕێوشوێنەکانی سەرفکردنی بودجەی پترۆدۆلاریش، پێویستە ڕێژەی هەناردەکراوی نەوت ڕەوانەی وەزارەتی دارایی بکەنو دوای وردبینیکردنی لەلایەن دیوانی چاودێریی دارایی عێراقەوە، بڕە پارەکە دیاریدەکرێت.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە مانگی ڕابردوودا لەنێوان بەرپرسانی هەرێمو بەغدا سازدرا، دەبێت نەفتاو نەوتی ڕەشی هەرێمیش ڕەوانەی وەزارەتی نەوت بکرێت بە مەبەستی فرۆشتنیو لەسەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش پێویست کراوە کە یاسای بنەبڕکردنی بەقاچاخبردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان کارا بکاتو بەوپێیەش هەناردەکردنی نەفتاو نەوتی ڕەشیش لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە، بودجەی پترۆدۆلار دەیگرێتەوە کە تا ئێستا بڕی بەرهەمهێنراوی دیارنییە.

لەسەرەتای ئەم هەفتەیەوە دوای ڕاگرتنی لەچەند مانگی ڕابردوودا، دەستکرایەوە بەهەناردەکردنی نەوتی هەرێم.




هەواڵ و راپۆرت

## راپرسیی سایتێکی بادینی: پرۆژەی گۆڕان زیاتر لەحیزبەکانی تر لەخزمەتی خەڵکدایە

رۆژنامە- بادینان

ماڵپەڕی (دەنگێ گازی) کە ماڵپەڕێکی گشتیی سیاسیی کۆمەڵایەتییەو بە شێوە زاری کرمانجی ژووروو (بادینی) بابەتەکانی بڵاودەکاتەوەو راپرسییەکی لەسەر پرۆژەی پارتە سیاسییەکان بڵاوکردووەتەوەو پرسیویەتی: (پرۆژێ کیش پارتا کوردستانی پتر د خزمەتا میللەتێ کورد دایە)، (٣٦٪)یان کە دەکاتە (٢٣٢٠) کەسی بەشداربووان پێیانوایە: پرۆژەی بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر لە خزمەتی میللەتی کورددایە.

راپرسییەکە بۆ پرۆژەی (٩) حیزبو پارتی سیاسیی کوردستان کراوەو (٦٤١٩) کەس تێیدا بەشداربوونو تا ئێوارەی رۆژی دووشەممە. ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بووە؛ (یەکێتیی نیشتمانیی (٦٪)، پارتی دیموکرات (٢٥٪)، یەکگرتووی ئیسلامیی (٢٩٪)، بزووتنەوەی گۆڕان (٣٦٪)، کۆمەڵی ئیسلامیی (٢٪)، بزووتنەوەی ئیسلامی (٠٪).



## دەبابەکانی مالیکیو دەبابەکانی کورد

سەرنووسەر

ساڵی (٢٠٠٨) ململانێو گرژییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقو کوردستان لە ناوچەدابڕاوەکانی وەک خانەقینو سەعدیەو جەلەولاو هەندێ شوێنی تر، گەیشتبوونە ترۆپکو هێندەی نەمابوو کە هەردوولا بەیەکدا هەڵپڕژێنو جارێکی تر زنجیری دەبابەکانی «عێراقی نوێ» روو لە ناوچە کوردییەکان بکاتەوەو خوێنی هاوڵاتییانو (پ.م)ی ئەم وڵاتو هەرێمە تێکەڵاو بە خۆڵەکەی بکاتەوە.

وەک خۆی هەموو جارێک دەیگێڕێتەوە، کاتێک گلەییمان لێدەکرد بۆچی عەرەبی سوننەو تارق هاشمی دژی مافو داخوازییەکانی کورد وەستاون؟ تارق هاشمی دەیوت بڕۆن لە مالیکی بپرسن بزانن کێ بوو کە نەیهێشت ئەو ئاگرە بکەوێتەوەو ئەو خوێنە نەڕژێت (من بووم خۆم کرد بە ژوورەکەی مالیکیو پێموت تۆ ئاگات لەخۆتە چی دەکەیتو عێراق بەرەو کوێ دەبەیت؟ مالیکی، لە وەڵامدا وتی: زۆرم پێ سەیرە ئێوە لە دژی ئەوەن کە هەیبەتی عێراق بۆ ئەو ناوچانە نەگەڕێتەوە؟ تارق هاشمی لە وەڵامدا وتبووی ئەی باشە ئێوەش بیر ناکەنەوە دوای بەکارهێنانی دەبابەو خوێنڕشتن عێراقو ئەزموونە نوێیەکەی بەرەو کوێ دەبەن؟)

ئەی دوای بەکارهێنانی دەبابە بارودۆخی وڵات بەرەو کوێ دەڕوات؟

کێشەو ململانێکانی کوردو سوننەو شیعە بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق هەر بەردەوام بوو هەتاکو دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ رێککەوتنی لایەنە ناکۆکەکان سەری گرتو لوولەی دەبابەکانی هەردوولا دەستلەملان کەوتنەوە گفتوگۆو دابەشکردنی پۆستەکانی بەغداو شەڕە دەبابەش لەبیر چووەوە بەو شێوەیەی کە خۆیان ویستیان، تەنانەت مەلەفە دواخراوەکانیش خرانەوە سەر رەفە.

زۆر کەس لەوە تێدەگەن کە ناکۆکییەکانی کوردو شۆڤێنیزمی عەرەبی مێژوویەکی قوڵی هەیەو کورد هەر دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکاتو قەد پشتێن نەکاتەوەو لێی نەخەوێت، بەڵام لەوە تێناگەن بۆچی کورد لەناوخۆیدا هەوڵی لێکتێکەیشتنو تەنازول بۆ یەکتر قبووڵ ناکات؟ بۆچی کورد ماڵی خۆی جوانتر رێکناخاتو سوود لە مێژوو و ئەزموونەکانی وەرناگرێت؟ بۆ دەبێت بەردەوام چەند هەرزەکارێکی سیاسیی رێگەیان پێبدرێت بە کۆنە قین یاریی بە چارەنووسو موقەدەراتی ئەم گەلە بکەن؟

دیسانەوە عەقڵی کۆکردنەوەی هێزو هێنانی دەبابە بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکانی ناو ماڵی کورد، کورتبینییو کاڵفامیی سیاسییەکانی کوردی خستەوەڕوو.

### تیمێک لە بەغداوە بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە لە سلێمانین

# لە فڕۆکەخانەی سلێمانی، پشکنینی تەکنیکیی بۆ فڕۆکە ناکرێت

ئاکام ئەبوبەکر

شارەزایانی بواری تەکنیکیی فڕۆکەوانی، جەختدەکەنەوە کە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی، پشکنینی تەکنیکیی لەپێش فڕیندا بۆ فڕۆکە ناکرێتو رەنگە هەر ئەمەش هۆکاری گڕگرتنی ئەو فڕۆکە (VIP)یە بێت کە ئێوارەی ٢٠١١/٢/٤ کەوتە خوارەوە.



لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، دەریدەخەن کە وەستانی مەکینەی لای راستی فڕۆکە (VIP)ەکەی رۆژی ٢٠١١/٢/٤، هۆکاری گڕگرتنو کەوتنەخوارەوەی بووە کە بەهۆی ئەو رووداوەشەوە (٧) کەس بە ناوەکانی (باسل مەهدی، وەبەرهێنەری عێراقی، عەبدوڵلا لحودی بەڕەگەز بەریتانی، موراد مجلی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بانکی J.P.Morgan بۆ ئاسیای ناوەڕاستو باکووری ئەفریقاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو تورکیا، خاڤیر زوریتا، بەڕێوەبەری رێپێدراوی بانکی J.P.Morgan، مەروان سەبری، دەستەی فڕۆکەوان، عەبدوڵلا یەزدک، دەستەی فڕۆکەوان، ستیفانی، دەستەی فڕۆکەوان) گیانیان لەدەست دا.

تاهیر عەبدوڵلا، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد، کە لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکاری کەوتنەخوارەی فڕۆکەکە بەردەوامەو لەچەند رۆژی داهاتوودا ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو تیمە رادەگەیەنین کە لەبەغداوە هاتوون.

بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی، بۆ رۆژنامە جەختی لەوە کردەوە کە «ئەو فڕۆکەیە لەدوای هەستانی لە فڕۆکەخانەی سلێمانی، کێشەی بۆ دروست بووەو کەوتووەتە خوارەوە، هۆکارەکەشی زیاتر تەکنیکیی بووە».

رۆژێک دوای کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە تایبەتییەکە، لە مەراسیمێکدا کۆمپانیای ئاساسێڵو بەرپرسانی حکومیی، تەرمی بەشێک لەسەرنشینانی فڕۆکەکەیان رەوانەی وڵاتەکانی خۆیان کردەوە کە بەهۆی گڕگرتنی فڕۆکەکەوە گیانیان لەدەست دابوو، بۆ دۆزینەوەی هۆکاری رووداوەکەش، سندووقی رەشی فڕۆکەکە رەوانەی دەرەوەی وڵات کراوە.

کامیل حەمە رەشید، بەڕێوەبەری کۆمپانیای رادۆبیس کە گەشت بۆ وڵاتانی دەرەوە رێکدەخات، بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەک دەرکەوتووە، هۆکاری کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکە تەکنیکیی بووە، بۆیە ئەگەر لە فڕۆکەخانەی سلێمانی کاری پشکنین بۆ فڕۆکە بکرێت، ئەوکاتە ئەو کۆمپانیایە لێی بەرپرسە کە کاری چاککردن (صیانە)و پشکنینی بۆ فڕۆکەکە کردووەو نەیزانیوە فڕۆکەکە کێشەی تەکنیکیی هەیە».

فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی، لەساڵی رابردوودا گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای ئەزمەڕئەیر کە یەکێکە لەکۆمپانیاکانی گرووپی نۆکان بۆ دابینکردنی (خزمەتگوزارییەکانی گەشتیارانو خزمەتگوزاریی سەرزەوی فڕۆکە) ئیمزاکردووە، بەپێی گرێبەستەکە، کۆمپانیای جێبەجێکار پێویستە پابەندبێت بە هەموو رێنماییو رێساکانی فڕۆکەخانەکانەوە، لە رووی ئاسایشی جێبەجێکردنی رێنماییەکانو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە گەشتیارانو فڕۆکەکانو ئەو کەسانەی هاتوچۆی فڕۆکەخانە دەکەن.

بەکر سەعید، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەزمەڕئێر بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە بەرپرس نین لەکێشەی تەکنیکیی فڕۆکەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانی، ئێمە تەنیا سووتەمەنیو پاککردنەوەو پەیژەو خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکەین، فڕۆکەکان خۆیان گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای تایبەت بە چاککردن (صیانە)ی فڕۆکە دەکەن، بۆ پشکنینو چاککردن (صیانە)ی فڕۆکەکان».

لای خۆیەوە پسپۆڕێکی تەکنیکیش، جەختی لەوە کردەوە کە لە فڕۆکەخانەی سلێمانی، پشکنینی تەکنیکی پێش فڕین بۆ فڕۆکە ناکرێتو ئەو پشکنینانەی کە دەکرێن، تەنیا رووناکیو مەدرەجو هەندێک شتی بچووک دەگرێتەوە.

ئەو پسپۆڕە تەکنیکییە، ئاماژەی بەوەش کرد، کە پێویستە لەپێش فڕینی فڕۆکەدا، (٤) جۆر پشکنین بۆ فڕۆکە بکرێت، کە بە (A, B, C, D) ناودەبرێن، بەڵام ئەو پشکنینانە لە فڕۆکەخانەی سلێمانی نینو دوو پشکنینیشیان تەنیا لەچەند وڵاتێکی کەمی جیهان دەکرێن.

# بە (٦٠٠) خانەنشینی پلە تایبەت، مووچەی نزیکەی (٥٠) هەزار هاوڵاتی وەردەگرن

رۆژنامە

مووچەی (٦٠٠) بەرپرسی خانەنشین بە پلەی تایبەت لە ئیدارەی سلێمانی تا کۆتایی ساڵی رابردوو زیاتر لە (١ ملیارو ٧٧٨ ملیۆن) دینار بووە، ئەمەش یەکسانە بە مووچەی (٤٧٤١٣) هاوڵاتی کە ئێستا لە لایەن حیزبی دەسەڵاتەوە مانگانە (٣٧ هەزارو ٥٠٠) دینار بۆ کۆنترۆڵکردنیان پێیان دەدرێت.

حیزبی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان مانگانە بە ناوی خانەنشینی پێشمەرگەوە بڕی (٣٧ هەزارو پێنجسەد) دینار دەدەن بە زیاتر لە (١٠٠) هەزار هاوڵاتیو لەو رێگەیەشەوە لە هەڵبژاردنەکاندا بە خزمەتی خۆیان بەکاریان دەهێنن، مووچەی (٤٧٤١٣) لەو خانەنشینانە مانگانە دەکاتە (١ ملیارو ٧٧٨ ملیۆن) دینار، ئەمەش یەکسانە بە مووچەی (٦٠٠) پەرلەمانتارو بەرپرسی ئیدارییو حیزبیی ئیدارەی سلێمانی، کە بە ناوی مووچەی تایبەتەوە خانەنشین کراون.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو مووچە کەمەی بە (٣) مانگ جارێک دەسەڵات دەیدات بە هاوڵاتییان بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەم مووچەیە بە ناسنامەی خانەنشینی پێشمەرگە دەدرێت، بەڵام تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە پشتگیریی بەرپرسانی حیزبی دەسەڵاتداریان هەیە، لە بنکەکانی خانەنشینیشدا دابەشدەکرێتو دامودەزگای حکومەتو بودجەی گشتیی بەکاردەهێندرێت بۆ خزمەتی حیزب».

هەمان سەرچاوە کە نەیویست ناوی بهێنرێت ئاشکرای کرد؛ کە حیزبی دەسەڵاتدار هەرکات بیەوێت هاوڵاتییان بەکاربهێنێت، هەڕەشەی بڕینی ئەو (٣٧ هەزارو ٥٠٠) دینارەیان لێدەکات، ئەمەش هاوڵاتییان دەترسێنێت، چونکە هاوڵاتییان بەهۆی ئەم پارەیەوە کۆنترۆڵ کراون».

هاوار شێخ رەئوف، شارەزا لە کاروباری دارایی لەم بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەوە پارەی گشتییەو یەکێتیو پارتی ئیستغلالیان کردووە بۆ ئەوەی دەنگی ئەو کەسانە ببڕن کە ئەو مووچەیە وەردەگرن، حیزب سوودی لە پێگەی خۆی لە دەسەڵاتدا وەرگرتووە، بۆ ئەوەی پارەی گشتیی لە خزمەتی خۆیدا بەکاربهێنێت».

ئەو شارەزا داراییە ئەوەشی خستە روو: ئەم حاڵەتە نایاساییەو نازانستییەو لە هەر وڵاتێکی تردا بوایە حکومەتی لەسەر هەڵدەوەشایەوەو دەیان بەرپرسی لەسەر دادگایی دەکرا.

رۆژنامە ئەوەشی زانیوە کە ئەو (٣٧ هەزارو ٥٠٠) دینارە پارەی چاودێریی خێزانەو پێویستە حکومەت بیدات بە هەژارانو کەمدەرامەتان، نەک حیزب لە رێگەی کۆمیتەکانەوە بیدات بە ئەندامو لایەنگرەکانی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان بەدواداچوون دەکەن.

سیوەیل عوسمان، ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی لە پەرلەمانی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە بەڕێوەبەرێتییەکانی چاودێریی دڵنیای کردوونەتەوە کە ئەو مووچەیەی کە پێشتر لە کۆمیتەکانی حیزبەوە خەڵکی بۆ ناونووس دەکرا، مووچەی چاودێریی خێزانەو پێویست بوو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بیکات.

ئەو پەرلەمانتارە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە داوامانکردووە پێداچوونەوە بەو مووچەیەدا بکرێتو لە دەستی حیزبدا نەمێنێت، ئەگەر بەناوی چاودێریی خێزانیشەوەیە مووچەکە زیاد بکرێت، بەڵام نەدرێت بە ئەو کەسانەی کە ئۆتۆمبێلو خانوویان هەیەو گوزەرانیان باشە».

پەرلەمانتارانی گۆڕان لەو بەدواداچوونەیاندا ئەوەشیان ئاشکرا کردووە؛ کە جگە لەو پارەیەی چاودێریی خێزان کە دراوە بە لایەنگرانی حیزب، لە هەمانکاتدا مووچەیەکی تریش هەیە کە حیزب بە ناوی مووچەی تایبەتەوە لە رێگەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دەیدات بە پیاوماقووڵانو خاوەن دیوەخانەکان.

سیوەیل عوسمان، لەم بارەیەوە وتی: «ئەو مووچە تایبەتە کە دەدرێت بە پیاوماقووڵانو خاوەن دیوەخانەکان، زیاترە لە (٥٠٠) هەزار دینار، پێویستە بە زووترین کات ببڕدرێتو لە بەرامبەردا بدرێت بە مندالانی هەژارو خێزانە هەژارەکان».


لەلایەکی تریشەوە، ئیدارەی سلێمانی لە ئێستاو رابردوودا بەرپرسانی ئیدارییو حیزبییو پەرلەمانتارانی بە پلەی تایبەت خانەنشین کردووە، بەشێک لەو خانەنشینە پلە تایبەتانەش ئەو پۆستەیان هەر نەبووە کە پێی خانەنشین کراون.

هاوار شێخ رەئوف، ئاماژە بەوەش دەکات؛ ئەو کەسانەی کە پۆستێک نابینو دواتر بەو پۆستە خانەنشین دەکرێن، ئەوە غەدرێکی گەورەیە لە پارەی گشتییو کۆمەڵگە دەکرێتو گەندەڵییە بە شێوەیەکی روونو ئاشکرا.

ناوبراو بڕواشی وایە، کە پێویستە لە مووچە بە گشتییو مووچەی خانەنشینیدا جیاوازییەکە ئەوەندە زۆر نەبێت کە چینایەتی دروست بکات.

## پاشماوەی... رۆژنامە پیلانی پەلاماردانی گردەکە ...

بڕیاریش دراوە کە پەنا بۆ هێزی سەربازیی ببرێت بۆ پەلاماردانی گردەکەو بزووتنەوەی گۆڕان، هەر بۆیە هێزە فەرمییەکانی حیزبو حکومەت کەوتنە ئامادەباشییەوەو جوڵەی سەربازیی بەهێزە فەرمییەکان کراو چەندین تانک هێنرانو بەرامبەر گردی زەرگەتە دانران. لەبەرامبەردا هەڵسوڕاوێکی گۆڕان ئەوە دەخاتەڕوو: پاش بەدرۆکەوتنەوەی دەزگا ئەمنییەکانو ئەو زانیارییە بەناو نهێنییانە، ئەمڕۆ دەسەڵاتو بەتایبەت مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزب، رووبەڕووی قەیرانێکی تر بوونەتەوەو ناتوانن پاساوی ئەو هەموو ترسو شڵەژانە بدەنەوە کە تووشی هاتنو کاردانەوەی خراپی لەسەر (پ.م) و ئەندامەکانیان لێکەوتووەتەوەو ئێستا ئەندامەکانیان بەئاشکرا ئەو پرسیارە دەکەن، ئەگەر بە بەیانێکی گۆڕان ئەوە حاڵیان بێت، ئەی ئەگەر خەڵک راپەڕیو هاتە سەر شەقام، حاڵیان چۆن دەبێتو چی دەکەن؟!



پێویستە بگەنە خەتێکی هاوبەشی کارکردنو فشارەکانیان بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات زیاتر بکەن

# ئۆپۆزسیۆنی هەرێم، سنوورێک بۆ گەمەی دەسەڵات دادەنێت

## ئاساییە پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ دەسەڵات گەرمتربێت لە پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆن؟

ڕاپۆرتی: دلێرعەبدولخالق

گوتاری گۆڕینی بزووتنەوەی گۆڕانو چەمکی چاکسازیی لای کۆمەڵو یەکگرتووی ئیسلامیی، دوو هێڵی جیاوازی کارکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمن، کە لێیەوە دەسەڵاتی سیاسیی دزە دەکاتە ناویانەوەو لە بەئاکامگەیشتنی ئامانجە هاوبەشەکانیان دووریان دەخاتەوە.

بە (٣٥) پەلەمانتارەوە، (١٨) مانگە سێ هێز بڕیاریانداوە ببنە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی هەرێمو بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی ئیداریی پارتیو یەکێتی، بەڵام وەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن؛ لەدەرەوەی پەرلەمانی کوردستاندا کەمترین هەماهەنگیو پلانی ستراتیژیی هاوبەشیان هەیە، لە بارەی هۆکاری ئەو دۆخەش هەر لایەنەو پەنجە بۆ لایەنەکەی تر ڕادەکێشێت.

کۆتایی مانگی ڕابردوو، بەیاننامەکەی گۆڕان، گۆمی مەنگی سیاسیی هەرێمی شڵەقاند، دوا بەدوای کاردانەوە توندەکەی دەسەڵات، هەموو هێزەکانی تر بە ئۆپۆزسیۆنو حیزبە سێبەرەکانەوە هەڵوێستی نەرێنییان دەربڕی، ئەم پەرچەکردارە لە کاتێکدا بوو داخوازییە (٧) خاڵییەکەی گۆڕان گرنگترین خەتی ئیشکردنی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانە.

لەو چوارچێوەیەدا، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی بە بیانووی ڕاوێژنەکردنی گۆڕان پشتیوانیی ڕاستەوخۆیان لە بەیانەکە نەکردو ماشێنی ئیعلامی یەکێتیو پارتیش بەشێک لە سەرکردەکانی پارتە ئیسلامییەکانی جوڵاند تا لێدوانی دژ بە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بسازێننو خزمەت بە ستراتیژی مانەوەی دەسەڵات بکەن.

ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی ڕایگەیاند: «مەرج نییە، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە هەموو شتێکدا وەک یەک بن، بە تایبەت لە بابەتێکدا کە ڕاوێژو هەماهەنگیی نەبێت جیاوازیی بە مانای دوژمنایەتیو پشتتێکردنی یەکتر نییە».

لای خۆشیەوە، محەمەد حەکیم، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی ئاماژەی بەوە کرد؛ لە سەرەتای دروستبوونی سێ فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکە، سروشتی کاری هاوبەش لاوازیی پێوە دیارەو زۆرجار لە هەڵوێستو کرداریشدا ڕەنگیداوەتەوە، وتیشی: «لەسەر ئەو پرسانەی پەیوەستن بە ڕای گشتیی خەڵکی کوردستانەوە، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بە یەکەوە کار ناکەن».

بە بڕوای د.جەعفەر عەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان سیاسەتی ستراتیژیی بزووتنەوەی گۆڕان جیاوازییەکی قووڵی هەیە لە کارکردنی یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی، ئەمەشی بە حاڵەتێکی ئاسایی وەسفکردو وتی: «لە بەرامبەر کارکردنی جەماوەرییو ڕوانینیان بۆ حکومەتو پەرلەمانو ئایندەی سیاسیی، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان هەڵگری بیروبۆچوونو ئایدیای سیاسیی تایبەت بە خۆیانن، هەرچەندە ئەم جیاوازییانەش بە شێوەیەک نییە دەرفەتی کارکردنی هاوبەشت بۆ نەدۆزرێتەوە».

بەدەر لە خاڵەکانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانو حکومەت، پێنج خاڵەکەی تری بەیاننامەکەی گۆڕان وەک خۆشیان ئاماژەی پێدەکەن داواکاریی کۆمەڵو یەکگرتووی ئیسلامیشە، بەڵام لە شێوازی دەربڕیندا ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیی بە ئاوازێکی نەرم بەرامبەر پارتیو یەکێتی بەکاری دەهێنێتو گۆڕانیش لەناو هێڵە سوورەکانەوە ئیش لەسەر جومگە هەستیارەکانی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە دەکات.

لێرە پرسیار لەوە دەکرێت، ئەگەر خاڵە هاوبەشەکانی ئۆپۆزسیۆن زیاترن لە جیاوازییەکان، بۆچی پرۆژەی هاوبەش نایەتە کایەوە؟ ساردیی پەیوەندییەکانی ئۆپۆزسیۆن تاچەند بە سوودی پرۆژەو ئامانجی هاوبەشیان دەشکێتەوە؟ تا چەندە لە عورفی سیاسیدا ئاساییە پەیوەندیی نێوان ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ دەسەڵات گەرمتربێت وەک لە ئۆپۆزسیۆن؟ نەبوونی هەماهەنگیی سیاسییو کۆبوونەوەی دەوریی نێوان سێ هێزەکە، کێ لێی بەرپرسە؟

ئەبوبەکر عەلی، وتی: «وا چاوەڕوان دەکرێت هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان پێکەوە هەماهەنگییان هەبێت، چونکە خاڵە هاوبەشەکانیان زۆر زیاترە لە جیاوازەکان، ئۆپۆزسیۆنبوون خاڵێکی هاوبەشی گەورەیە، بەڵام بۆ ئەوەی خەباتی هاوبەش بێتە کایەوە، دەبێت ئامانجی هاوبەشو شێوازی هاوبەش بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە بوونی هەبێت».

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو، ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئاساییە هێزە حوکمڕانەکان لە کاتی قەیراندا بە شێوەیەک مامەڵە بکەن، حەزنەکەن هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان خاوەنی یەک گوتاری هاوبەش بن، بەڵام هۆکاری ساردیی نێوانیان ئۆپۆزسیۆن خۆیانن، نەک دەسەڵات، چونکە ڕەچاوی هەستیارییو باری سەرنجی یەکتر ناکەنو گیانی بەیەکەوە ئیشکردن زۆر لاوازە.

کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیش ئەوەی خستە ڕوو؛ هاودەنگن لەگەڵ زۆربەی داواکارییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵام ئەو هاودەنگییە پێویستی بە ڕاوێژو هەماهەنگیی هەیە.

محەمەد حەکیم، وتیشی: «ئێمەش لەگەڵ گۆڕانکاریداین، بەڵام لەسەر بنەمای کاری هاوبەشو وتوویژی هاوبەش، ئێمە وەک ئۆپۆزسیۆن دەبێت بەرنامەیەکی هاوبەشمان هەبێت، بە تایبەت لەسەر ئاستی سیاسیی باڵا هەست بەبوونی پلانو ستراتیژیی ناکەم».

د.جەعفەر عەلی، پەرلەمانتاری گۆڕان ڕوونیکردەوە؛ دەسەڵاتی هەرێم بە شێوەیەک ئۆپۆزسیۆنی قبووڵە وەکو ئەو بیر بکاتەوە، وەک ئەو بۆ سیاسەت بڕوانێت، هەمان پێناسەی ئەوی هەبێت بۆ بەرژەوەندیی گشتییو چەمکەکانی تری حوکمڕانیی، ئەم تێڕوانینە لە کاتێکدایە کە ئۆپۆزسیۆن لە دەسەڵات چوو، سیفاتی ئۆپۆزسیۆنبوون لەدەست دەدات.

ئەو پەرلەمانتارە پشتوانیی لە پرۆژەکەی بزووتنەوەی گۆڕان دەکاتو دەڵێت: «بەیاننامەکە سەلماندی ئۆپۆزسیۆنەو لە قاڵبی گوناهی سیاسیدا نییە، بەڵام بەداخەوە زۆرجار سەرۆکایەتی هەرێم بەناوی دەزگای سەرۆکایەتییەوە هەوڵدەدات ئۆپۆزسیۆن لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئەجێندای کاری سیاسیی خۆی بەکاری بهێنێتو لە کۆبوونەوەی (١٩) حیزبەکەدا سەرۆکایەتی هەرێم بە دیقەت ئەوەی کرد».

لێدوانی بەرپرسانی ئۆپۆزسیۆن جۆرێک لە گلەیی بەرامبەر یەکتر لێ دەخوێندرێتەوە، هەر لایەنەو دەیەوێت پاساوی لۆژیکی بۆ ئەو دۆخە ناتەندروستەی نێوانیان بێنێتە بەرچاو.

محەمەد حەکیم، لە کۆمەڵی ئیسلامیی لە بارەی نەبوونی کۆبوونەوە سیاسییەکانی نێوانیان، پێیوایە؛ پشکی شێر لە نەبوونی کۆبوونەوەو هەماهەنگیی سێ لایەنەکە بەر گۆڕان دەکەوێت، هەرچەندە ئەوەشی وت: «ئەوانیش ناحەقیان نییە، چونکە خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەو شێوەی پەیوەندییەکانیانن».

ئەبوبەکر عەلی، لە یەکگرتووی ئیسلامیی ڕای وایە؛ جگە لە لاوازیی کەلتووری ئۆپۆزسیۆنو ئیدارەنەکردنی ئەو کێبڕکێ سروشتییەی لەنێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنەکاندا هەیە، ڕێکنەکەوتن لەسەر دروشمێکی ناوەندیی بۆ قۆناغەکە، لەمپەرێکی گەورەی سیاسەتی کارکردنە، بە تایبەت ئیسلامییەکان دیدێکی ریفۆرمخوازییان بۆ دۆخەکە هەیەو هەرچی گۆڕانیشە گۆڕانخوازە.

لەو چوارچێوەدا، جەعفەر عەلی، لە گۆڕان دەڵێت: «ئێمە شەڕ لەسەر بەرژەوەندیی گشتیی دەکەین، بۆ نموونە ئامادەنین لیستێک بدەین بە دەسەڵات، بڵێین؛ ئەوانەمان بۆ دامەزرێننو خەڵکانێکی تر فەرامۆش بکەن، ئێمە دەمانەوێت هەموو ئەو هاوڵاتییانەی مافی دامەزراندنیان هەیەو دانامەزراون، حکومەت هەلی کارکردنیان بۆ بدۆزێتەوە».

چاودێرێکی سیاسیش جەختدەکاتەوە؛ زۆر خاڵی هاوبەش لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە، کە پێویست دەکات برەو بەو خاڵانە بدەنو ڕووبەڕووی فشارەکانی دەسەڵات ببنەوە.


د.کامەران مەنتک، ڕایگەیاند: «بۆ ئەوەی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ سەنگێکی زیاتر دروستبکەنو ڕێگە لە دەسەڵات بگرن بە ئارەزووی خۆی بەکاریانبهێنێت، پێویستە بگەنە خەتێکی هاوبەشی کارکردنو فشارەکانیان بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات زیاتر بکەن».



سروشتی کاری هاوبەش لاوازیی پێوە دیارەو زۆرجار لەهەڵوێستو کرداریشدا ڕەنگیداوەتەوە



دەسەڵاتی هەرێم بەشێوەیەک ئۆپۆزسیۆنی قبووڵە وەکو ئەو بیر بکاتەوە



ئۆپۆزسیۆن خاڵی هاوبەشیان زۆر زیاترە لە خاڵە جیاوازەکان

# گۆڕان لە بەغدا پرۆژەیەک بۆ ڕێگریی هێزی چەکدار دەداتە پەرلەمان

سەنگەر جەمال

پەرلەمانتارێکی گۆڕان پرۆژەیەک بۆ ڕێگریی هێزی چەکدار لە کاروباری سیاسییو هەڵبژاردن پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکاتو تێیدا داوا دەکات؛ کە سوپاو هێزە چەکدارەکان لە ململانێ سیاسییە ناوخۆییەکاندا بەکار نەهێنرێنو ڕێگرییو قەدەغەکردنی ئەو حاڵەتەش بە یاسا ڕێکبخرێت.

سەردار عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئەمنو بەرگریی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، باس لەوە دەکات؛ لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پرۆژەیاساکەی ئامادە کردووەو مەبەست لێی ئەوەیە، کە سوپای عێراقو هێزە چەکدارەکان لەناو عێراقو کوردستاندا بە یاسا ڕێکبخرێنو ڕێگریی ئەوەیان لێبکرێت کە لە ململانێی سیاسیداو دژی لایەنە سیاسییەکان بەکار بهێنرێت.

ئەو پرۆژەیاسایە لە کاتێکدایە بەپێی دەستووری عێراق، نابێت میلیشیا هەبێتو دەبێت سوپاش بێلایەن بێتو نابێت بۆ مەبەستی سیاسیی بەکار بهێنرێت، هەروەک سیستمی سیاسیی عێراق بەو شێوەیەیە کە وەزیری بەرگرییو ناوخۆ کەسانی مەدەنی بن، نەک عەسکەریی.

لەو بارەیەشەوە سەردار عەبدوڵڵا، وتی: «ئەوە لە دەستووردا هاتووە، بەڵام ئەگەر سوپاو هێزە چەکدارەکان لە عێراقو کوردستان لە ململانێ سیاسییو ناوخۆییەکاندا بەکار بهێنرێت، دەبێتە خەرقی دەستوور، بەڵام یاسایەک نییە کە ئەوە ڕێکبخاتو دیاریکرابێت سزاکانی چییەو چۆنە، دەبێت ئەوە بەپێی یاسا ڕێکبخرێت، من لەگەڵ چەند پسپۆڕو ڕاوێژکارێکی یاسایی خەریکی گفتوگۆمو هاوکاریم دەکەن بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی تۆکمەو بێ کەموکورتی پێشکەش بکەین».

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان لە بەغدا هۆکارەکانی بیرۆکەی پرۆژەیاساکە بۆ مەترسییەکان لە بەکارهێنانی سوپاو هێزە چەکدارەکان دەگەڕێنێتەوە لە کاتی ململانێ سیاسییەکانو هەڵبژاردنەکانداو ئاماژە بەوە دەکات؛ کە سەرچاوەگرتنی بیرۆکەکە دوولایەنەیەو پێشترو لە سەردەمی ڕژێمدا هەرچی ململانێ هەبووە لە عێراق بە سوپا چارەسەر کراوە، لە کاتێکدا سوپا ئەرکەکەی بەپێی دەستوورو عورفەکەی لە دنیادا پاراستنی سنوورەکانە، نەک بێتە شارەکانو شوێنە مەدەنییەکان، پرۆژەیاساکەش بۆ ئەوەیە لە داهاتوودا لە عێراقدا هیچ کەسێک سەرکێشیی نەکاتو سوپا لە ململانێ ناوخۆییەکان بەکاربهێنێت، هەروەها لە کوردستانیش هیچ کەسێک هێزە چەکدارەکان بە ئاسایشو پۆلیسو پێشمەرگەوە لەو مەسەلانە نەخاتە کارو لەپێناو مەرامە حیزبییەکانی بەکاریان نەهێنێت، ئەو پرۆژەیاسایە بۆ ئەو ئامانجانە ئامادە کراوە».




لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بە ڕۆڵی هێزە کوردستان پارێزەکانو پێویستی بەخشینی مافەکانیان کردوو لەو ڕووەوە وتی: «لە کوردستاندا پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایش هەیە، کە خزمەتمان دەکەنو بە ئازایەتیو ڕۆحی خۆیان سەرو ماڵو کەرامەتی ئێمەو ئەمنیەتی وڵات دەپارێزن، بۆیە دەبێت هەموو مافی خۆیان وەربگرنو نابێت غەدریان لێبکرێتو جیاوازیی هەبێت لە ئیمتیازو مووچەیان لەگەڵ هاوتاکانیان لە عێراق، وتیشی: «هەوڵدەدەین ئەو هێزانە یەکبخرێنو مەرجەعیەتیان سەر بە مەرجەعیەتە یاساییەکان بێت، نەک حیزبە دەسەڵاتدارەکان، ئەوەش داکۆکییە لە مافێکی مەعنەویی ئەوان بۆ ئەوەی لە قۆرغکردنو دواکەوتەیی بۆ سەرکردەو حیزبە دەسەڵاتدارەکان بێنە دەرێو ببنە هێزێکی نیشتمانیی کە خزمەتی وڵات دەکەن».

راپۆرت

## حکومەت بە زیادکردنی ٢ ترلیۆن بودجەی ناردەوە پەرلەمان

سەنگەر کوردە: ئەنجومەنی وەزیران دوای هەندێک گۆڕانکاریی بودجەی گشتیی ساڵی (٢٠١١)ی پەسەندکرد، بە شێوەیەک بودجەکە لە (٩٤) ترلیۆنەوە بۆ زیاتر لە (٩٦) ترلیۆن زیادکرا، پەرلەمانتارێکیش دەڵێت: «بڕیارە هەفتەی داهاتوو دوای گفتوگۆ لە ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند بکرێت».

د.بایەزید حەسەن، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «دوای هەندێک گۆڕانکاریی لە تەرخانکردنی بڕێک پارە بۆ قەرەبووی کەموکوڕیی بەشە خۆراکی مانگانەو کەرتی کشتوکاڵ، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق رەشنووسی بودجەی گشتیی ساڵی (٢٠١١)ی پەسەندکرد».



# دەزگا راگەیاندنەکەی سەرۆکی حکومەت
# بۆ مەبەستی سیاسییو چەواشەکاریی، دەستکاریی چەندین وتەو لێدوان دەکات

راپۆرتی: رۆژنامە




دەزگای راگەیاندنی خەندان کە خاوەندارییەکەی د.بەرهەم ساڵحی سەرۆکی حکومەتە، بەبێ رەچاوکردنی ئیتیکی رۆژنامەوانییو بۆ مەرامو مەبەستی سیاسیی وتەو لێدوانی بەرپرسانو پسپۆڕان بەکاردەهێنێت، ئەوەش نیگەرانیی سەرجەم ئەو کەسو لایەنو پسپۆڕانی راگەیاندنی لێدەکەوێتەوە.

دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان کە لە سەرەتای هەفتەی رابردووەوە بەهۆی نارازیبوون لە ئەدای حکومەتو پەرلەمان دەریکردو لە حەوت خاڵدا داوای چاکسازیی سیاسییو ئیداریی لە هەرێم کرد، کەناڵەکانی دەزگای خەندان (ماڵپەڕی خەندانو رۆژنامەی ئاسۆ) لێدوانێکی د.محەمەد ئەحمەدی سەرۆکی شورای یەکگرتووی ئیسلامیی بڵاوکردەوە، بە شێوەیەک کە رەخنە لە گۆڕان دەگرێتو وەک رای یەکگرتوو تەوزیفکراوەو سایتی خەندان مانشێتی «یەکگرتوو: کەسێک ماڵی لە شووشە بێت، نابێت بەرد بگرێتە ماڵی کەس»، هەواڵەکەیان بڵاوکردەوەو بۆ رۆژی دواتریش رۆژنامەکانی ئاسۆ ژمارە (١٣٩٩)و کوردستانی نوێ ژمارە (٥٣٩٤) بە مانشێت وا بڵاویان کردەوە، کە «یەکگرتوو بە توندیی وەڵامی بزووتنەوەی گۆڕان دەداتەوە».

دوابەدوای ئەو هەواڵانە، د.محەمەد ئەحمەد، روونکردنەوەیەکی لەسەر هەواڵەکان بڵاوکردەوەو رایگەیاند: ئەوەی لەو دوو رۆژنامەیە بڵاوکراوەتەوە هەڵوێستی فەرمیی یەکگرتوو نییەو لێدوانەکەشم دەستکاریی کراوە.

محەمەد ئەحمەد، لە روونکردنەوەکەیدا بۆ رای گشتیی وتوویەتی: «هەڵوێستی فەرمیی یەکگرتوو ئەو بەیاننامەیە کە مەکتەبی سیاسیی لە (١/٣٠) بڵاویکردەوە، ئەو لێدوانەی منیش دەستکاریکردنو تەوزیفی سیاسیی پێوە دیارەو نەدەبوو وای لێبکەن، هەروەک نەدەبوو بە هەڵوێستی یەکگرتوو بناسرێت».



**د. محەمەد: لێدوانەکەم دەستکاریکراوەو تەوزیفی سیاسیی پێوە دیارەو نەدەبوو وای لێبکەن**

دوابەدوای ئەو روونکردنەوەیەش وتەبێژێک بەناوی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتییەوە لە ژمارە (٥٣٩٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ سەبارەت بە لێدوانەکەی د.محەمەد، روونکردنەوەی داوەو بە ناوی مەکتەبی راگەیاندنەوە داوای لێبووردنی کردووەو دەڵێت: «ئەوە ئلتیباس بووە لە تێگەیشتن لە هەواڵەکە، کە لە سایتی خەندان وەرگیرابوو».

هەر لەو سەروبەندەداو دوای بڵاوبوونەوەی دیداری رووبەڕوو لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، لە کەناڵی ئاسمانیی (KNN)ەوە، سایتی خەندان بۆ هەمان مەبەستو بۆ مەرامی سیاسییو چەواشەکاریی هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە لەژێر ناوی (نەوشیروان مستەفا: لەگەڵ هەڵوەشانەوەی دەزگاکانی زانیارییو پاراستن نیمو زەروورن)، لە کاتێکدا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان لەو دیدارەدا بە هیچ شێوەیەک قسەی لەو جۆرەی نەکردووە، بەڵکو جەختی لەوە کردەوە؛ کە ئەو دامەزراوانە کاتێک پێویستە هەبن کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا بن.

دوابەدوای ئەوانەش سایتی خەندان دوو هەواڵی دیکەی بە مەرامی سیاسیی بەکارهێناوەو تەحلیلی بۆ کردوون، لە کاتێکدا ئەرکی هەواڵ تەنیا گەیاندنی زانیارییو رووداوە وەک خۆی، نەک ئەوەی بە ئاراستەی دژایەتی لایەنێک تەحلیلی شەخسیی بۆ بکرێت.

لە یەکەمیاندا کورتەی لێدوانێکی د.هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای زانکۆی سلێمانی بڵاوکردووەتەوە، کە پێشتر سەرجەم وتەکانی لە لێدوانێکداو وەک هەواڵ لە سایتی سبەی بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەم سایتەدا بەشێکی وتەکانی بە نیوەناچڵی دەرهێنراون بۆ مەبەستی سیاسیی تەوزیف کراون، بەوپێیەی لەو سایتەدا وا بڵاوکراوەتەوە د.هەڤاڵ، دژی بەیاننامەکەی گۆڕانە، ئەوە لە کاتێکدایە بە هیچ شێوەیەک لەو لێدوانەیدا بۆ سبەی باسی لەوە نەکردووە دژی بەیاننامەکە بێت.

د. هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای زانکۆو پسپۆڕی بواری راگەیاندن، لەبارەی ئەو دۆخەو دەستکاریکردنی وتەو لێدوان لەلایەن رۆژنامەنووسو کەناڵی راگەیاندنەوە، بۆ رۆژنامە وتی: «ئەوە دوو جۆر لادانە، یەکەمیان لادانە لە بنەما ئیتیکییەکان، چونکە هەر شتێکت لە سیاقدا لە کۆنتێکستی خۆی دەرهێناو واتاکەیت وەک واتا بنەڕەتییەکە نەگەیاند، تەنانەت ئەگەر بە وشەی تریش دایبرێژیتەوە یان بتەوێت باشتریشی بکەیت، بەڵام نەتوانیت واتاکەی بۆ بگەیەنیت، کەواتە غەدرت لەو تێکستە کرد، چ جای لەم بارودۆخەی ئێستادا ئەگەر بێیت دەستکاریی لێدوانەکان بکەیت یان بەشێکی لەدەرەوەی سیاقە گشتییەکە وەربگریت، ئەوە لادانێکی ئاشکرایە لە بنەما ئیتیکییەکان، چونکە کەسێتی ئەو کەسەی لێدوانی داوە، لای وەرگرەکانی دەشێوێنیت».

ئەو پسپۆڕە، بنەما یاساییەکان بە لادانی دووەم دادەنێتو پێیوایە ئەگەر ئەو دەستکاریکردنە بە رادەیەک بوو تەواو ئەو واتایانەی شێواندبوو، ئەوا لێکەوتەی یاسایی دەبێتو «دەتوانیت لە دادگاکان داوای یاسایی تۆمار بکەیت لەسەر ئەو کەناڵەی کە بەبێ ئەوەی ئەو لێدوانەت لەو چوارچێوەیەدا بێت، بڵاوی کردووەتەوە».



**د. هەڤاڵ: ئەوە دوو جۆر لادانە، یەکەمیان لادانە لە بنەما ئێتیکییەکان، دووەم لە بنەما یاساییەکان**

ئەو وتانە لەکاتێکدایە لە هەواڵێکی دیکەی هەمان سایتدا کە لە (٢/٢) بڵاوبووەتەوەو تایبەتە بە دەستلەکارکێشانەوەی بەرپرسی بەشی دۆکیۆمێنتاری کەناڵی ئاسمانیی (KNN)و لە کۆتایی هەواڵەکەدا تەحلیلی ئەوەی بۆ کراوە کە پێشتریش چەند رۆژنامەنووسێکی دیکە وازیان هێناوە بەهۆی یەکلایینەبوونەوەی ئەو کەناڵە بۆ سیاسەتەکانی بزووتنەوەی گۆڕانو بێلایەن نەبوونی، لە کاتێکدا ئەوە تەحلیلێکە کە پشتبەستوو نییە بە هیچ ئامارو بەڵگەنامەیەک، جگە لەوەی فرمان عەبدولڕەحمان، بەرپرسی ئەو بەشە بە هۆی کاری دیکەو سەرقاڵییەوە دەستی لەکار کێشاوەتەوە، نەک ئەوەی لە هەواڵەکەدا باسکراوەو لە لێدوانێکیشیدا بۆ رۆژنامە فەرمان عەبدولڕەحمان وتی: «من لەبەر سەرقاڵیم بە کاری شەخسی خۆمەوە گرێبەستەکەم لەگەڵ (KNN) تازەنەکردووەتەوە، نەک مەسەلەی سیاسیی، وەک ئەوەی سایتی خەندان لە هەواڵەکەدا وای نووسیوە».

## پەرلەمانی عێراق بە بەردەوامیی مەحزەری کۆبوونەوەکان بڵاودەکاتەوە
# پەرلەمانی کوردستان مەحزەری کۆبوونەوەکانی ناخاتە سەر ماڵپەڕەکەی

بەهادین یوسف

رێگرتن لە بەشداریکردنی کەناڵەکانی راگەیاندن لە دانیشتنەکانو بڵاونەکردنەوەی مەحزەری کۆبوونەوەکان. وایکردووە خەڵک ئاگاداری وردەکاریی دانیشتنو گفتوگۆکانی ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان نەبێت.

سەرەتای خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، بە بڕیارێکی سەرۆکی پەرلەمان ئامادەبوونی کەناڵەکانی راگەیاندنی لەناو هۆڵی دانیشتنەکانی پەرلەمان قەدەغەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا هیچ رێگەیەکی دیکە نەگیراوەتەبەر بۆ بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکو دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان.

د.ئەحمەد وەرتێ، جێگری سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیرییو راگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان لەو رووەوە بە رۆژنامەی وت: «بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەبێت کۆبوونەوەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام بدرێن، بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان پێویستە بگاتە خەڵکو رای گشتیی، تا بزانن چی لەناو پەرلەماندا دەگوزەرێت، ئەمە کارێکی زۆر گرنگە».

تائێستاش لە سایتی رەسمیی پەرلەمانی کوردستانیش مەحزەری خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بڵاو نەکراوەتەوە، پێچەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە جگە لەوەی دانیشتنەکانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەخش دەکرێت، چەند رۆژێکی کەم دوای ئەوەش مەحزەری تەواوی کۆبوونەوەکان لە وێبسایتی ئەنجومەنی نوێنەراندا وەک خۆی بڵاودەکرێتەوە.




جێگری سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیرییو راگەیاندن لەو بارەیەوە وتی: «تائێستا لە پەرلەمان تەنیا سایتێکمان هەیە، ئەویش پێویستی بە کاراکردنی هەیەو کۆمەڵێک پێشنیار خراوەتە روو، بۆ ئەوەی کارا بکرێت، تا بتوانێت هەموو چالاکییەکانی پەرلەمانو لیژنەکان بگوازێتەوە بۆ رای گشتیی، ئەوەی تائێستا دەبینرێت کەموکوڕیی بە سایتەکەوە دیارە، هەوڵەکانیش نزیکبوونەتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەناڵە ئاسمانییەی پەرلەمان بکەوێتە کار، ئەمەش رەنگە هەنگاوێکی باش بێت بۆ ئەوەی بتوانێت تەواوی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بگوازێتەوە بۆ رای گشتیی، جگە لەوەی راگەیاندنەکانی تریش کە مافی خۆیانە کۆبوونەوەکان بگوازنەوە».

بەپێی بڕگەی (٩) لە پەیڕەوی ناوخۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بە شێوەیەکی ئاشکرا دەکرێت، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت، گەر سەرۆک، یان چوار یەکی ئەندامانی ئامادەبوو داوای بکەن بە شێوەیەکی نهێنیی بێت.

دەربارەی بڵاونەکردنەوەی مەحزەرو وردەکاریی کۆبوونەوەکانیش د.ئەحمەد وەرتێ، وتی: «کۆبوونەوەکانی پەرلەمان مادام گشتین، پێویستە بە ئاشکرا بکرێتو هیچ شاراوە نییە، چونکە باس لەو پرسانە دەکەن کە پەیوەندییان بە کاروباری گشتیی میللەتەوە هەیەو پەیوەندییان بە یاساو بڕیارەکانەوەیە. پێویستە میللەت ئاگای لێبێت، هیچ یاسایەک نییە کە رێگریی لەوە بکات نە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، نە دەستووری عێراقو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانو یاسای سەرۆکایەتی هەرێمو یاسای هەڵبژاردنەکان، رێگەی لەوە نەگرتووە کە مەحزەری کۆبوونەوەکان بگاتە خەڵک، لە راستیشدا دەبێت وردەکاریی هەموو کۆبوونەوەکان بگوازرێنەوە بۆ خەڵک».

راپۆرت



## سیاسەت لە کوردستاندا لە چەمێکی وشک دەچێت کە مەلەی تێدا ناکرێت

روونـاکـبیران هۆشداریـ

# فاروق رەفیق: واویلا بەو لەحزەیەی ئەم نەتەوەیە بە کاملی هۆشیـ

راپۆرتی: بەهادین یوسف





روونـاکـبـیـرانو لێکۆڵەرانی کورد، پێیانوایە؛ شەپۆلی شۆڕشو راپەڕینەکانی تونس کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیەو بەهۆی بوونی چەندین پەیوەندیی بونیادییو خەسڵەتو کلتووری هاوبەشەوە، ئەگەری بەرکەوتنی پزیسکی تیشکی راپەڕینەکانی بۆ سەر کورد زۆرە.

نـووسـەران هـاوڕان لەسەر ئـەوەی سیستمی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان تووشی شکست بووە، سیاسەتکردن بووەتە کاری ژمارەیەک کەس کە لە بازنەیەکی تەسکدا دەخولێنەوەو ئاسۆیەکی بیرکردنەوەی فراوانیان نییەو رێگە بە بەشداریی سیاسیی هاونیشتمانیان نـادەنو حیزبایەتکیردن وەکـو بازرگانیکردن دەبینن‌و کاریگەریی کلتووری عەرەبیان لەسەرە.

بە بۆچوونی ئەو رۆشنبیرانە پەیوەندییو هاوشێوەیەکی زۆر لەنێوان وڵاتانی تونسو میسر لەگەڵ کوردستاندا هەیەو فاکتەرەکانی شـۆڕشو راپەڕینەکانی ئـەو دوو وڵاتە بوونیان هەیە لە کوردستان لە مۆدێلی حوکمڕانییو قۆرغکردنی سیاسەتو بازاڕو رێکخراوەکانو کۆی کۆمەڵگە.

د.فـاروق رفیق، رووناکبیرو تـوێـژەری بـواری فـەلـسـەفـە لـە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی ئاسمانیی (KNN) سەبارەت بە بەراوردکردنی هەرێمی کوردستان بە باشووری سودان وتی: «ئەوانەی بەراوردی جنوبی سودانو کوردستان دەکـەن، گاڵتە بە عەقڵی خەڵکی دەکەن، ئەوەی لە جنوبی سودان روویدا دەبوو لە ساڵی (٢٠٠٣) لە کوردستان بکرایە، ئەمەش شکستی سیاسەتە لە کوردستاندا، دەبوایە لە (٢٠٠٣)دا سیاسییەکانی کورد سەرقاڵی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق نەبن وەکو ئەوەی کە ئێستا هێواش هێواش خۆی مانیفێست دەکات کە کورد بەرەو چی ئاقارێک دەبات، ئێستا تەعریبکردن لە جاران زۆرترە، کورد رۆژ بە رۆژ قورسایی هێزەکەی لە بەغدا لەدەستدەدات، ئەمە کارەسات بوو روویـدا لەناو سیاسیی کـوردا کـە نەیتوانی، شەرمنە، جورئەتی نییە، خاوەنی ئـیـرادە نییە، ناتوانێت خـەون ببینێت، خەیاڵی پوچ بووەو تەواو وشکبووەتەوەو خەیاڵدانی سیاسیی کـورد وشـکـبـووەتـەوەو قودرەتی نییە، ئیرادەی نییە، سیاسیی هەیە رادەبوێرێت بە خەڵکانی وەکو ئێمە کە باسی دەوڵەتی کوردی دەکەین، دەڵێت؛ ئەوە خەونی شاعیرانەیە، لە دنـیـادا سیاسیی هەیە وا بە میللەتی خۆی بڵێتو رابوێرێت؟! دەزانیت دەوڵەتی کوردی، یان مافی چارەی خۆنووسین یانی چی؟ یانی سـەروەریـی تۆ، تاکو سەروەریت نەبێت سەروەریی ماڵی خۆت نیت».



سەبارەت بە کاریگەریی شەپۆلی نـاڕەزایـیـەکـانـی تـونـسو میسرو پەیوەندییان بە کوردەوە د.فاروق رەفیق، دەڵێت: «حەپەساوم لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە دەڵێن؛ هیچ پەیوەندییەک نییە لەنێوان ئێمەو ئەوان، وەکو ئەوەی لە مەریخ بن، پەیوەندیی بونیادییو ستراکچەریی هەیە لەنێوان ئێمەو میسرو تونسدا، لە بیرو باوەڕی بۆچوونماندا بونیادی عـەقـڵـی، عـەقـڵـی ئێمە هـەمـان بونیادی عەقڵی عەرەبەکانە، ئێمە بە هەزار کاریگەریی لەژێر کلتووری عەرەبدابین، عەرەبی ئیسلامیداین، مـێـژووی ستەمکاریی ناوچەکە مێژووی ستەمکاریی ئێمەشە».

درێـژە بە خاڵە هاوبەشەکان دەداتو دەڵـێـت: «سیاسەت لە کوردستاندا لـە چەمێکی وشک دەچێت، کە مەلەی تێدا ناکرێت. لەبەر ئـەوەی سیاسەت بە مانای ئیدارەکردنی ژیان، پرسیارکردن لە چاکەی گشتیی، لە خزمەتکردنی بـەرژەوەنـدیـیـە گشتییەکانی هـاونـیـشـتـمـانـیـان، بـە مـانـای بەشداریی هاونیشتمانیان لە پرۆسە سیاسییەکەدا، بەم مانایە سیاسەت لـەم وڵاتـەدا هـی مـنو تـۆ نییە، ئەم فۆرمەی گوایە بەشداریی تۆ کورتبکرێتەوە چوارساڵ جارێک لە پرۆسەیەکی دیموکراتیداو بەشداریی لە هەڵبژادنێکدا بکەیت، بەڵام سەد فیڵ بکەیت، تەزویر بکرێت، پاسەکان ریز بکەیت بڵێی یەڵڵا بۆ تەزویر، وەکـو ئـەوەی لە دوا هەڵبژاردندا کرا، ئەمەمان پێ بفرۆشیتەوە بە ناوی دیموکراسییەوە تا چوارساڵی تر ئێمە بۆمان نەبێت قسە لەسەر سیاسەتەکانی ئێوە بکەین، ئەمە سیاسەت نییە، بەڵکو مەرگی سیاسەتە، لەبەر ئەوەی پرسیاری گرنگ تەرح ناکرێت، فەزای گشتیی داگیرکراوە، هەر بوونی میدیایەکی حیزبیی کە خەڵک بۆمباران بکات بە هەندێک تەسەورات کە شێواندنی واقیعو حەقیقەتە، ئەمە خۆی مانای مەرگی سیاسەتە، لەبەر ئـەوەی سیاسەت لێرە بەم مانایەیە».



هـاوکـات د.بـورهـان یاسین، نـووسـەرو تـوێـژەری سیاسییو مامۆستای زانکۆی لۆند لە سوید، لـە بابەتێکدا کـە لـە ماڵپەڕی تایبەتی خۆی بڵاویکردووەتەوە بە ناونیشانی (گۆڕان لەنێوان فشاری شەقامو دەسەڵاتێکی داخـراودا)، تیشکی خستووەتە سەر کاردانەوەی راپەڕینەکانی میسرو تونس لەسەر هەرێمی کوردستانو بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕانو کاردانەوەکانی دەسەڵات لە دژی.

لە سەرەتادا نووسیویەتی: «لە وڵاتی ئێمە کەسانێک کاربەدەستن، کە نـەک هـەر حوکمڕانیی وڵات تەنیا بە خـۆیـان رەوا دەبینن، بەڵکو دەیانەوێ لەوەش رامانبهێنن کە نەک هەر کوڕەکانیان، بەڵکو نەوەکانیشیان دەبێ ببن بە سەرۆکو سەرکردەی وڵات».

لـە بـەشـێـکـی دیـکـەی ئـەو وتـارەدا کە بەپێی وتـەی خۆی خوێندنەوەیەکی بە پەلەیە بۆ ئەو پێشوەچوونانەی کە ئەمڕۆ پانتایی باشووری کوردستانیان تەنیوەتەوەو بەسەر دێڕی (دەسەڵاتێکی ترساو، بـەڵام تۆقێنەریش) د.بـورهـان، دەڵێت:

«ئـەوەی راستی بێت بوونی ترسێکی بەردەوام، لەلایەکی ترەوە بەکاربردنی ئـامـرازی تۆقاندنو ترساندن دوو خەسڵەتی بەیەکەوە گرێدراوی دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی بـووە (لە حاڵەتی گشتاندنیشدا ئەمە رێـک خەسڵەتی سیستمە نادیمۆکراتییەکانە). ئەم جەدەلی تـرسو هـیـسـتـریـای دەسـەڵاتـە لـەلایـەک، چـاوسـوورکـردنـەوەو تۆقاندن لەلایەکی ترەوە بە ئاشکرا لە زیاتر لە بۆنەیەکو رووداوێکدا خۆی دەربڕیوە».

دواتر سەبارەت بەکاردانەوەکانی دەسـەڵات بەرامبەر بەیاننامەکەی گۆڕان دەنووسێت: «کاردانەوەکانی دەسەڵات لەسەر ئەم راگەیاندراوە، هـەر لە بەیاننامە هاوبەشەکەی دوو مەکتەبی سیاسیی (یەکێتیو پـارتـی)و کۆمەڵێک جموجۆڵی سیاسییو بگرە دانانی زرێپۆشو چەکی قورس بەرامبەر گردی زەرگەتە (بنکەی سەرەکی بزاڤی گۆڕان)، رێـک دەربـڕی تـرسو هیستریای دەسەڵات بوون، بە هەرحاڵ لەناو ئەو هەموو کاردانەوانەی دەسەڵات هەڵچوونەکەی سەرۆکی حکومەت د.بەرهەم ساڵح، کە گوایە رووە هـەرە مـەدەنـیو لـیـبـراڵـەکـەی دەسەڵاتە، زۆر سەرنجڕاکێش بوو و ئاستی هیستریای دەسەڵاتی گەیاندە ئاقارێکی تـرسـنـاک، لەکاتێکدا بەرهەم ساڵح، خۆی بە لیبراڵێکی راستەقینە دەداتە قەڵەمو ساڵانێک لە وڵاتانی رۆژئاوا دەرفەتی ئەوەی هەبووە لە نزیکەوە ئاشنا بێت بە سیستمی لیبراڵ –دیموکراسی، کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی ئەو لە سلێمانی کە تیایدا داوای لە بزاڤی گۆڕان کرد، گردی زەرگەتە چۆڵ بکات، زیاتر لە هەڵچوونی لۆردێکی شەڕ دەچوو تا کەسێکی مەدەنیو لیبراڵیی، سەرۆکی حکومەت باش دەزانێ کە لە بابەتی داگیرکردنی خانوو و زەوییو مومتەلەکاتو سەرچاوەکانی دەوڵەمەندییو ئامرازەکانی وەبەرهێنانی پارتیو یەکێتی ماڵیان لە شووشەیە: مرۆڤ پێویست ناکات زۆر شارەزا بێ بۆ ئەوەی بزانێ قەڵاچوالانو دووکانو سەری رەشو بەشێکی هەرە باشی زەوییو گـردە هـەرە گرنگەکانی بادینانو زۆر شوێنی تر لەلایەن ئەو دەسەڵاتەوە داگیرکراون...

لە درێـژەی بابەتەکەیدا، ئەو توێژەرە سیاسییە نووسیویەتی:

«دەکـرێ بـڵـێـیـن؛ ئـەمـڕۆ گۆڕان بەشێکە لە پەیوەستەگی (context)یـکـی فراوانتر، کە چەند توخمو پێکهاتەیەک لە خۆی دەگرێت، ئەو پێکهاتانەش بریتین لە:

١) گۆڕان وەک ئۆپۆزیسیۆن.

٢) ناڕەزایەتی شەقام.

٣) میدیای ئازادو هەندێ پێگەو ژووری پاڵتاڵک لە ئینتەرنێت.

٤) ئـەو بـەشـەی کۆمەڵگەی مـەدەنـی کـە سێبەری قورسی دەسەڵات قەبووڵ ناکات.

٥) نووسەرو روونـاکـبـیرانێکی کـاریـگـەرو خـاوەن هەڵوێستو رەخنەگر.

ئـەم تـوخـمـانـە هـەموویـان بەیەکەوە، هەریەکەیان بە جیاواز، سەرئێشەن بۆ دەسەڵاتی پارتیو یـەکـێـتـی، ئـەوەشـی جێگەی جەختکردنەوەیە ئەوەیە، کە زۆرجار خوێندنەوەی دەسەڵات لەو پێکهاتانە ئەوەیە کە دەستی یەکێکیان لەپشت ئەوەی ترەوەیەو بە شێوەیەکیش لە شێوەکان هەموویان بەشێکن لە پیلانێکی فراوانتر بەرامبەر بە دەسەڵات».




لە کۆتایی بابەتەکەیدا سەبارەت بە دۆخـی باشـووری کوردستانو بەیاننامەکەی گۆڕانو کاردانەوەو لێکدانەوەکانیدا، د.بورهان یاسین، گەیشتووەتە ئـەوەی بنووسێت: «لە کۆتاییدا، بە کورتیو بە چڕی، دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان دەبێ هەر نەبێ دوو راستی بزانن: ئەوان چیتر ناتوانن لەسەر حسێبی مـێـژوو بـژیـن، نـەوەیـەک سـەری هەڵداوە لە باشووری کوردستان کە نامۆیە بە ئـەوەی کە پارتی یەکێتی پێی دەبێژن: «شانازییو سەروەرییەکانی» مـێـژوو، نەک بـەو مانایەی کە مـێـژووی کورد سـەروەریـیو شانازیی تیا نییە، بەڵکو بە مانای ئەو راستییەی کە دەسەڵاتدارانی گەندەڵ لەسەر ئەو مێژووە دانیشتوونو ناشیرینیان کردووە».

نـووسـەرو روونـاکـبیری کورد مـەریـوان وریـا قـانـیـع، هـاوکـات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی بـزووتـنـەوەی گـۆڕانو کـاردانـەوە توندەکانو لە کەشی راپەڕینەکانی تـونـسو مـیـسـرو دروسـتـبـوونـی جەدەلو گفتوگۆ لەسەر کاریگەریی ئـەو شـەپـۆلـەو مـامـەڵـەکـردنـی سیاسییەکانی کورد لەو بارەیەوە، لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، دەنووسێت: «ئـەو دوو خاڵەی کە کاردانەوە قورسەکانی بە رووی بەیاننامەکەی گۆڕاندا دروسـتـکـرد، مەسەلەی پێشنیارکردنی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانو حکومەتە، لە کوردستاندا هەر کەسێک فێڵ لە خـۆیو فێڵ لە خەڵک نـەکـات، ئـەو راستییە دەزانێت کە پەرلەمانی کوردستان دەزگـایـەک نییە لانی هەرەکەمی ئەرکەکانی وەک دەزگایەکی چاودێر بەسەر دەسەڵاتەوە پیادە کردبێتو پیادە بکات، پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانێکی ئێجگار لاوازەو مەکتەبی سیاسیی دوو پارتە گەورەکە بڕیارە چارەنووسسازەکانی بۆ دەدەن، هاوکات حکومەتی هەرێمیش بە هیچ مانایەک حکومەتی "هەرێم" نییە، بەڵکو حکومەتێکی دابەشبووی ناوچەیی حیزبییە، کە نەیتوانیوەو ناشتوانێت بەم عەقڵیەتو پێکهاتەی ئێستایەوە ببێت بە حکومەتی "هەرێم". هەموومان دەزانین ئەم حکومەتە بە قیاسێکی هەندەسی ورد پۆستو دەزگاو توانای بڕیارو کارکردنەکانی لەنێوان دوو حیزبە گەورەکەو لەناو هەریەکێکیشیاندا لەنێوان چەند باڵێکیدا، دابەشکراوە.

دەربـــارەی چاکسازیی لە حکومەتو خستنە سەر راستەڕێی نوێبوونەوە، مەریوان قانیع دەڵێت: «بێگومان ئەم سیستمە سیاسییە بـەوە چاکنابێت، ئـەم یـان ئەو بـەرپـرس لە کاتی زۆربۆهێنانو تەنگپێهەڵچنیندا، دان بەوەدا بنێت کە هەندێک گەندەڵییو هەندێک کـەمـوکـورتـی هـەیـە، بـاس لـەوە بکات لێرەو لـەوێ ناعەدالەتییو خراپبەکارهێنانی دەسەڵات هەیە، سیستمی سیاسیی لە کوردستاندا کێشەی قـووڵو بونیادیی هەیەو چـارەسـەرکـردنـیـشـی پێویستی بە دەستکاریکردنێکی ریشەییو راستەقینەی هەموو سیستمەکە هەیە».

هاوکات لەگەڵ ئەو نووسینەو



دەستەی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی کەمترین کێشەی موڵکایەتی چارەسەرکردووە

کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان

«حکومەتی هەرێم و یەکێتی و پارتی بێباکن»

# لە داقوق عەرەبی هاوردە (١٤) هەزار دۆنم زەوی کورد دەکڕن



راپۆرتی: ئارام جەمال

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەنییە (١٤) هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵیی لە سنووری قەزای داقوق لە چەند کەسایەتییەکی کورد بکڕێتەوە، بەو هۆیەشەوە خاوەنەکانیان ئەو زەوییانە دەفرۆشن بە عەرەبە هاوردەکان.

لە گوندی سێ کانی بان شاخ سەر بە قەزای داقوق زەوییەکی کشتوکاڵیی رووبەر فراوان، کە رووبەرەکەی (١٤) هەزار دۆنم زەوییە، کێشەی موڵکایەتییەکەی چارەسەر کراوەو ئێستا خاوەنەکانی دەیانەوێت زەوییەکە بفرۆشن، بۆ کڕینی زەوییەکانیش داوایان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام تاکو ئێستا هەرێم ئامادەی کڕینی ئەو زەوییە نییە.

وەلید جەلال ئاغای کاکەیی، کە کەسایەتییەکی کاکەییەو خاوەنی (٦) هەزار دۆنمە لەو زەوییە کشتوکاڵییە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو پارچە زەوییە کشتوکاڵییە وەک وەرەسە چەند کەسێک خاوەنیەتی، کە یەکێکیان منمو پێشترو لە ساڵی (١٩٧٣)وە حکومەتی بەعس داگیری کردبوو درابووە جوتیاری عەرەبی هاوردە، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق بە هەوڵی شەخسی خۆمان لە بەغداوە چارەسەری کێشەی موڵکایەتی زەوییەکەمان کردووەو ئێستاش دەمانەوێت زەوییەکە بفرۆشین».

ئەو خاوەن زەوییە، وتیشی: «چەندین جار داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستانو پارتیو یەکێتی کردووە بۆ کڕینی زەوییەکان، بەڵام هیچ وەڵامیان نەداوینەتەوە کە لێمانی دەکڕن، یاخود نا».

وەلید ئاغا، لە کۆتایی ساڵی رابردوودا لەناو شاری کەرکوک دوو کچی لە لایەن گرووپێکی توندڕەوی عەرەبییەوە لە شاری کەرکوک رفێنرابوو، دەڵێت: «ئێمە کێشەمان لەگەڵ عەرەبە هاوردەکانی سنوورەکەدا هەیە، چونکە ئەوان پشتگیریی تیرۆریستان دەکەن کە هەر خەڵکی ئەوانیش بوو دوو کچەکەیان رفاندم، بەڵام هەرچەندە من ئامادەنیم بەشەکەی خۆم لەو زەوییە بە عەرەبە هاوردەکان بفرۆشم، بەڵام هەندێک لە شەریکە بەشەکانی زەوییەکە رەنگە ئەو کارە بکەنو ئەو کات دەبێت هەموو زەوییەکە بە یەکەوە بفرۆشرێت، چونکە تەنیا یەک تاپۆی هەیە».

لە بارەی هەوڵی عەشیرەتە عەرەبە هاوردەکانی سنوورەکە بۆ کڕینی ئەو زەوییە، وەلید کاکەیی دەڵێت: «ئەوان زۆر بە گەرمی لە هەوڵی کڕینی زەوییەکەدانو بۆ هەردۆنمێکیش بڕی (٨٠٠) هەزار دینار دەدەن، بەڵام ئێمە داوامان لە حکومەتی هەرێم کردووە بۆ یەک دۆنم نیوەی ئەو نرخەی عەرەبەکانمان پێبدات، واتە (٤٠٠) هەزار دینار، بەڵام حکومەت تائێستا ئامادەی کڕینی زەوییەکە نین».

رۆژنامە ئەوەشی زانیوە کە وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقیش دەیەوێت لە بەرامبەر نزیکەی (٨) ملیۆن دینار بۆ هەر دۆنمێک موڵکایەتی زەوییەکە بخاتە سەر وەزارەتو دواتر بیدات بە جوتیارە عەرەبە هاوردەکان، بەڵام تائێستا خاوەن زەوییەکان بەوە رازی نین.

ئەمیر خواکەرەم، سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق لەبارەی ئەو زەوییانەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەوەی کە خاوەن زەوییەکان دەیڵێن تەنیا موزایەدەو فشار خستنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئێمە وەک ئیدارەی ناوچەکە رازی نابین ئەو زەوییە بە عەرەب بفرۆشرێت، چونکە ئەوە مەسەلەی خاکی کوردو کێشەی مادەی (١٤٠)ەو ئەگەر ئەو کارەش کرا نایەڵین عەرەبەکان بچنە سەر زەوییەکە».

لە بارەی داوای خاوەن زەوییەکان لە حکومەتی هەرێم کە بە نیوە قیمەت بیکڕێتەوە، خواکەرەم، دەڵێت: ئێمەش هەوڵی زۆرمانداوەو چەندین جار داوامان لە حکومەتی هەرێمو تەنانەت حیزبە کوردستانییەکانو بازرگانو سەرمایەدارانی کورد لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات کردووە ئەو زەوییە بکڕن، بەڵام تائێستا وەڵامو هەوڵێکی جدیی نییە لەلایەن کوردەوە بۆ کڕینی ئەو رووبەرە زەوییە».

لە سەردەمی رژێمی بەعسی رووخاودا زیاتر لە یەک ملیۆن زەوی کشتوکاڵیی لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا لە خاوەنە رەسەنەکانیان لە کوردو تورکمان زەوتکرانو دران بە جوتیاری عەرەبی هاوردە، ئەو زەوییانە تاکو ئێستا کێشەی موڵکایەتییان لەسەرەو رێژەی کەمتر (٥٪)یان کێشەی موڵکایەتییان چارەسەر کراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خەمساردیی نوێنەرانی کورد لە بەغدا، بە تایبەت لە ساڵانی رابردوودا.

# بڕیارێکی مالیکی بۆ پێدانی زەوی بە ئاوارەکان لە کەرکوک، جێبەجێ ناکرێت

راپۆرتی: شاڵاو محەمەد

سەرۆک وەزیرانی عێراق بە نووسراوی رەسمیی بڕیار لەسەر دابەشکردنی زەوی بەسەر ئاوارە گەڕاوەکانی ناوچەجێناکۆکەکان دەدات، لەنێویاندا ئاوارەکانی پارێزگای کەرکوک، بەڵام دوای تێپەڕبوونی (١٠) مانگ بەسەر بڕیارەکەدا، تائێستا جێبەجێنەکراوە.

لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کە لە (١٠) ئەندام پێکهاتووە، لە نووسراوێکدا بە ژمارە (١٢٥) کە لە ٢٠١٠/٤/٤ دەرچووەو واژۆی رائید فەهمی، سەرۆکی جێبەجێکاری لیژنەی مادەی (١٤٠)ی لەسەرەو ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کراوە بۆ دابینکردنی زەوی بۆ ناوچەجێناکۆکەکان، لە بەرامبەردا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە نووسراوی ژمارە (٢٩٢٠) لە ٢٠١٠/٤/٢١ کە واژۆی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقی لەسەرە، تێیدا هاتووە کە بڕیاردراوە بە دابینکردنی زەوی بۆ ئەو ئاوارانەی دەگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان کە قەرەبووی مادەی (١٤٠) کراونەتەوە، بەڵام ئەوەی نیگەرانیی ئاوارەکانی شاری کەرکوکی لێکەوتووەتەوە جێبەجێنەکردنی بڕیارەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراقە.

محەمەد خەلیل، سەرۆکی کوتلەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو بڕیارە لەسەر ئەو بنەمایە دەرکراوە کە ئەو ئاوارانەی دەگەڕێنەوە بۆ کەرکوک زەوییان پێبدرێت، بەڵام ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوک پێش ئەوەی زەوییان پێبدرێت، زەوییان داگیرکرد، بەو هۆیەوە زەوی لە خۆرهەڵاتو باکووری کەرکوک عێراقەوە، محەمەد خەلیل وتی: «تائێستا بڕیارێک لە سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە دەرنەچووە کە ئەو زەوییە داگیرکراوانە بۆ ئاوارەکان تاپۆ دەکرێت، یان ناکرێت».

ئاوارەکانی شاری کەرکوک نەهرۆ ساڵح، کە ئاوارەیەکی شاری کەرکوکەو ئێستا لە یەکێک لە گەڕەکە ئاوارەنشینەکانی کەرکوک نیشتەجێ بووە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «تائێستا هەوڵێکی جدیی نەدراوە بۆ ئاساییکردنەوەی شوێنی ئاوارەکانی کەرکوکەوە دەکرێت، لەبەر ئەوەی تائێستا لە شارەکەی خۆشیاندا ئاوارەن، هیچ بڕیارێک بۆ ئاساییکردنەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان ناکرێت، لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنیان پێدابووین خانووە تەجاوزەکانمان



نەماوە، بۆیە تائێستا ئەو بڕیارە جێبەجێنەکراوە.

سەبارەت بە چارەنووسی ئەو زەوییانەی کە بە وتەی محەمەد خەلیل ئاوارەکانی کەرکوک «داگیریانکردووە»و تاپۆکردن لەسەریان لەلایەن حکومەتی ئیدارەی کەرکوکو لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بە هۆکاری ناچاربوونیان بە خانووی تەجاوز دەزانن پێیانوایە ئەم بڕیارەی سەرۆک وەزیرانی عێراقیش جگە لە موزایەدەیەکی سیاسیی هیچی تر نییە.

نیشتەجێبوونیان، ساڵی پار پێیان وتین زەویو پارەتان پێدەدرێت، بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان دیاریکراوبێت، بەڵام تائێستا هیچیان بۆ نەکردووین».

ئەو ئاوارە گەڕاوەیەی شاری کەرکوک وتیشی: «موزایەدە بە بۆ بکەن بە تاپۆ، هەرچەندە ئیدارەی کەرکوکو لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بە هۆکاری ناچاربوونمان بە خانووی تەجاوز دەزانین».

لە نووسراوێکی دیکەی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بە نووسراوێکی ژمارە (١٤٧) کە لە ٢٠١١/٤/٢١ دا ئاراستەی پارێزگای کەرکوکی کردووە، ئاماژە بە دابینکردنی زەوی دەکات بۆ (٢٦)هەزارو (٨٤٨) خێزانی ئاوارە کە ناویان بۆ لیژنەی جێبەجێکاری مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقیی ناردووە، بەڵام تائێستا ئەو خێزانانەش ئاوارەنو زەوییان وەرنەگرتووە.

نەرمین عوسمان، جێگری سەرۆکی پێشووی لیژنەی باڵای جێبەجێکاری مادەی (١٤٠) بە رۆژنامەی راگەیاند: «هۆکاری جێبەجێنەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی شارەوانی شارەکان، هەرچەندە ئەو هاوڵاتییانەی زەوییان وەرگرتووە ژمارەیان زۆر کەمە، کە بەپێی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، ئەو هاوڵاتییەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان دەبێت شارەوانی ئەو شارە پارچە زەوییەکیان پێبدات، بەڵام تائێستا شارەوانییەکان ئەوەیان نەکردووە، چونکە زەوییان نییە، ئەمە بووەتە گرفتی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و شارەوانییەکان».

نەرمین عوسمان ئەوەشی خستەڕوو: بە هۆی ئەوەی زۆربەی زەوییەکانی کەرکوک کێشەی موڵکداری لەسەرە، لە هەمانکاتدا دەستەی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی کەمترین کێشەی موڵکایەتی چارەسەرکردووە، بەو هۆیەوە گرفت بۆ شارەوانیی کەرکوک دروست بووە، لەبەر ئەوە کێشە لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا نییە، کێشە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەیە لەلایەن شارەوانی شارەکانەوە».

ڕاپۆرت

## بەرپرسانی کورد لە دیالە، پێش خەڵک ناوچە کوردییەکان چۆڵدەکەن

ڕۆژنامە: جەلیل ئیبراهیم، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانیی، بە سایتی سبەی ڕاگەیاند: «هەرچەندە حاڵەتی توندوتیژیی لە ناوچەکانی جەلەولاو سەعدیەو قەرەتەپە هەیە، بەڵام زۆربەی زۆری خێزانە کوردەکانی ئەو ناوچانە خانووەکانیان دەفرۆشن و ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن». ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاشکراشیکرد کە حکومەتی هەرێم لەئاست ئەو دیاردەیە بێدەنگەو بەرپرسانیش خۆیان دەکەونە پێش خەڵکەوە بۆ چۆڵکردنی ئەو ناوچانە. پارێزگای دیالە ئاماژەی بەوەشدا لەماوەی ڕابردوودا ناوچە کوردەکانی دیالە ئارام نەبوو بەڵام لە ئێستادا بارودۆخی ئاسایشی ئەو ناوچانە زۆرباشە.





# ئۆپۆزسیۆن: نابێت دەزگای ئاسایش مەرجەعەکەی سەرۆکایەتی هەرێم بێت

ڕاپۆرتی: سەنگەر کوردە

گفتوگۆو کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لەسەر هەردوو پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایش و دەزگاکانی ئاسایش وەستاون، ئەوەش دوای نیگەرانییەکانی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسەر «زۆریی دەسەڵاتەکان و مانەوەی دوو ئیدارەیی» بەپێی پرۆژەیاساکان.

گۆران ئازاد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی کوردستانیی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە هیچ کۆبوونەوەو گفتوگۆیەکی تر لەسەر پرۆژەیاساکان نەکراوە، ئەوەش دوای ئەو کۆبوونەوەیەی دوو هەفتە لەمەوبەر لەنێوان لیژنەی یاساو ناوخۆی پەرلەمان کراو بێ ئەنجام مایەوە.

ئەو باس لەوە دەکات، پێش ڕەخنەو نارەزاییەکان پرۆژەیاسای یەکگرتنەوەی ئاسایش «کە داوای خەڵکو هەموو ئەندام پەرلەمانەکانە، یەک ئاسایشی تۆکمە هەبێت، نەک وەک ئەوەی هەیە دوو ئاسایش هەبێت، لیژنەی یاسایی گفتوگۆی لەسەر کردو ڕاپۆرتمان لەسەر نووسی بێ ئەوەی کێشەی هەبێت».

بەڵام ڕوونیدەکاتەوە؛ گرفتەکان لەسەر پرۆژەیاسای ئەنجومەنی ئاسایش بووەو لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «لەسەر ئەوە جیاوازیی بۆچوون دروستبووە، بەوپێیەی پرسی ئەمنییە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژیانی خەڵکو پاراستنی ئەم هەرێمە لە هەموو مزایەدەو شتێک گرنگترە، بەڵام ئەوەی لەو یاسایەدا گرنگە قۆرخنەکردن و بەرتەسکنەکردنەوەی ئازادییە».

لەو ڕوانگەیەوە وتیشی: «دەبێت لەنێوان هەردوو لایەندا چارەسەر بدۆزرێتەوە، بەشێوەیەک کارێک نەکەین دامەزراوەیەکی فشۆڵ دروستبکەین، هەم دامەزراوەیەکی ئەمنیش دانەمەزرێنین کە چاودێریی ئازادییەکانی خەڵکو پێشێلکردن و بەرتەسککردنەوەی مافی خەڵک بێت ئەوەش جێی گفتوگۆیە لە پەرلەمان».

### تێکەڵکردنی دەسەڵاتو دوو ئیدارەیی

بە بڕوای چاودێران و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەی لە پرۆژەیاساکەدا تێبینی دەکرێت، تێکەڵکردنی دەسەڵاتەکانە لەنێوان ئەنجومەنی ئاسایش و دەزگای ئاسایشدا، هەروەها مانەوەی دووئیدارەیی و دەزگاکانی هەواڵگرییە وەک دەزگای حیزبیی.

گۆران ئازاد، لەوبارەیەوە دەڵێت: «ئەگەر سەیری سەڵاحیەتەکان بکەین تێکهەڵکیش دەبێتەوە، بۆنموونە لە زۆر شتدا کە ئەنجومەنی ئاسایش دەسەڵاتی هەیە بەهەمان شێوە بەرپەرچی ئەو مەترسییانەیان داوەتەوە کە لەسەر هەرێمە، حکومەت لەم ڕووەوە سەیری کردووەو کاری لەسەر کردووە، بەڵام ڕوویەکی تریشیان هەیە کە هاوڵاتییان بینیوویانە ئەو دەزگایانە کاریان کۆکردنەوەی زانیاریی بووە لەسەر نەیارانی حیزبی خۆیان، وەک ئەوەی خەڵک باسی دەکات ڕووبەڕووی کێشەو گرفت بوونەتەوە بەرامبەر ئەو دەزگایانە، بۆیە دەبێت ئەو دوو ڕووە جیا بکرێتەوەو ڕوونبکرێتەوە مەبەست ڕووە جوانەکەیە».

لە لایەکی دیکەوە کاروان ساڵح، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێیەکان، ڕەخنەی لە پرۆژەیاساکان هەیەو دەڵێت: «دوای ئەوەی پرۆژەکە هات، دەرکەوت هەر (٥٠ بە ٥٠)کەی جاران و سەقامگیرکردنی ئەو ئیرادە دوو ئیدارەییە کە پارتیو یەکێتی

> **پەرلەمانتارێکی لیستی کوردستانی:**
> **نابێت قۆرخکردن و**
> **بەرتەسککردنەوەی ئازادی تێدابێت**

جیهازی ئاسایش ئەو دەسەڵاتانەی هەیە، جگە لەوە ئۆپۆزسیۆن کە قسەی لەسەر دەکەن و جێی گفتوگۆیە، کە ئایا دوو دەزگای حیزبیی کە پاراستن و زانیارین، کە (یاسایان هەیە) چەند زەروورن بۆ پاراستنی ئەمنییەتی هەرێم، بێنە ناو حکومەتی هەرێمەوە، ئەوانەشە بووەتە هۆی ئەوەی نەگەینە هیچ ئەنجامێک».

وتیشی: «بە بۆچوونی من گرفتەکە لەو خاڵەدایە کە دەزگاکانی زانیاریی و پاراستن دوو ڕوویان هەیە، کە یەکێکیان ئەوەیە خزمەتی پاراستن و ئەمنیی هەرێمیان کردووە لە ڕێی کەناڵەکانیان و ئەو زانیارییانەی هەیانە دەیانەوێت، بۆیە ئێمە ئەو پرۆژەیە ڕەتدەکەینەوەو بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوە نین دەزگاکانی زانیاریی و پاراستن بە ڕێکارێکی یاسایی شەرعیەتیان پێ بدرێت، ئەوەش دوای ئەوەی نوێنەرەکانیان هاتن بۆ لیژنەی ناوخۆ هیچ بەڵێنێکمان وەرنەگرت کە پاش چەند ساڵی دیکە یەکدەگرنەوە».

### دوو دەزگای ئەمنیی پێویستییە؟

بوونی دوو دەزگا، یان یەک دەزگای یەکگرتووی ئاسایش کە سەر بە حکومەت بێت، یەکێکی دیکەیە لەو پرسانەی لە سەروبەندی ناردنی پرۆژەیاساکان لە لایەن حکومەتەوە قسەی لەسەر دەکرێت و جێی ڕەخنەی ئۆپۆزسیۆنە، بەوپێیەی لە پرۆژەیاساکاندا ئەنجومەنی ئاسایش بە سەرۆکی هەرێمەوە بەستراوەتەوەو دەزگای ئاسایش بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

پەرلەمانتارەکەی کوردستانیی لەو ڕووەوە وتی: «من داوام لە لیژنەی یاسایی ئەوە بووە، کە پێویستە هەموو ئەو کەسە پەیوەندیدارانە بە پرۆژەیاساکانەوە بە سەرۆکی هەریەکە لە حکومەت و دەزگای ئاژانسی پاراستن و زانیاریی و ئاسایش بێنە پەرلەمان و بیروڕای خۆیان ڕوون بکەنەوە، بۆچی گرنگە لە بواری ئەمنیی ئەم دامەزراوەیە سەر بە سەرۆکی هەرێم و یەکێک سەر بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێت، بۆچی دەزگایەک نەبێت و سەر بە حکومەت بێت، ئەوانە پرسیارن و پێم باشە ئەو کەسانە ڕوونکردنەوەمان لەسەر ئەو شتانە بدەنێ ئینجا ڕای خۆمان بڵێین».

بەڵام کاروان ساڵح لەو ڕووەوە وتی: «ئێمە لەگەڵ یەکگرتنەوەی هەردوو دەزگای ئاسایشین، بەشێوەیەک ببنە دامەزراوەیەکی حکومیی نیشتمانیی نەتەوەیی بۆ پاراستنی سەرو سامانی هاوڵاتییان، بەڵام ئەو دوو پرۆژەیەی هێنراون، دوو بەرپرسیان دەبێت یەکێکیان بۆ پارتیو ئەوەی دیکە بۆ یەکێتی».

### وەزارەتێک بۆ ئاسایش

فراکسیۆنەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو ڕەخنەی ئەوە دەگرن، کە پێشترو لە پرۆژەیەکدا کە پێش پرۆژەکەی حکومەت پێشکەشی پەرلەمانیان کردووە، داوای یەکگرتنەوەی دەزگاکانی ئاسایش و دامەزراندنی وەزارەتێکی تایبەت دەکەن بە ئاسایش، بەڵام لە لایەن سەرۆکایەتییەوە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە.

بیلال سلێمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵ، ڕەخنەی ئەوە دەگرێت بۆ پاکردنەوەی ئەو کەلێنە یاساییەی هەبووە، پێشتر پرۆژەیاسایەکیان بە واژۆی زیاتر لە (١٠) پەرلەمانتار پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووەو وتی: «پێشنیارمان کردووە وەزارەتێکی ئاسایش دابنرێت و سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بێلایەن بێت و خەڵکانی حیزبی تێیدا جێی نەبێتەوە، بە تایبەت لەناو وەزارەتەکەدا».

هەروەک عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەداخەوە ئەو پرۆژەیاسایە کە پێشتریش پێشکەشکرابوو، بەڵام لە لایەن سەرۆکایەتییەوە نەخرایە ناو کارنامەی پەرلەمانەوە».

لە بارەی سەربەخۆبوونی ئەو دەزگایانەو بوونی یەک دەزگای ئاسایش وتی: «هەڵوێستمان ڕوونە کە دەبێت ئەو دەزگایانەی ئاسایش یەکبخرێنەوەو سەربەخۆبن و سەر بە حکومەت بن و یەک مەرجەعیان هەبێت، دوور لە دەستی حیزبو کەسانی بێلایەن سەرپەرشتی ئەو دەزگایانە بکەن، بۆ ئەوەی مسداقیەتیان بۆ دروستبێت کە دوورن لە هەژموونی حیزب».

# خەڵکی هەولێر: کارەبای گۆڕان هاتەوە

ڕۆژنامە

هەولێر

کاریگەریی بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان نەرمیی نواندنی دەسەڵاتی بەرامبەر خەڵکو کاسبکارانی هەولێری بەدوای خۆیدا هێناو پێدانی کارەباشی لە (١٢) سەعاتەوە بۆ (٢٠) سەعات بەرزکردەوە.

لە کۆتایی مانگی ڕابردوو، بزووتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی لەبارەی ڕەوشی سیاسیی و ئیداریی هەرێمی کوردستان بۆ ڕای گشتی بڵاوکردەوە، تێیدا داوای گۆڕانکاریی و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی خەڵکو سنووردانان بۆ دەسەڵاتی حیزبۆکراتی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم کراوە.

هەرچەندە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم پێیانوایە؛ بەیانەکە دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانەو ئەم بۆچوونەش ترسیانە لە هاتنە شەقامی خەڵک وەک ئەوەی لە تونس و میسر ڕوویدا،



بەڵام دانیشتووانی هەولێری پایتەخت ئاماژە بە کاریگەرییە ئیجابییەکانی ئەو بەیاننامەیە دەکەن و باس لە نەرمیی نواندنی دەزگاکانی شارەکە بەرامبەر خەڵکو باشکردنی خشتەی کارەبای نیشتمانیی و مۆلیدە ئەهلییەکان دەکەن.

کارزان حەمید، کاسبکارێکی بازاڕی سیروانە، ئەو جگە لەوەی باس لە باشبوونی کارەبا دەکات، هاوکات ئاماژە بەوەش دەدات دوای بەیانەکەی گۆڕان هێزەکانی پۆلیس و چاودێرانی شارەوانی بەبیانووی کاڵای زیادی بەردەم بازاڕەکە هەڵناکەنە سەر دووکانەکان.

وتیشی: «پێشتر زۆرجار کارەبا دەبڕا، بەتایبەت لە سەعات (١٢ بۆ ١)ی نیوەڕۆ بە ناچاریی دەبوو بە مۆلیدەی خۆمان ئیشی دووکانەکان بکەین، بەڵام ئێستا کارەبابڕان نەماوەو هێزەکانی پۆلیسیش لەگەڵمان زۆر نەرمو نیانن».

چەند مانگێکە، ڕێژەی ئەو کارەبایەی بە دانیشتووانی هەولێر دراوە، لە ڕۆژێکدا نەگەیشتووەتە (١٢) سەعات، بەڵام ئێستا ڕێژەی پێدانی کارەبا بۆ (٢٠) سەعات بەرزبووەتەوەو قسەیەکی باوی ناو هەولێرییەکانیش، دەڵێن: «کارەبای گۆڕان»ە!


فاخیر عەبدولڕەحمان، (٢٩) ساڵو دانیشتووی گەڕەکی نەورۆز، بە ڕۆژنامەی وت: «ئەو بەیانەی گۆڕان، هیچی نەکردبێت، حکومەتی ناچار کرد کارەبا زیاد بکات، ئێستا زۆر بە کەمیی کارەبا دەبڕێت و هەر کارەبای نیشتمانیی ببڕێت دەستبەجێ کارەبای مۆلیدە دێتەوەو ئێمەش ناومان ناوە کارەبای گۆڕان».

ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو، خۆسووتاندنی گەنجێکی خوێندەواری تونس بووە سەرەتای ڕاپەڕینێکی جەماوەریی و کۆتاییهێنا بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی (٢٣) ساڵەی بن عەلی، سەرۆکی تونس، چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوەش عارەبانچییەکی بازاڕی شێخەڵڵای کۆن گڕی لە عارەبانەکەی بەرداو دواتر لایەنی بەرپرس عارەبانەیەکی نوێیان بۆ کڕیوە.

> **ئەو بەیانەی گۆڕان،**
> **هیچی نەکردبێت،**
> **حکومەتی ناچار کرد**
> **کارەبا زیاد بکات**

هەر لەو شوێنە، عەرەبانچییەکی تر ، ئاماژەی بەوە کرد؛ دوای بەیاننامەکەی گۆڕان پۆلیسەکان زۆر لەگەڵیان نەرمن و هەموو هەوڵیان ڕازیکردنی دڵی ئەوانە.

ئەو عارەبانچییە، بە کازم خۆی ناساندو شوێنی کەسابەتەکەشی ئێستا بەردەم نافورەی هەولێری پێدەوترێت، بۆ ڕۆژنامە وتیشی: «ئێمە خەڵکی هەژارین و بە ماندووبوونێکی زۆر دەستکەوتێکی مادیی کەممان هەیە، پێشتر زوو زوو پۆلیسەکان دەهاتنە سەرمان و شوێنەکانیان پێ دەگۆڕین، بەڵام ئێستا پێیانوتراوە لەگەڵ ئەو خەڵکە هێمن بن و ئەوانیش بێدڵیمان ناکەن!».



دەبوایە پەرلەمانی کوردستان یەکەم پەرلەمان بوایە پشتیوانی گەلی میسری بکردایە

# بەستنەوەی دەستە سەربەخۆکان بە حکومەتەوە، تاڵەبانی ئیحراج و کوتلەکان تورەو دەستەکان سەرسام دەکات

راپۆرتی :عەلی ناجی

بەغدا

بڕیاری دادگای فیدراڵیی بۆ بەستنەوەی دەستە سەربەخۆکان بە حکومەتەوە، کوتلەکان تووڕەو دەستەکان تووشی سەرسوڕمان دەکاتو پەرلەمانتارێکیش دەڵێت: «پێویست بوو بەر لە پەرلەمان سەرۆک کۆمار وەک پارێزەری دەستوور قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکات».

دوابەدوای بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی عێراقی سەبارەت بە بەستنەوەی دەستە سەربەخۆکان بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە کاردانەوەی ناڕەزایی لێکەوتەوە، بە تایبەت لە دەستەکانو ئەنجومەنی نوێنەرانداو هێرشکرایە سەر دادگای ناوبراو بەوەی کە سەربەخۆ نییەو لەژێر کاریگەریی ئەنجومەنی وەزیرانو خودی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیراندایە، ئەمە جگە لەوەی رەخنەی ئەوە لەو دادگایە دەگیرێت کە بە بڕیاری پۆڵ برێمەری، حاکمی مەدەنی دامەزرێنراوە، نەک پەرلەمانی عێراقو دادگای فیدراڵیش ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوەو لەو بارەیەوە عەبدولسەتار بیرەقدار، وتەبێژی دادگای باڵای فیدراڵیی بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە ئەو بڕیارەیان سەبارەت بە ستنەوەی دەستەکان بە حکومەتەوە ئیلزامیەو دەبێت سەرجەم لایەنەکان پەیوەست بن پێوەی، وتیشی: «کوتلەکان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان ئەو بڕیارەیان رەتکردووەتەوەو بڕیارەکە بۆ بەرژەوەندیی هیچ لایەنێک نەبووە، بەڵکو بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەیەک بووە لەنێوان دوولایەندا»و جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە؛ بەپێی دەستووری دادگای فیدراڵیی شەرعیەو تاکە لایەنیشە کە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەسەند کردووەو گەر بڕیاری دادگا ناشەرعیی بێت، پەرلەمانیش ناشەرعییە.

ئەندامێکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانیش پێیوایە؛ ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی، مالیکی دەکاتە دیکتاتۆری شەرعی.

تەلاڵ زەوبەیعی، ئەندامی لیژنەی نەزاهە تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەستنەوەی دەستەکان بە حکومەتەوە کار دەکاتە سەر سستی کاری دەستەکان، گەر مالیکی بەردەوام بێت لە کارکردنو پەیوەستبوون بەو بڕیارەی دادگای فیدراڵییەوە، دیکتاتۆرییەتێکی نوێی شەرعیی لە عێراق دروست دەبێت».

پەرلەمانتارێکی شیعەش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی بە سیاسیی کراوە.

عەلی شبر، ئەندامی کوتلەی بەدر لە هاوپەیمانی نیشتمانیی بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد؛ کە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی بە سیاسیی کراوەو وا دەکات سەرۆک وەزیران هەژموونی سەرجەم جومگەکانی دەوڵەت بکاتو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەستنەوەی دەستە سەربەخۆکان بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیکتاتۆرییەت دێنێتە کایەوەو لەوە دەترسین دوای مالیکی کەسێکی ستەمکار دەسەڵات بگرێتە دەست».

ئەمە لە کاتێکدایە وەک گوشارێک لە دانیشتنی شەممەی رابردووتری ئەنجومەنی نوێنەراندا پرۆژەیاسای دادگای فیدراڵیی تاووتوێکرا وەک هەنگاوێک بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەکی نوێی ئەو دادگایە.

یەکێک لە کەسایەتییە نزیکەکانی مالیکیش، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی رێ بە تاکرەویی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیران نادات.

عەباس بەیاتی، کەسایەتی نزیک لە مالیکیو ئەندامی دەوڵەتی یاسا لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو بڕیارەی دادگا سەربەخۆیی دەستەکان رەتناکاتەوەو سەرۆک وەزیرانیش ناتوانێت تاکڕەوانە مامەڵە بکات، بەهۆی بوونی پەرلەمان و ئەنجومەنێکی وەزیرانی بەهێز».

لە عێراقدا (٤٠) دەستەو دامەزراوە هەیە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان سەربەخۆن و لە دەرەوەی دەسەڵاتی وەزارەتەکانن و مەترسیدارترین هەنگاوی بەستنەوە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە دەستەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو نەزاهەو چاودێری دارایی بەدی دەکرێتو هەندێک لە بەرپرسانی ئەو دەستانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە؛ کە بەستنەوەیان بە حکومەتەوە سەربەخۆییان ناهێڵێت.

قاسم عەبودی، وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئاماژەی بەوەدا؛ کە کۆمسیۆنەکەی تێبینیی لەسەر ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی هەیە، بەوەی کە خراپ تێگەیشتنە لە چوارچێوە دەستوورییەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەبوو دادگای فیدراڵیی پشتی بە یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ببەستایە، کە ئاماژە بەوە دەکات؛ ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دادەنرێتو گەر بە حکومەتەوە ببەسترێینەوەو لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران کۆببوونەوە بکەین، لە کوێوە رێنمایی وەربگرین؟».

بانکی ناوەندیش یەکێکی ترە لەو دەستە سەربەخۆیانەی کە بەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی نیگەرانەو لەو چوارچێوەیەدا مەزهەر ساڵح، راوێژکاری بانکی ناوبراو ئاماژەی بەوەدا؛ کە سەربەخۆیی بانکی ناوەندی عێراق لەو قەرزانە دەپارێزێت، کە وڵاتان لەسەر عێراق هەیانەو داوای دەکەنو بە رۆژنامەی راگەیاند: «گەر بانکی ناوەندی سەربەخۆبێت لە عێراقدا، پارەکانی عێراق پارێزراو دەبێت لەدەرەوە، بەوپێیەی بە بەشێک لە حکومەتی ناوەندی لەقەڵەم نادرێت».

ئەم کێشە دەستوورییە لە کاتێکدایە بەپێی مادەی (٦٧)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق سەرۆک کۆمار پارێزەری دەستوورە، بەڵام ناوبراو هەنگاوێکی ئەوتۆی لەوبارەیەوە نەناوە.

لەوبارەیەشەوە د.لەتیف مستەفا، یاساناسو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەبوو سەرۆک کۆمار بەر لە پەرلەمان هەڵوێستی لەسەر ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی هەبوایەو تەدەخولی بکردایەو رایبگرتایە، بەوپێیەی سەرۆک کۆمار پارێزەری دەستوورە».

هەڤاڵ کوێستانی
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەینووسێت



## لەپەرلەمانی عێراقەوە

ئەگەرچی ناکرێت پەرلەمانی عێراق لەگەڵ پەرلەمانی وڵاتە دیموکراتییەکاندا بەراورد بکرێت، بەتایبەتیش کە لەو وڵاتانەدا دیموکراسیو قبووڵکردنی یەکتری بەهەموو جیاوازییەکانیشەوە، بووەتە کلتوورو لێرەش لەسەرەتای رێیدایە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ پەرلەمانی کوردستاندا بەراوردی بکەین، بەوەشەوە کە ئەمیان زۆر لەوەی پەرلەمانی کوردستان فراوانترە، بەڵام لە زۆرێک لە بوارەکاندا پەرلەمانی عێراق لەپێش پەرلەمانی کوردستانەوەیەو ژیانی دیموکراسیش لە پەرلەمانی عێراق، زیاتر لەوەی کوردستان لەناو پەرلەماندا بوونی هەیە، راستە لێرە زۆرینەی بڕیارەکان لەسەر بنەمانی رێککەوتنو هاوپشکی حیزبی لە ناو حکومەتەدا بەڕێوەدەچن، بەڵام جیا لەوەی کە ئەوێ حیزبو کوتلە ناتوانن پەرلەمانتارەکانی سەربەخۆ یان بە شێوەیەک ئاراستە بکەن کە حیزبو کوتلەکەیان دەخوازێت، هەرچەندە لە پەرلەمانی عێراق جگە لە فراکسیۆنی گۆڕان، هێزێکی تر لە دەرەوەی پێکهاتەی حکومەتدا نییە، بەڵام هەمیشە هێزی ئۆپۆزسیۆنو بەرەنگاربوونەوە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا لەبەرامبەر هەموو ئەو هەوڵانەدا سەرهەڵدەدات کە دەیانەوێت لە رۆڵو هەیبەتی پەرلەمان کەمبکەنەوە، لێرەش لایەن هەیە لەناو لیستی حوکمڕاندا، دەیەوێت پەرلەمان بکاتە پاشکۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی خۆیو هەوڵدەدات کۆمسیۆنە سەربەخۆکان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەڵام هەر لەناو هەمان لیستدا دەنگی توندو بەرزی ناڕەزایی بەو سیاسەتە هەیەو شێلگیرانە شەڕ لەسەر سەربەخۆیی پەرلەمان دەکات. لێرە، جیا لەوەی کوردستان، لەناو لیستی زۆرینەی حوکمڕانیشدا، راو هەڵوێستی جیاواز هەیەو لە زۆر بواریشدا رەخنەی توندو جدیی لە حکومەت دەگرن بەبێ ئەوەی کەس جورئەت بکات، تۆمەتی تەخوین یان ئاژاوەگێڕیان بخاتە پاڵ، تەنانەت پەرلەمانتار هەن لەناو هەمان کوتلەی دەسەڵاتدانو داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانو حکومەتیش دەکەن بەبێ ئەوەی لەلایەن فراکسیۆنی دەسەڵاتیشەوە بەهیچ شتێک تۆمەتبار بکرێن.

ماوەتەوە بڵێم، لێرە پێچەوانەی پەرلەمانی کوردستان کە جگە لە ئیعلامی حیزبی دەسەڵاتدارو لەو شوێنانەشدا کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکات، دەنا لە کوردستان هەموو گفتوگۆکانی پەرلەمانیش لە تاریکیدا بەڕێوەدەچنو خەڵک نازانێت لە هۆڵی پەرلەماندا چ باسە، بەڵام لەوەی ئێرەدا، هەموو گفتوگۆکان بەشێوەیەکی شەفافانە لە رێی فەرمانگەی راگەیاندنی پەرلەمانەوە بەشێوەیەکی بێلایەنانە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن دەگوازرێنەوەو لەوێشەوە بۆ جەماوەر، ئیتر لەوێوە خەڵک دەزانێت نوێنەرەکانیان لە پەرلەماندا چۆن نوێنەرایەتییان دەکەنو بە چ شێوەیەک پارێزەرێتی بەرژەوەندییەکانی ئەوانیشن، لێرە پێچەوانەی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان دەسەڵاتو هەیبەتی خۆی هەیەو دەسەڵاتیشی لەسەروو هەموو دەسەڵاتەکانەوەیەو تاکە مەرجەعی خەڵکی عێراقیشە.

لەسەر رووداوەکانی میسر

# پەرلەمانی کوردستان بێدەنگ، پەرلەمانی عێراق هاتە دەنگ

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پشتگیریی ناڕەزاییو خۆپیشاندانەکانی هاوڵاتییانی میسر دەکاتو پەرلەمانی کوردستان بێدەنگەو تاڵەبانیش، پشتی حوسنی موبارەکی سەرۆکی ئەو وڵاتە دەگرێت.

دوابەدوای رووداوەکانی ئەمدواییەی وڵاتی میسرو خۆپیشاندانی جەماوەریی دژ بە حوسنی موبارەکی سەرۆکی ئەو وڵاتە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەبەیاننامەیەکدا، پشتگیریی لەو هەڵوێستەی گەلی میسر کردو لەبەیاننامەیەکدا کە لەدانیشتنی ٢٠١١/٢/٣ی پەرلەمان خوێندرایەوە، هاتووە: «پشتگیریی خۆمان بۆ گەنجانی میسر دەردەبڕین کە هەوڵ بۆ ئازادیی دەدەنو گەلی عێراقیش پاڵپشتی رێگەچارەکانی دیموکراتیو ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات دەکەن لە میسر».

دوابەدوای ئەو دانیشتنەو رۆژێک دوای ئەو بەیاننامەیەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاژانسی دەنگوباسی شەرقولئەوسەت، بڵاویکردەوە کە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، پەیوەندیی بە حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسرەوە کردووەو لەو پەیوەندییەدا، تاڵەبانی متمانەی خۆی پیشانداوە سەبارەت بە توانای حوسنی موبارەک بۆ تێپەڕاندنی بارودۆخی میسر.

د. محەمەد کیانی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو دوو هەڵوێستە، ئیزدیواجییەتە لە وتاری سیاسیداو دەبێت سەرۆک کۆمار ئاگاداری پەرلەمان بێت کە چی وتووە».

کیانی، ئاماژەی بەوەش دا کە «ئەو هەڵوێستەی سەرۆک کۆمار، دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ترو بەوپێیەش کە پەرلەمان سەرچاوەی شەرعیی هەموو دامەزراوەکانی ترەو سەرۆک کۆماریش لەپەرلەمانەوە هەڵبژێردراوە، پەرلەمان شەرعییەتی ئەو گوتارەی هەیە». جگە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە چەند رۆژی رابردوودا، نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، پشتگیریی لە هاوڵاتییانی میسر کردووە، بەڵام تا ئێستا (حکومەت، سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان)ی کوردستان هەڵوێستیان نەبووە.

سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پەرلەمانی عێراق بەئاگاترو کراوەترەو خەمخۆری دیموکراسییەتو ئازادیی گەلانی ناوچەکەیە، لە کاتێکدا دەبوو پەرلەمانی کوردستان یەکەم پەرلەمان بووایە، پشتیوانیی گەلی میسری بکردایە، چونکە پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی میللەتێکە کە سەردەمانێکی زۆر، بەدەست رژێمێکی داپڵۆسێنەری دیکتاتۆریی هاوشێوەی دەسەڵاتی میسرەوە ناڵاندوویەتیو پێویستبوو پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پشتیوانیکردنی گەلی میسر، ئیدانەی رەفتارەکانی دەسەڵاتدارانی میسری بکردایە».

وتیشی: «پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانێکی موحافیزکارەو نیەتێکی سیاسیی هەیە کە هەڵوێستی نەبێتو ئەو بیانووە دروست نییە کە دەوترێت ئێستا پەرلەمان لەپشوودایە، چونکە دەیتوانی سەرۆکایەتیی فراکسیۆنەکانی کۆبکردایەتەوەو بەیاننامەی دەربکردایە».

هاوکات، ئاسۆ کەریم، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانو رۆشنبیریی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە: پەرلەمانی کوردستان بە تەواوی فراکسیۆنەکانەوە لەگەڵ داخوازییو ئازادییو ئیرادەی خەڵکی میسردان، چونکە «ئێمەی کورد زوڵمو زۆرمان بینیوەو چەندین ساڵ چەوسێنراوینەتەوەو نەتەوەیەکی ستەملێکراوبووین، پەرلەمانی کوردستان کە هەڵوێستی نەبووە، رەنگە لەبەر ئەوە نەبێت کە پشتگیریی دەنگی ناڕازی میسر نەکات».

ئاسۆ کەریم کە وتەبێژی لیستی کوردستانییشە، لەگەڵ ئەوەی هەڵوێستەکەی پەرلەمانی عێراق بە کارێکی باش وەسف دەکات، بەڵام بە پێویستی نازانێت لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرکردنی بەیاننامەیەک کۆببێتەوە، بەڵکو فراکسیۆنەکانو پەرلەمانتاران دەتوانن بۆ خۆیان پشتیوانیی گەلی میسر بکەن.

## تاڵەبانی، داوای چوار جێگر دەکات

ڕۆژنامە: لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە ماڵپەڕی سەرۆکایەتی کۆمار بڵاویکردووەتەوە، جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆمار پرۆژەیاسای هەمواری یاسای جێگرەکانی سەرۆک کۆماری ئاراستەی پەرلەمان کردووە بۆ زیادکردنی جێگرەکانی لە سێ جێگرەوە بۆ چوار جێگر، کە چوارەمیان تورکمان بێت. پێشترو لەدوای پەسەندکردنی ئەو یاسایە، تاڵەبانی هەریەک لە عادل عەبدولمەهدیو تاریق هاشمیو خوزەیر خوزاعی، وەک جێگری دەستنیشان کردو لەدوای گوشاری تورکمانەکان بۆ وەرگرتنی پۆستی یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک کۆمار، تاڵەبانی ئەو داوای هەموارکردنەوەیەی ڕەوانەی پەرلەمان کردووە.



### پەرلەمانتارێک: بەڵگەی درێژبوونەوەی دەسەڵاتی بەعسە

# زیاد لە (١٣) هەزار بڕیاری حیزبی بەعس لە عێراق کاری پێدەکرێت

**ڕاپۆرتی: هەستیار قادر**

لە کۆی زیاد لە (سیانزە هەزار) بڕیاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕشی بەعس تەنیا (٢٩) بڕیاریان لە پەرلەمانی عێراق پوچەڵکراونەتەوەو پەرلەمانتارێکیش پێیوایە؛ «مانەوەی ئەو بڕیارانە مانای درێژبوونەوەی دەسەڵاتی بەعسە»

بەپێی ئامارێک کە تۆڕی (H.N.N)ی هەواڵیی بڵاویکردووەتەوە، لە سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعسدا لەنێوان ساڵی (١٩٦٨ بۆ ٢٠٠٣) ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حیزبی بەعس لە غیابی پەرلەمانێکی شەرعیدا زیاد لە (١٣٥٠٠) بڕیاری دەرکردووە، کە سەرجەمیان هێزی یاساییان هەیەو کاریان پێکراوەو لەدوای (٢٠٠٣)و پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، تەنیا (٢٩) بڕیاریان ڕەتکراونەتەوە، یان هەموارکراون، یان بە یاسا چارەسەر کراونو بە شێوەیەک لە ساڵی کارکردنی ساڵی (٢٠٠٦)ی ئەو ئەنجومەنەدا هیچ بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس ڕەتنەکراوەتەوەو لە ساڵی (٢٠٠٧)دا، (٢٣) بڕیاریان بە یاسا ڕەتکراونەتەوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٨)دا، ئەو ڕێژەیە کەمبووەتەوە بۆ (٣) بڕیارو لە (٢٠٠٩)شدا کەمتر بووەتەوە بۆ ڕەتکردنەوەی تەنیا یەک یاساو ساڵی (٢٠١٠) تەنیا دوو بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕەتکراونەتەوە.

هاوکات پەرلەمانتارێکی کوردیش ئاماژە بە مەترسییەکانی ڕەتنەکردنەوەی ئەو دوو یاسایە دەکات.

بەکر حەمە سدیق، یاساناسو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وێڕای ئاماژەدان بە هێزی یاسایی ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەردەوامیی کارکردن بەو یاسایانە مانای درێژبوونەوەی دەسەڵاتی بەعسە لە عێراقدا».

بەکر حەمە سدیق، ئەو بڕیارانەی ڕژێمی بەعس بەپێی مەترسییان دەکات بە دوو پۆلەوە، یەکەمیان: ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە باری دیمۆگرافی ناوچەکانەوە هەیەو دووەمیشیان: ئەو بڕیارانەی کە بۆ ئیمتیازاتدان بە کەسانێک لەسەر بنەمای ئینتیمایان بۆ حیزبی بەعس دەرچوون.

ئەمە لە کاتێکدایە کە هەفتەی ڕابردوو ڕۆژنامە هەواڵی گشتاندنی یاسای ژمارە (١٧٦)ی ساڵی (١٩٨٠)ی (ئەرکەکانی پیاوانی پۆلیس لە بنەبڕکردنی تاوان)دا، بڵاوکردەوە، لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمەوە بەسەر دەزگاکانی پۆلیسدا کە شەرعیەت بە بەکارهێنانی چەک دەدات لە کاتی دروستبوونی «پشێوییدا».

لەو ڕوانگەیەشەوە بەکر حەمە سدیق، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە بەشێکی زۆر لەو یاسایانە لە هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێتو بە گرنگیشی زانی پەرلەمانی کوردستان کار لەسەر دەرکردنی بڕیار بۆ ڕێگرتن لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕشی بەعس بگرێت.

هاوکات بەپێی بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستان ئەو بڕیارو یاسایانەی کە لەدوای (١٩٩١)ەوە لەلایەن بەعسەوە دەرکراون، لە کوردستان کاری پێناکرێت، مەگەر پەرلەمانی کوردستان خۆی بڕیار لەسەر جێبەجێکردنی بداتو لەدوای (٢٠٠٣) ئەو بڕیارانەی دەرچوون، دەبێت پەرلەمانی کوردستان بڕیاری جێبەجێکردنیان لە هەرێمی کوردستان بدات.

لەلایەکی ترەوە د.سامان فەوزی، یاساناسو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یاسای چاپەمەنییەکانی ساڵی (١٩٦٨)ی عێراقی بە نموونەیەکی تری سلبیی یاساییو بڕیارەکانی سەردەمی بەعس هێنایەوە، کە تائێستاش کاری پێدەکرێتو بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارە؛ پێکهاتەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕابردوودا هۆکاری ڕەتنەکردنەوەی زۆربەی بڕیارەکەکانی ئەنجومەنی شۆڕشی حیزبی بەعس بووەو دەڵێت: «هۆکاری ڕەتنەکردنەوەی زۆرێک لەو بڕیارو یاسایانەی سەردەمی بەعس ئەوەبووە، کە پێشتر سەرۆکایەتی کۆمار لە (٣) کەس پێکهاتبوون، هەر سێکیشیان مافی ڤیتۆیان هەبووە، کە ببووە بەربەستو ئەستەم لەبەردەم ئەو پرۆسەیەدا».



### هەرێمە سوننەکە پارێزگاکانی دیالە، کەرکوک، نەینەوا، سەڵاحەدین و ئەنبار دەگرێتەوە

# دوو دەوڵەتی عەرەبی، لەپشت بیرۆکەی هەرێمی سوننەی عێراقەوەن

**ڕاپۆرتی عەلی ناجی**

**بەغدا**

کوتلە سیاسییەکانی عێراق، دەرگایان بە ڕووی هەوڵەکانی پێکهێنانی هەرێمی سوننەکانی عێراق داخست، کە وەک سەرچاوەیەک ئاشکرای دەکات، لەلایەن دوو دەوڵەتی عەرەبییەوە کاری بۆ کراوە.

لەدوای هەڵبژاردنی گشتی (٢٠١٠/٣/٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، ناوبەناو بیرۆکەی پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵیی سوننە مەزهەب لە عێراقدا باسی لێوە دەکرێت، کە پارێزگاکانی دیالە، کەرکوک، نەینەوا، سەڵاحەدینو ئەنبار بگرێتەوە وەک بەدیلێک بۆ شکستی هێزە سوننییەکان لە هەڵبژاردنی ڕابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقداو هێزێکی نێو پەرلەمان نەما کە کتومت نوێنەرایەتیی سوننەکانی عێراق بکات وەک چۆن شیعەکان هەیانە.

هاوکات لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا، هەندێک لە پەرلەمانتارەکان بە شیعەو تەنانەت سوننەکانیشەوە لە دژی دەوەستنەوە، کە بەشێکیان ئەو هەنگاوە بە ناواقیعیو بەشێکی تریش بە دەستی دەرەکی لەقەڵەم دەدەن.

موستەفا هیتی، سەرکردەی سوننە مەزهەبی ئیئتیلافی عێراقییە، بەتوندی ڕەخنە لە دروستکردنی هەرێمێکی سوننە مەزهەبی عێراق دەگرێتو ئاشکرای دەکات کە بیرۆکەی پێکهێنانی ئەو هەرێمە، هەندێک بازرگانو سیاسیی شکستخواردووی لەپشتە کە وەک ئەو دەڵێت، پەیوەندییان بە دەوڵەتێکی ناوچەکەوە هەیەو تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو بازرگانانە، دەیانەوێت بەپشتی هەندێک وڵاتی بیانی، هەرێمێکی سوننە مەزهەب لەسەر بنەمای تایفی دروست بکەنو دەخوازن فیدراڵیی لەعێراقدا لەسەر بنەمای تایفی بێت»، داواشی لە لایەنە سیاسییەکان کرد کە دژی دروستکردنی هەرێمی فیدراڵیی سوننەکان بوەستنەوە کە بە وتەی ناوبراو، عێراق دابەشو حکومەتی ناوەندیش بێهێز دەکات.

ڕۆژنامە، لەچەند سەرچاوەیەکی ئاگاداری خاوەن بڕیاری عێراقەوە، زانیویەتی کە دوو دەوڵەتی عەرەبی ناوچەکە لەپشت هاندانی سوننەکانەوەن بۆ پێکهێنانی هەرێمە فیدراڵییەکەیان.

هاوکات، پەرلەمانتارێکی سوننەی تر ئاماژە بەوە دەکات، کە لە ئێستادا نیەتی پێکهێنانی هەرێمێکیان بۆ سوننە مەزهەبەکانی عێراق نییە و




محەمەد ئیقبالی ئەندامی بەرەی تەوافوقی عێراقی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ئێستادا، ئێمە لەگەڵ پێکێهنانی هەرێمی سوننە مەزهەبدا نین، بەڵام کاردانەوە دژەکانی پێکهێنانی ئەو هەرێمە لەئاستێکی شیاوی سیاسیدا نەبووەو ئەنجومەنی پارێزگاکانیش دەسەڵاتی تەواویان هەیە کە دەتوانرێت سوود لەو دەسەڵاتانە ببینن، بەڵام نازانن چۆن بەکاری بهێنن».

هەندێکی تریش پێیانوایە، دروستکردنی هەرێمێک بۆ سوننەکان، گواستنەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستانە بۆ عێراقو لەدژی دەوەستنەوە.

ئەرشەد ساڵحی ئەندامی تورکمانی ئیئتیلافی عێراقییە، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە کە پێکهێنانی هەرێمێک بۆ سوننەکان، عێراق دابەش دەکاتو گواستنەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستانیش بۆ پێگەی تری عێراق، کارێکی هەڵەیەو بارودۆخی هەرێمی کوردستان جیاوازە لە ناوچەکانی تری عێراق.


هاوکات، ئەندامێکی هاوپەیمانیی کوردستانیش، ئاماژە بەوە دەکات کە بەر لە لکاندنەوەی کەرکوک بە هەرێمێکی سوننییەوە، دەبێت ڕێوشوێنە دەستوورییەکان بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە کەرکوکدا ئەنجام بدرێت.

موحسین گەرگەری، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەستووری عێراق، مافی داوە بە پارێزگاکانی عێراق، بەپێی یاسا هەرێم پێکبهێنن، بەڵام ئەو پارێزگایانەی وەک کەرکوک کە ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە، پێویستە ئەو ڕێوشوێنانە جێبەجێبکرێن، ئەو کات هەڵوێستیان بەرامبەر بەو هەرێمە سوننییە ڕابگەیەنن».

بەپێی مادەی (١١٩)ی دەستووری عێراق، پارێزگایەک یان زیاتر، بۆیان هەیە هەرێمێک پێکبهێنن بە ڕەزامەندیی سێیەکی ئەندامانی هەریەک لە ئەنجومەنی ئەو پارێزگایانە، یان دە یەکی هاوڵاتییانی ئەو پارێزگایانە بۆ ئەو مەبەستە.

لەوبارەیەوە، عەلی شبری ئەندامی کوتەلی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی لە پەرلەمانی عێراق، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە کە مادەی (١١٩)ی دەستوور، ئاماژەی بە چۆنێتیی پێکهێنانی هەرێمەکان لە عێراقدا داوەو پێشتر ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی بانگەشەی زۆری بۆ دەکرد وەک هەنگاوێکی بەهێزکردنی دەوڵەت، بەڵام بە وتەی ناوبراو، نابێت ئەو هەرێمە لەسەر بنەمای تایفیو حیزبیی پێکبهێنرێت.

سەرکردەیەکی باڵای ئیخوان: هیچ کاندیدێکمان بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی نییە



# کێ جێگەی حوسنی موبارەک دەگرێتەوە؟

راپۆرتی: شاڵاو فەتاح

کێشەی راپەڕینی جەماوەریی میسر ئەوەیە کە رابەرێکی دیاریکراو پێشەنگی خۆپیشاندانەکان ناکات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە راڕایی‌و گومان لە دنیای دەرەوە دروست بکات، چونکە زۆرێک لە ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، لەوە دەترسن میسر بکەوێتە دەستی کەسانێکەوە کە زەرەر بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بگەیەنێت.

ئەمەش نەک تەنیا لە میسر، بەڵکو لە تونس‌و تەواوی ئەو وڵاتە عەرەبییانەی خۆپیشاندانیان تێدا دەکرێت، بەوشێوەیەیە. لە تونس ئەو کێشەیە بووەتە هۆی چەقبەستنی سیاسیی‌و بێتوانایی وڵاتەکە لە پێکهێنانی سەرکردایەتیی نوێ، بەڵام لە میسردا چەند سەرکردەیەک هەن کە ئەگەری ئەوە هەیە، جێی موبارەک بگرنەوە.

## محەمەد بەرادعی

رێککەوتنێک لەنێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکاندا هەیە بۆ ئەوەی بەرادعی وەک وتەبێژو فیگەری دیاری خۆپیشاندانەکان دیاری بکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش متمانەی بە فیگەرێکی وەک بەرادعی هەیە کە چەندین ساڵ لە دەزگا باڵاکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەک سەرۆک کاری کردووە، بەڵام هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئەوەی ئەم پشتگیرییە بەردەوامبێت. ئەمە جگە لەوەی کە بەرادعی لە میسردا بنکەیەکی جەماوەریی ئەوتۆی نییە کە پێگەکەی جێگیر بکاتو هەر کات ئیخوان موسلیمین‌و حیزبی وەفد پشتگیریی خۆیان بۆ بەرادعی بکێشنەوە، ئەوا بەبێ پشتیوان دەمێنێتەوە.

بەرادعی (٦٩) ساڵ، براوەی خەڵاتی نۆبڵی (١٩٩٥)ە بۆ ئاشتی‌و سەرۆکی پێشووی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی بوو. ئەم دبلۆماتە میسرییە، لە ساڵی (١٩٧٤) دکتۆرای لە قانوونی نێودەوڵەتیی لە زانکۆی نیویۆرک بەدەستهێناو لە هەمان ساڵدا گەڕایەوە میسر بۆ وەرگرتنی پۆستی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە، دواتریش لە ساڵی (١٩٨٠) پۆستەکەی خۆی بۆ کارکردن لە نەتەوە یەکگرتووەکان جێهێشتو لە ساڵی (١٩٨٤)دا پەیوەندیی کرد بە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی‌و لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە بووە سەرۆکی ئاژانسەکەو سێ خوول وەک سەرۆک هەڵبژێردرایەوە. بەرادعی، لە ساڵی (٢٠٠٩)وە نیازی خۆی لە بەشداریی سیاسیی لە میسردا دەربڕی، بەڵام بەهۆی ناڕازیبوونی تەواوی سەرکردایەتیی میسرەوە، کشایەوە.

دوو رۆژ دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانو لە (٢٧)ی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، بەرادعی گەڕایەوە بۆ میسر، بەمەبەستی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانداو دواتریش وتی: «ئەگەر خەڵک بیەوێت، دەتوانم حکومەتی ئینتیقالی بەڕێوەبەرم». دواتر لەدوای نوێژی هەینی، پەیوەندیی کرد بە خۆپیشاندەرانەوەو دواتریش چووە مەیدانی تەحریرو بە ئاشکرا وتی: خەڵکی میسر، دەیانەوێت رژێمەکەی موبارەک بڕووخێتو گۆڕینی سەرۆک وەزیران بە عومەر سلێمانی بە هەوڵێکی نەزۆرک وەسفکرد بۆ مانەوەی موبارەک لە دەسەڵاتداو بەرامبەر نیگەرانیی خۆرئاواش، بەرادعی وتی: سەیرە گومان بکرێت لەوەی میسرێکی دیموکرات پەیوەندیی لەگەڵ خۆرئاوا دەبڕێت، بەڵام ئیخوان موسلیمین تا ئێستاش پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ بەرادعی دەرنەبڕیوە.

## عەمرو موسا

ئەم دبلۆماتە میسرییە، ماوەی (١٠)ساڵە سەرۆکایەتیی کۆمکاری عەرەبی دەکات، کە (٢٢) وڵات ئەندامیەتی‌و کەسایەتیی نێودەوڵەتیی‌و هەرێمی کاریگەریی موسا، کردوویەتی بە کاندیدێکی بەهێز لەدوای بەرادعی. عەمر موسای (٧٥) ساڵە لە ساڵی (١٩٥٧) وە دەستی بە کاری دبلۆماسی کردووەو چەندین ئەرکی لە وەزارەتی دەرەوەی میسرو سلکی دبلۆماسی بەڕێوەبردووەو لە ساڵی (١٩٩٠) یشەوە بووە بە نوێنەری هەمیشەیی میسر لە نەتەوە یەکگرتووەکانو لە ساڵی (١٩٩١)ەوە بۆ (٢٠٠١) بووە بە وەزیری دەرەوەی میسرو دوای ئەوەش بووە بە سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی. رەخنەگران دەڵێن، بوونی بە سەرۆکی ئەو کۆمکارە، پلانی موبارەک بووە بۆ سڕینەوەی ئەو لە سیاسەتی ناوخۆو بەرچاوی جەماوەر. لە ساڵی (٢٠٠٥) دا هەزاران کەس ئیمزایان کۆکردەوەو داوایان لە عەمرو موسا کرد خۆی بۆ سەرۆکایەتیی میسر بپاڵێوێت، بەڵام ئەو وەڵامی نەبوو، بەڵام موسا ئەگەری ئەوەی خستە بەردەم جەماوەر کە رەنگە لە هەڵبژاردنی (٢٠١١)دا بەشداریی بکات.

هەرچەندە لە سەرەتاوە دوودڵ بوو لەوەی پەیوەندیی بە خۆپیشاندەرانەوە بکات، بەڵام رۆژی هەینی هەفتەی پێشوو، موسا پەیوەندیی بە خۆپیشاندەرانەوە کردو وتی: ئەگەر جەماوەر بیانەوێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کاندید دەکات. شیکاروانان پێیانوایە، موسا کاندیدێکە کە جەماوەری لە بەرادعی زیاترە، چونکە زۆربەی ساڵەکانی لە دەرەوە بەسەر نەبردووەو لە کارکردندا بەهێزەو ئەستێرەیەکی میدیای میسریشە، بەڵام کێشەی موسا ئەوەیە کە وەک پیاوی دڵسۆزی موبارەک ناوزەدکراوە بەهۆی کارکردنی زۆرییەوە لە وەزارەتی دەرەوەداو کێشەیەکی دیکەشی ئەوەیە کە ئیخوان موسلیمین تا ئێستا بەهیچ جۆرێک پشتگیریی خۆی بۆ دەرنەبڕیوە.

## ئیخوان موسلیمین

هەرچەندە تا ئێستا کاندیدێکیان یەکلایی نەکردووەتەوە بۆ سەرۆکایەتیی، بەڵام وەک بەهێزترین رێکخراوی ئۆپۆزسیۆنی میسری، ئیخوان موسلیمین رۆڵی گرنگی دەبێت لە دەستنیشانکردنی سەرۆکدا. ئەم پارتە بەهۆی بوونی بە پارتێکی ترادسیۆنی ئیسلامیی، لەلایەن خۆرئاواوە گومانی لەسەرەو زۆرێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی نایانەوێت موبارەک بڕوات لە ترسی دەسەڵات گرتنەدەستی پارتەکە، بەڵام ئیخوان تا ئێستاش هیچ بەشدارییەکی فراوانی لە خۆپیشاندانەکاندا پیشان نەداوەو بانگەشەی رێبەرایەتیکردنی نەکردووە، ئەمەش لە ترسی قۆستنەوەی ئەو بانگەشەیە لەلایەن موبارەکەوە، بەڵام زۆرینەی کاندیدە بەهێزەکانی سەرۆکایەتیی، لە ئێستاوە ئیعتیراف بە بوونی بەهێزی ئیخوان موسلیمین دەکەنو دەیانەوێت پشتگیریی ئەو پارتە بەدەستبهێنن.

ئیخوانیش تا ئێستا پشتگیریی تەواوی بۆ هیچ کاندیدێک دەرنەبڕیوەو داوای دەستبەجێ لادانی موبارەک دەکات. لە دوایین هەواڵیشدا، سەرکردەیەکی باڵای ئیخوان، رایگەیاندووە، کە هیچ کاندیدێکیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی نییە، بەڵام بەهۆی رۆڵی کاریگەری ئەم گرووپە، لە ئێستاوە هێزە نێودەوڵەتییەکان دەستیان کردووە بە گفتوگۆ لەگەڵ ئیخوان موسلیمین بۆ گفتوگۆ دەربارەی حوکمی دوای موبارەک.

## ئەیمەن نوور

سیاسییەکی میسرییەو ناوبانگی نێودەوڵەتیی دوای دەستگیرکردنی لە ساڵی (٢٠٠٥) پەیداکرد. ئەیمەن، پێشتر ئەندامی پەرلەمانی میسر بوو لەسەر لیستی پارتی ئەلغەد. دەستگیرکردنی ئەیمەن بووە هۆی دروستبوونی فشارێکی جەماوەریی زۆر لە ناوخۆو دەرەوەی میسرداو دەستگیرکردنەکە بە سیاسیی لێکدرایەوە، دواترو دوای چوار ساڵ، ئەیمەن بەهۆی باری تەندروستییەوە ئازادکرا. ئەیمەن لە ساڵی (٢٠٠٤)دا پارتی ئەلغەدی دروستکردو خۆی بووە سەرۆکی پارتەکە.

ئەیمەن دوای شەڕێکی زۆر، توانیی پارتی ئەلغەد بە فەرمیی بناسێنێت، بەتایبەت دوای ئەوەی داواکەی سێ جار رەتکرایەوە. لە ساڵی (٢٠٠٥)دا ئەیمەن دەستگیرکرا بەهۆی «کاری نهێنی سیاسی»یەوە، ئەمەش بووە هۆی درووستبوونی فشارێکی زۆر لەسەر میسرو ئەو هەنگاوە بە پاشەکشەی دیموکراسی لە میسردا لێکدرایەوە. رۆژنامەی واشنتۆن پۆستیش لە وێبسایتی فەرمیی خۆیداو لە راپۆرتێکی رۆژی شەممە (٢٠١١/٢/٥)دا، ئەیمەن نوور بە یەکێک لە کاندیدەکانی سەرۆکایەتیی میسر لە قەڵەمدەدات.

## عومەر سلێمان


لە ئێستادا جێگری سەرۆکی میسرەو لە حاڵەتی مانەوەی موبارەکدا زۆرترین چانسی بوون بە سەرۆکی میسری هەیە. سلێمانی (٧٥)ساڵ، پێشتر فیگەرێکی دیاری سەربازیی‌و سیاسیی میسر بووەو سەرۆکی دەزگای موخابەراتی میسری بووەو متمانەیەکی زۆری پێبەخشراوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، بەتایبەت خۆرئاوا. رۆژنامەی تەلەگرافی بەریتانی بە «یەکێک لە بەهێزترین بەڕێوەبەرە موخابەراتییەکانی جیهان» ناوزەدی دەکات. گۆڤاری فۆرین پۆلیسیش بە بەهێزترین سەرۆکی موخابەرات ناوی دەبات، تەنانەت بەهێزتر لە میر داگانی سەرۆکی دەزگای موخابەراتی مۆسادی ئیسرائیلی.

سلێمان، دوای هەوڵەکانی بۆ رێکخستنەوەی گرووپەکانی ناو فەلەستین‌و هەوڵدان بۆ ئاشتیی نێوان فەلەستین‌و ئیسرائیل، زیاتر ناسرا. سلێمان بە کەسێکی زۆر نزیکو متمانەپێکراوی سەرۆکی میسر دادەنرێت، هەرچەندە لە سوپادا کاردەکاتو ئەندامی یاسایی پارتی وەتەنی موبارەک نییە، بەڵام هێشتاش بەهێزترین کاندیدی پارتەکەیە بۆ سەرۆکایەتیی دوای موبارەک. دە رۆژ پێشتر، سلێمان بووە کاندیدی حوکم دوای موبارەکو هەرزوو لە هەوڵێک بۆ تیرۆرکردنی رزگاری بوو، کە دوان لە پاسەوانە تایبەتییەکانی کوژران.

کێشەی سلێمان ئەوەیە کە لەلایەن جەماوەری میسرییەوە نەخوازراوەو بە درێژکراوەی حوکمی موبارەک لە میسر دادەنرێت، ئەمە جگە لەوەی کە بە پیاوی ئەمریکاو ئیسرائیل ناوزەد دەکرێتو جەماوەری خۆپیشاندەری میسر بە هەموو جۆرێک بوونی ئەو بە سەرۆک رەتدەکەنەوە. لە دۆخی گۆڕانی موبارەکدا، وا چاوەڕوان دەکرێت کە هەرزوو سلێمانیش بگۆڕدرێت، بەڵام مانەوەی موبارەک، رەنگە سەرۆکایەتیی سلێمانی بەدوادا بێت.

### تەحریر، مەیدانە تووڕەکە

مەیدانی تەحریر، یەکێکە لە جەماوەریترین مەیدانەکانی وڵاتی میسرو شاری قاهیرە، ئەم مەیدانە پێشتر ناوی ئیسماعیلیە بوو، بەڵام دوای شۆڕشی گەلی میسر لە ساڵی (١٩١٩)دا بە "تەحریر" ناوبراو دوای شۆڕشی کۆماریی (١٩٥٢)ش بە فەرمیی ناوینرا "مەیدانی تەحریر" واتە مەیدانی ئازادیی، مەیدانەکە چەندین شوێنی گرنگی وەک مۆزەخانەی میسرو بارەگای پارتی وەتەنی دەسەڵات، ئۆفیسی کۆمکاری عەرەبی، ئوتێلی نیل، بینای زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرەی تێدایە، ئەمە جگە لە میترۆی قاهیرەو وێستگەی سادات بۆ گواستنەوە، ئەم مەیدانە بە شێوەیەکی سەرەکیی بۆ کۆبوونەوەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان بەکاردێت، دیارترین نموونەش "خۆپیشاندانی نان"ی ساڵی (١٩٧٧)و خۆپیشاندانی دژایەتی جەنگی دژ بە عێراقی (٢٠٠٣)و شۆڕشی گەلانی میسری (٢٠١١)یە، هەفتەیەک لەمەوپێش یەک ملیۆن خۆپیشاندەری میسری لەم مەیدانە کۆبوونەوەو داوای رۆیشتنی حوسنی موبارەکی سەرۆکی ئەو وڵاتەیان کرد.




محەمەد بەرادعی



عەمر موسا



ئەیمەن نوور



عومەر سلێمان

نێودەوڵەتی

## ئێران سێ گەشتیارە ئەمریکییەکە دادگایی دەکاتەوە

ڕۆژنامە: دوای ئەوەی یەکشەممەی ڕابردوو دادگای ئێران گەشتیارە ئەمریکییەکانی بە تۆمەتی سیخوڕیی دادگایی کرد، کە لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان دەستگیر کران، پەیمانیدا دادگاییەکە بەردەوامبێت. هاوکات مەسعود شافیعی، پارێزەری شەینباوەرو جۆشفاتاڵی، گەشتیار ڕاگەیاند: لە ئێستادا سارا شراودی گەشتیاری سێیەم بەهۆی باری تەندروستییەوە لە ئەمریکایە، هەربۆیە حکومەتی ئێران داوایکردووە سارا بگەڕێتەوە بۆ دادگای تاران تا لەگەڵ دوو گەشتیارە دەستگیرکراوەکەی تردا دادگایی بکرێن، بەڵام سارا شراود، تائێستا هیچ لێدوانێکی بۆ میدیاکان نەداوە، دەربارەی گەڕانەوە یان نەگەڕانەوەی بۆ ئێران.



## خوێندکارانی زانکۆی ئەمریکی وێڕای فشارەکان، پشتگیریی میسر دەکەن




ڕۆژنامە

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو (٢/٦) کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی بۆنەیەکیان بۆ پشتگیریکردنی شەپۆلی گۆڕان لە ناوچەکەدا ڕێکخست، بۆنەکە سەعات (٢:٣٠) دەستیپێکردو تیایدا چەند خوێندکارێک وتەیان پێشکەشکردو دواتریش تەواوی خوێندکارە ئامادەکان بە (ارحل — بۆ دەرەوە) پشتگیرییان لە گەلی میسر کرد.

ئەم بۆنەیە لە لایەن (جوڵانەوەی گەنجانی ئازاد) ەوە ڕێکخرابوو، ئەم ڕێکخراوە لە لایەن کۆمەڵێک لاوەوە دامەزراوە بۆ چالاکترکردنی لاوان و بەرگریکردن لە ڕای جەماوەر، هەفتەی پێشوو ئەم ڕێکخراوە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە کۆپییەکی گەیشتووەتە ڕۆژنامەو تێیدا هاتووە: «گەلی کورد لە هەموو کەس زیاتر لە زوڵم و ستەمی دیسپۆتیزم و چێژی ئازادیی تێدەگات، ئێمە بەیەک دڵ و یەک دەنگ پشتگیریی لە شۆڕشی گەلی میسر دەکەین، ئێمە پێمانوایە؛ ئەوە واجبی هەموو ئازادیخوازانە کە پشتگیریی لە گەلی گەورەی میسر بکەن لە کاتە سەختەکاندا». لە کۆتایی بەیاننامەکەشدا ئاماژە بەوە دەدرێت؛ کە گرووپەکەیان بەردەوام دەبێت لە پشتگیریی ئازادیی لە هەر کوێیەکی جیهاندا بێت.

چالاکییەکە لە حەوشەی زانکۆدا دەستیپێکردو مۆزایکێک لە کوردو عەرەب و تورکمانی عێراق بەشدارییان تێداکردو هەمووان بە زمانی ئینگلیزیی گوتارەکانی بۆنەکەیان دەوتەوەو پشتگیریی خۆیان بۆ نەمانی زوڵم و ستەمی دیکتاتۆرییەت لە ناوچەکە دەردەبڕی.

میدیا لە ڕووماڵکردنی چالاکییەکەی زانکۆی ئەمریکی بێبەشکرا. هەربۆیە پەیامنێری چەند دەزگایەکی ڕۆژنامەوانیی نەیانتوانی بچنە بینای زانکۆوە بۆ ڕووماڵکردنی چالاکییەکە، لە بارەی هۆکاری قەدەغەکردنی ڕووماڵکردنی چاوپێکەوتنەکە، هیچ کەس ئامادەنەبوو لێدوان بداتو تەنیا کەسانی ئاسایش لەبەردەم زانکۆی ئەمریکیدا بوون.

لە ڕوونکردنەوەیەکدا جوڵانەوەی گەنجانی ئازاد دەربارەی ئەم هەنگاوە نووسیویەتی: بەداخەوە تەنیا یەک سەعات پێش چالاکییەکە لەوە ئاگادارکراینەوە کە میدیا بۆی نییە بۆنەکە ڕووماڵ بکات و بۆمان دەرکەوت لە چەندین لایەنی جۆراوجۆرەوە فشار خراوەتە سەر چالاکییەکەمان.

لەم ڕوونکردنەوەیەدا گرووپەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەوان پەیوەندییان بە هیچ لایەنێکی سیاسییەوە نییەو بگرە بۆ ئەوە دروستبوون شەقام لە حیزبە سیاسییەکان بسەننەوە.

# ئایا یەمەن سێیەمین وڵاتی عەرەبییە بگۆڕێت؟

ڕۆژنامە

کۆبوونەوەی دەیان هەزار کەس لە سەنعای پایتەخت، پێدەچێت یەمەن بکاتە سێیەمین وڵات بۆ گۆڕانی ڕژێم لەدوای تونس و میسر، هەر لە ئێستاوە خۆپیشاندانەکانی یەمەن بووەتە هۆی چەند گۆڕانکارییەکی گەورە.

عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، کە نزیکەی (٣٣) ساڵە سەرۆکایەتی دەکات، پەیمانی دا خۆی هەڵنەبژێرێتەوەو کوڕەکەشی نەکاتە کاندید دوای خۆی لە هەڵبژاردنەکەی (٢٠١٣)دا. ئەمە جگە لە کەمکردنەوەی باج و زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ خوێندکارە دەرچووەکان، ئەمەش بووەتە کارێکی ئاسایی و لە دوایین کاردانەوەدا سەرۆکی جەزائیر، عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە، پەیمانی بە جەزائیرییەکان دا کە ئازادیی سیاسیی زیاتر ببەخشێتە جەزائیرییەکان، ئەمەش دوای ئەوەی پەیمانیان داوە لەماوەی ئەم هەفتەیەدا دەست بکەن بە خۆپیشاندان.

بەڵام ئەم داوایانە نەبووە هۆی قەناعەت پێکردنی جەماوەرو بەردەوامن لەسەر خۆپیشاندان، بگرە زیاتر هانیدان و هەر ڕۆژێک دوای پەیمانەکانی ساڵح، بە دەیان هەزار گەنجی خوێندکار، ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیی، سۆشیالیست، پێکەوە هاتنە سەر شەقامەکانی پایتەخت و خۆپیشاندانەکانیان چڕکردەوە، ئەمە جگە لەوەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان پەیمانیان دا، کە تا ساڵح داواکانیان جێبەجێ نەکات، ئەوان بەردەوام دەبن لە بایکۆتکردنی پەرلەمان و بەشدارینەکردن تێیدا.

ئەمە جگە لەوەی بەرەی جوداییخوازی باشوور بەردەوامن لە ڕووبەڕووبوونەوەی باکوور بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی خۆیان و جیابوونەوە لە باکوور، ئەم هەرێمە پێشتر لەژێر دەستی بەریتانیادا بووەو دواتریش حوکمێکی خۆماڵیی مارکسییانەی هەبووە، لە کاتێکدا باکووری نیشنگەی ساڵحی سەرۆک کۆمار، لەژێر حوکمێکی دینیی خۆماڵیدا بوو، هەربۆیە کلتووریان جیایەو داوای جیابوونەوە دەکەن.

یەکێکی دیکە لەو گرووپانەی کە سوودی لەم خۆپیشاندانانە بینیوە، گرووپی شیعەی زەیدین، کە لە باکووری خۆرئاوای ئەو وڵاتەدا دەژین، ئەم گرووپە ماوەی شەش ساڵە دژایەتی ئاشکراو بەردەوامی سەرۆکی یەمەن دەکەن، بەڵام تائێستا هەوڵەکانیان شکستی هێناوەو نەیانتوانیوە سەرکەوتوو بن. ئەمە جگە لە بەرەی سێیەم کە لاوە بێکارەکان و بێزارن لە نەبوونی ئیش و حوکمی تاکڕەوانەی سەرۆکی وڵات و ئیلهامیان لە خۆپیشاندانەکانی تونس و میسر وەرگرتووەو دەیانەوێت حوکمی وڵات بگۆڕن.

شیکاروانان پێیانوایە؛ ساڵح، تەنیا ماوەیەکی کەمی هەیە بۆ ئەوەی پەیمانەکانی جێبەجێکات و مووچەی فەرمانبەران بەرزبکاتەوەو کار بۆ هەموو بێکاران بدۆزێتەوە، بەڵام جەخت لەوەش دەکەنەوە کە ساڵح، ناتوانێت چیتر پشت بە داهاتێک ببەستێت کە لە سعودیەوە دێت و پێدەچێت دوای شەش مانگی دی، خۆپیشاندەران بە گڕوتینێکی ترەوە بڕژێنە شەقامەکانی سەنعاوە.

عەبدولغەنی ئیریانی، کە کۆمێنتارێکی سیاسییە لە بارەی کێشەکەوە بە نیویۆرک تایمز دەڵێت: «ئێستا یاساکانی یارییەکە گۆڕاوەو پێموایە؛ دەبێت ئەمجارە ساڵح، پەیمانەکانی خۆی جێبەجێ بکات»، بەڵام چەند هاوڵاتییەکی یەمەنی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە پێیانوایە؛ کە ساڵح، بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەست لە حوکم بەرنادات و پێشتریش لە ساڵی (٢٠٠٥)دا ئەم پەیمانەی بەخەڵک داوە. یەکێک لە کەسە نزیکەکانی ساڵحیش، کە نەیویستووە ناوی بۆ میدیا بدرکێنێت، ئەوی بە «گەورەترین درۆزنی سەر ڕووی زەوی» ناوزەد کردووە.

خۆپیشاندەران:

ئێمە ئازادیمان دەوێت،

برۆ دەرەوە ساڵح

لە ئێستادا خۆپیشاندەران بە ئاشکرا لە سەنعای پایتەختدا دەڵێن: «ئێمە ئازادیمان دەوێت، برۆ دەرەوە ساڵح» لە ئێستادا خوێندکارانی زانکۆ بە هۆی تونس و میسرەوە متمانەی ئەوەیان لا دروستبووە، کە دەتوانن سەرۆکی یەمەن لەکار بخەن کە پشتیوانێکی لە مێژینەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، ئۆپۆزسیۆن و خەڵکە نارازییەکەی یەمەنیش لە مەیدانی تەحریری یەمەن خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن، بەڵام کاتێک کە پارتی دەسەڵات ویستی دژە-خۆپیشاندانێک ئەنجام بدات، لەبەر دروستنەبوونی توندوتیژیی شوێنی خۆپیشاندانیان گواستەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەسێک بە هۆی خۆپیشاندانەکانەوە بریندار بوون.

لە لێدوانێکیدا کۆشکی سپی ئەوەی پشتڕاستکردەوە؛ کە سەرۆک ئۆباما، خۆشحاڵە بە هەنگاوەکانی ساڵح و پێیوایە؛ پێویستە کرداری بەدوادا بێت، شیکاروانان پێیانوایە؛ لە ئێستادا ئەمریکا پشتگیریی مانەوەی ساڵح، دەکات لە حوکمدا، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی هاوپەیمانیەتی، بەڵکو یەکێک لە لقە هەرە چالاکەکانی گرووپی «تیرۆریست»ی ئەلقاعیدە لە یەمەندایەو لە ئێستادا کاری تێکدەرانەو دژی حکومەت ئەنجام دەدەن، هەربۆیە خۆرئاوا ترسی لە کۆنترۆڵکردنی حوکمی یەمەن هەیە لەلایەن ئەم گرووپەوە.

لەلایەکی دیکەوە، خۆپیشاندانی جەماوەریی دەسەڵات دژی خۆپیشاندەران دەستیپێکردووەو ئەوانیش گوتاری «دەمانەوێت بمێنێتەوە»یان بەرزکردووەتەوە، بەڵام زۆرینەی خۆپیشاندەران کەسە خێڵەکییەکانن و لە لایەن دەسەڵاتەوە داوایان لێکراوە بێنە سەر شەقامەکان و بەرگریی لە مانەوەی ساڵح و حوکمەکەی بکەن، سەرۆک خێڵەکانیش هەرزوو خێڵەکانی خۆیان کۆکردووەتەوەو بەرەو پایتەخت بەڕێکەوتوون، بەڵام تەنانەت لەناو پشتگیریکارانی ساڵح دا ئەو هەستە هەبوو کە هەرگیز ساڵح ناتوانێت جارێکی تر بەشێوەی پێشوو حوکم بکات.



عەلی ناسر، کە ئەندازیارێکی مەدەنییەو لە سوپای یەمەندا کاردەکات، وتی: کە فەرمانیان پێکراوە خۆپیشاندان لە دژی ئەو کەسانە بکەن کە دەیانەوێت حوکم بگۆڕدرێت، چەند کارمەندێکی دیکە لە وەزارەتەکان هەمان قسەیان پشتڕاستکردەوە.

بەڵام هێشتاش شیکاروانان پێیانوایە؛ خۆپیشاندانەکانی یەمەن هێندەی میسرو تونس بەهێزنابن و ئەگەری گۆڕینی دەستبەجێی ڕژێم ئەگەرێکی دوورە، ئەمەش لەبەر ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییە بەهێزەی ساڵح هەیەتی.

ئیبراهیم شەرقی، جێگری بەڕێوەبەری سەنتەری بروکینگ لە دۆحە بە ئەسۆشیەیتد پرێسی ڕاگەیاند: «ئاماژەی دیارو بەرچاو نییە کە خۆپیشاندەران بتوانن ساڵح بگۆڕن، ئۆپۆزسیۆنی یەمەن توانای دەستپێکردنی خۆپیشاندانی هەبووە، بەڵام توانای هێشتنەوەی نییە».

یکریستۆفەر، پێیوایە؛ کە لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی نایەوێت شۆڕش لە یەمەندا ببینێت و دەڵێت: «کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەیەوێت ئەم سەرۆکە بمێنێتەوەو شەڕی تیرۆریزم بکات، پێموایە؛ ڕژێمەکە خۆی دەزانێت کە ئەمریکا پشتگیریی خۆپیشاندەران ناکات و دەیەوێت ساڵح بمێنێتەوە».

بەڵام هەمان شیکاروان ئەوە دووپاتدەکاتەوە؛ کە لە ئێستادا گەورەترین هەڕەشە بۆ حوکمی ساڵح، ئابوورییەو خەڵکی هەژاری یەمەن پێویستیان بەوەیە باری داراییان گەشە بکات و بێکارەکان کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەم وڵاتە بە یەکێک لە وڵاتە داهات نزمەکان دادەنرێت و لە ئێستادا پشت بە ئەو ڕێژە کەمەی نەوت دەبەستێت، کە (٢٥٪)ی داهاتەکەی پێکدێنێت، ڕێژەی بێکاریی لە یەمەندا ئێجگار بەرزەو بە (٣٥٪) لە قەڵەم دەدرێت، لەمڕووەوە یەمەن پلەی (١٨٤)ەمین وڵاتی هەیە لە لیستی ئەو وڵاتانەدا کە بێکاریی زۆری تێدایە، بە شێوەیەک تەنیا چەند وڵاتێکی ئەفریقی کەم لەدوای یەمەن دێن.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کۆپینەبوونی شۆڕشی تونس و میسر لە یەمەندا، بریتییە: لە خێڵەکیبوونی زۆرینەی یەمەن و نەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەڕێوەبردنی خۆپیشاندەران، شیکاروانان پێیانوایە؛ نەبوونی ڕێکخراوێکی مەدەنی دیاریکراو بووەتە هۆی ئەوەی ئەم ڕاپەڕینەی یەمەن بەشێوەی میسرو تونس نەتەنێتەوە. لە یەمەندا کلتووری خێڵەکیی دەوڵەتیشی گرتووەتەوە، بە شێوەیەک پۆستە سیاسییەکان بەسەر عەشیرەتە یەمەنییەکاندا دابەشکراون.

یەمەن لە ئێستادا هەژارترین وڵاتی عەرەبییەو (٧٠٪)ی هاوڵاتییانی لە خوار تەمەنی (٣٠) ساڵانەوەیەو بێکارییەکی زۆر ڕووی لەو وڵاتە کردووە، ئەم وڵاتە لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە بەشی هەرە باشووری نیمچە دوورگەی عەرەبی و سەر دەریای سوورو یەکەمین وڵاتی نیمچە دوورگەی عەرەبییە، کە حوکمی کۆماریی تێدا پیادە بکرێت.

ژمارەی دانیشتووانی (٢٤) ملیۆن کەسە بەپێی سەرژمێرییەکی ساڵی (٢٠١٠)، ئەم وڵاتە لە دوو هەرێمی باکوورو باشوور پێکهاتووەو پێشتر باکووری یەمەن لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا بووەو باکووریش لەژێر دەستی بەریتانییەکاندا بووە.

عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، سەرۆکی ئێستای یەمەن پێشتر ئەفسەرێکی سەربازیی بووەو لەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی یەمەن بووە سەرۆکی کۆماری یەمەنی یەکگرتوو، ئەو پێشتریش بۆ ماوەی (١٢) ساڵ سەرۆکی یەمەنی باکوور بوو، لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو یەکگرتنەوەی هەردوو یەمەن، ساڵح، بووە سەرۆک کۆماری ئەم دەوڵەتە نوێیە.

بەدواداچوون

پەرلەمانتارێک:
لەماوەی ڕابردوودا وەزیری شارەوانیمان لەسەر «بەدەر لە ڕێنماییەکان» بانگی پەرلەمان کرد.

# بەنداوێک لە کۆیە، چوارجار بودجەی بۆ تەرخانکراوە

**ڕاپۆرتی: ئاری سابیر**

بەنداوێکی کۆیە چوارجار بودجەی بۆ تەرخان دەکرێتو لە کاتی دیاریکراوی خۆشی دوادەکەوێت، بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ ئۆباڵی دواکەوتنی دەخاتە ئەستۆی کۆمپانیاکان.

سەرەڕای ئەوەی ماوەی چەند ساڵێک لە کاتی دیاریکراوی خۆی دواکەوتووە، بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون؛ چەند جارێک بودجە بۆ پڕۆژی دروستکردنی بەنداوی «حەمامۆک» لە کۆیە تەرخانکراوە، بەڵام بێ ئاگاداریی بەڕێوبەرێتی گشتیی بەنداوەکان بووە.

بەپێی گرێبەستێکی نێوان وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستانو کۆمپانیای (نیاز حامد) بەنداوی حەمامۆکی قەزای کۆیە بە بڕی (چوار ملیۆنو سەدو چلو دوو هەزار و چوارسەدو بیستو پێنج) دۆلار دروست دەکرێت.

لەو بارەیەوە سەرچاوەیەکی بەرپرس لە قەزای کۆیە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پرۆژەی بەنداوی حەمامۆک ئەوەندەی لە بەرژەوەندیی چەند بەرپرسێک دروستکراوە، ئەوەندە لە بەرژەوەندیی جوتیارانو کۆکردنەوەی ئاو نەبووە، لەبەر ئەوەی توانایەکی زۆرکەمی هەیەو جێگەکەشی نەگونجاوەو دەتوانرا لە دەشتی کۆیە، یاخود شوێنێکی باشتر دروست بکرایەو سوودی زیاتری هەبوایە».

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا؛ ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی پێدرابوو چەند پرۆژەیەکی تری لە قەزای کۆیە هەبوو بە کۆمەڵێک کەموکوڕیی بەجێیهێشتن، بەڵام جارێکی تر ئەو پرۆژەیەی پێدرایەوەو نەیتوانی تەواوی بکات، دووبارە کرایەوە تەندەرو درایە کۆمپانیای (ئێڵ برۆن)، ئەویش لە کاتی خۆیدا پرۆژەکەی تەواو نەکرد».

لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە کۆمپانیای (نیاز حامد) دەستی کرد بە کارکردن لە پرۆژەی بەنداوی حەمامۆکو ماوەی پرۆژەکە (٤٥٠) ڕۆژ بوو، کە دەبوایە ساڵی (٢٠٠٦) تەواو بکرایە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی شەش ساڵ، ئەمساڵ پرۆژەکە تەواو بووە.

ئەگەرچی لە ساڵی (٢٠٠٥) بودجەی تەواو بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە، بەڵام بە دوو قۆناغ (پێنج ملیارو سێسەد ملیۆن) دیناری تری لەبودجەی وەبەرهێنان بەناوی پرۆژەی بەردەوام بەمشێوەیەی بۆ پرۆژەکە تەرخانکراو دواتر لە ساڵی (٢٠٠٩) (ملیارێکو هەشتسەدو شەستو نۆ ملیۆن) دینارو لە ساڵی (٢٠١٠)، (سێ ملیارو پێنجسەد ملیۆن) دیناری بۆ تەرخانکرا، بەمەش کۆی گشتیی ئەو بودجەیەی بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخانکراوە زیاتر لە (١٠ ملیار) دینارە، لە کاتێکدا پرۆژەی بەنداوی بانووی تاڵەبان لە کۆیە، کە بە بەراورد لەگەڵ بەنداوی حەمامۆکدا



بەنداوەکە لەکاتی ئیشکردن تێیدا فۆتۆ: ئاری

توانای زیاتری کۆکردنەوەی ئاوی هەیەو لە ساڵی (٢٠١١) دروستدەکرێت، بودجەکەی (حەوت ملیارو سێسەدو پازدە ملیۆن دینارە).

سەبارەت بە دواکەوتنی پرۆژەکە (ئەکرەم ئەحمەد) بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لەوەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو، ئەوەی ڕەتکردەوە؛ کە پرۆژەکە بە شەش ساڵ تەواو بووبێت، هۆکاری دواکەوتنی پڕۆژەکەشی گەڕاندەوە بۆ چەند خاڵێک، لەوانە: گۆڕینی شوێنی پرۆژەکەو خراپیی کۆمپانیاو بارانبارینو گۆڕانکاریی لە دیزاینەکە، هاوکات بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پرۆژەکە ساڵی (٢٠٠٧) دراوە بە کۆمپانیا (ئێڵ برۆن)و لە (٢٠٠٨) دەستکراوە بەکارکردنو گۆڕانکاریی لەشوێنی دروستکردنی بەنداوەکەو دیزاینەکە کراوەو سەرەڕای بارانبارین لەو ماوەیەدا، کۆمپانیاکەش بە باشی کارەکانی ڕانەپەڕاند، بۆیە پرۆژەکە دواکەوتووە».

ئەکرەم ئەحمەد، بێئاگایی خۆی لە تەرخانکردنی بودجەی زیاتر بۆ ئەو بەنداوە ڕاگەیاندو وتی: «جگە لەو بودجەیەی لە سەرەتادا کە بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە، ئێمە داوای هیچ بڕە پارەیەکی ترمان نەکردووە، تاوەکو منیش ئیمزا لەسەر داواکردنی بودجە نەکەم بۆ ئەو پرۆژانە، کەس ناتوانێت داوا بکات».

هاوکات لیژنەیەکی پەیوەندیداری پەرلەمانی کوردستانیش لەبارەی بەشێک لەو پرۆژانەوە لێکۆڵینەوە دەکات.

پێشەوا تۆفیق، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێریی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە کۆبوونەوەی لیژنەکەمان باسی سەرجەم ئەو پرۆژانەمان کردووە کە پەیوەندیی بە لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێرییەوە هەیە، بڕیارە سەردانی پرۆژەکان بکەینو لێکۆڵینەوە لە کێشەو کەموکوڕییەکان دەکەینو بە ڕاپۆرت لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار دەکەینەوەو بانگهێشتی پەرلەمانیان دەکەین».

# «بەدەر لە ڕێنماییەکان» گەندەڵییە یان زەرووڕەتی ئیداریی؟

**ڕاپۆرتی: هەستیار قادر**

«ماوەیەک لەمەوبەر وەزیری شارەوانییەکانی هەرێممان بانگهێشتی پەرلەمان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە پێدانی بڕی (٥٠٠) پارچە زەوی بە هاوڵاتییان کە «بەدەر لە ڕێنماییەکان» کرابوو، لەکاتێکدا لە ٢٠٠٦/٦/٨وە بە بڕیارێک زەویدان بە هاوڵاتییان ڕاگیراوە»، ئەمە وتەی پەرلەمانتارێکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستانە.

ماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستان نووسراوی ڕەسمیی وەزارەتو دامودەزگا حکومییەکان بە هۆی چەمکی «بەدەر لە ڕێنماییەکانەوە» زەوی، ئیمتیاز، پۆست، پارە دەدەن بە کەسانێک کە دەشێت مافی وەرگرتنی ئەو ئیمتیازانەیان نەبێت، ئەمەش بەلای هەندێکەوە جۆرێکە لە گەندەڵییو بە لای هەندێکی تریشەوە زەرووڕەتی ئیدارییەو پەرلەمانتارێکیش دەڵێت: «دەبێت دیوانی چاودێری دارایی بڕیار بدات، ئەو چەمکە بە سلبیی، یان ئیجابیی بەکارهێنراوە».

هەندێک لە شارەزایان دەڵێن؛ خودی چەمکی «بەدەر لە ڕێنماییەکان» لە سیستمی ئیداریدا بۆ ئەو حاڵەتە کتوپڕانەیە کە یاسایەکی دیاریکراو چاوەڕوانی ڕوودانی، یان پێویستی نەکردووەو لە چوارچێوەیەکی یاساییدا نییەو ڕێنماییەکانیش نایانگرێتەوە، ئەو کات پەنا دەبرێتە بەر ئەو هەنگاوە.

د.ئاراس حسێن، سەرۆکی لیژنەی داراییو کاروباری ئابووریی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە؛ بەدەر لە ڕێنماییەکان بۆ ئەو حاڵەتە کتوپڕانەیە کە بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی بێتو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەڵام گەر بەدەر لە ڕێنماییەکان ئیمتیازاتێک بە کەسێک بدرێت، کە شایستەی نەبێت، ئەوا دەچێتە خانەی گەندەڵیی ئیدارییەوە».

ئەمە لە کاتێکدایە چەمکی بەدەر لە ڕێنماییەکان لە بارێکی تایبەتو پێویستەوە بووەتە بارێکی گشتییو باوی بەکارهێنراو.

هاوکات سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان، باس لە نموونەیەکی زیندووی بەکارهێنانی چەمکی بەدەر لە ڕێنماییەکان دەکات بۆ بەخشینی ئیمتیازاتو دەڵێت: «ماوەیەک لەمەوبەر وەزیری شارەوانییەکانی هەرێممان بانگهێشتی پەرلەمان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە پێدانی بڕی (٥٠٠) پارچە زەوی بە هاوڵاتییان بەدەر لە ڕێنماییەکان، لە کاتێکدا لە ٢٠٠٦/٦/٨وە بە بڕیارێک زەویدان بە هاوڵاتییان ڕاگیراوە».

ئەو ئەندامەی لیژنەی نەزاهە




پێیوایە؛ لەو بارەیدا بە سلبیی سوود لە بەدەر لە ڕێنماییەکان بینراوە بە ڕۆژنامەشی ڕاگەیاند: «تائێستا بەڕێوەبردنی ئیداریی لە هەرێمدا بە شێوەیەکی کلاسیکییەو یاساش لەم وڵاتەدا کە لە سەروو هەموو شتێکەوەیە، وەک خۆی جێبەجێ ناکرێتو بەدەر لە ڕێنماییەکانیش بۆ خۆی شکاندنی یاسایە».

لەلایەکی تریشەوە، ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە بەدەر لە ڕێنماییەکان لە بنەڕەتدا بۆ حاڵەتی ئیجابیی دانراوە، بەڵام دوو ڕەهەندی هەیەو زۆرجار بەرپرسانی لایەنی جێبەجێکردن بۆ بارە سلبییەکەی پەنای بۆ دەبەن.

گۆران ئازاد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەدەر لە ڕێنماییەکان لە بنەڕەتدا بۆ حاڵەتێکی ئیجابیی دانراوە بۆ دەست نەبەستراني حکومەت لە کارەکاندا، بەڵام بۆ خۆی دوو لایەنی هەیەو وای لێهاتووە بەداخەوە بەرپرسانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ لایەنە سلبییەکەی پەنای بۆ دەبەنو ئەو ئیمتیازاتانە بۆ حاڵەتە سلبییەکە دەبەخشنەوە، نەک بۆ بەڕێکردنی کاروباری دامودەزگاکانی خۆیان».

گەندەڵیبوون، یان نەبوونی بەکارهێنانی «بەدەر لە ڕێنماییەکان» بە لای ئەو پەرلەمانتارەوە دەبێت لە لایەن دیوانی چاودێری داراییەوە یەکلایی بکرێتەوەو دەڵێت: «لە زۆربەی وڵاتان بە هەرێمی کوردستانەوە دیوانی چاودێری دارایی هەیەو کاتێک کارێک بەدەر لە ڕێنماییەکان دەکرێت، جارێکی تر لەژێر چاودێری داراییدایەو لێکۆڵینەوەی لێدەکات، گەر بۆ لایەنە ئیجابییەکەی بەکاری نەهێنابێت، ئەوکاتە چاودێری دارایی بڕیار دەدات کە گەندەڵییە، یان نا».

## ڕەوشێکی نالەبار زەنگێک بۆ چاکسازیی

هەمووان ئەو ڕەوشە سیاسییەی هەردوو وڵاتی عەرەبی (تونسو میسر) مان بینیو ئەگەری سەرهەڵدانی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە لە چەند وڵاتێکی تریش دەکرێت، ئاشکرایە (پاوانخوازییو ناعەدالەتیو بێکارییو هەژاریی) لەو هۆکارانە بوون کە بوونە هەوێنی ڕاپەڕینی جەماوەریی لەو وڵاتانەدا، ڕەوشێکی ئاواش دەبێتە زەنگێک بۆ زۆرێک لە وڵاتانی تر، بە تایبەت ئەو حکومەتانەی کە تیایدا بۆشایی لە نێوان دەسەڵاتو جەماوەردا هەیە.

لە کوردستانی ئازیزیشمان، کە بە چەندین قۆناغی سیاسیی پڕکارەساتدا تێپەڕیوە، دەبێت دەسەڵات حساب بۆ ئەو بێکاریی و هەژارییەی هەیە بکات.

پێویستە بەرنامەی چاکسازیی هەر بۆشاییەکی (سیاسییو داراییو کۆمەڵایەتی)، کە لەنێوان دەسەڵات و جەماوەر دروست بووە، بە هەند وەربگیرێتو خەمخۆرانە لەپێناو سە قا مگیر یی و ئاشتەوایی چارەسەر بکرێت.



ئەحمەد حەمەسالّح

پە ککە و تنی کەرتەکانی کشتوکاڵییو پیشەسازیی، کە لە ئایندەدا زیانێکی زۆر بە وڵات دەگەیەنێت، یەکێکە لە کەموکورتییەکان، وڵاتێکی خاوەن خاکی بەپیتو گونجاو و لەبار بۆ دروستکردنی چەندین بەنداو بۆ گلدانەوەی ئاو و هەڵکەوتوو بۆ برەودان بە کەرتی گەشتوگوزارییو دەوڵەمەند بە جۆرەها سامانی سروشتی سەرزەویو ژێر زەوی، هەروەها خاوەن تواناو شارەزاییو هێزی کار کە هەڵگری پەیامی (بە دەستێک نانو بە دەستێک بنیادنان)ین، دەبێت بۆ وا دواکەوتوو بێت.

لەمڕۆدا دیاردەی پەکخستنی بەرهەمو تواناو هێزی کار هاتووەتە کایەوە لە ڕەوشێکی ئاواشدا هەزارەها بێکارو خانەوادەی کەمدەرامەتو هەژاری هێناوەتە بوون، بە هاتنە کایەو زۆربوونی هەژارانی وڵات، جیاوازیی لە نێوان دوو لایەن (کاربەدەستانو هەژاران) لە ئەنجامی نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دروستبووە، نەدارانو کەمدەرامەتانو بێکارانو ناحیزبییو هەتیوانو بێوەژنانو خاوەن پێداویستییەکانو هەژارییش بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە کارپێکردنی منداڵانو سواڵکردن ببنە دیاردەو...هتد)، جێی مەترسییە.

لە ڕەوشێکی وەک ئەمڕۆی کوردستاندا پێویستە ئازایانەو خێراو بە پەلە هەنگاو بەرەو چارەسەرکردن بنرێت.


بۆیە لە ڕەوشی ئەمڕۆماندا هەر بەیانێک، یان پەیامێک، یان ناڕەزایی هەر چینێکی کۆمەڵگە، یان ڕاوبۆچوونی ڕۆشنبیرانو کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ دیارخستنو داوای چارەسەری کێشەکان، پێویستە لە نێوەندە سیاسییەکانو پەرلەمانو حکومەتدا بە خەمێک بۆ چاکسازیی وەربگیرێتو بکرێتە ئەجێندای کار لەپێناو ئایندەیەکی گەش بۆ هەمووان.

ئابووری

## بەغدا بودجەی کەرکوک کەمدەکاتەوە

ڕۆژنامە: وەزارەتی پلاندانانی عێراق بودجەی ئەمساڵی پارێزگای کەرکوک بۆ ١٠٦ ملیار دینار کەمدەکاتەوەو ئەو هەنگاوەش ئیدارەی پارێزگاکە نیگەران دەکات.
وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بودجەی ساڵی ٢٠١١ی کەرکوکی دەستنیشانکردووە، کە بڕەکەی ١٠٦ ملیار دینارە، لە کاتێکدا بودجەی ٢٠١٠ی کەرکوک ١٢١ ملیار دینار بوو، ساڵی ٢٠٠٩ بریتیبوو لە ١١٧ ملیار، هەروەها بودجەی ٢٠٠٨ی کەرکوک ( ١٧٢) ملیار دیناربوو.
ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە تا دێت بودجەی کەرکوک کەمدەکرێتەوەو جگە لەوەش بەرپرسانی حکومەتی عێراق هەمیشە ڕێگری دروستدەکەن بۆ سەرفکردنی ئەو بودجەیە.
وتیشی: «کێشەی سەرەکی ئێمە لە کەرکوک نەبوونی سەڵاحیاتە بۆ سەرفکردنی بودجە».








عەلی حەمەساڵح

# پەرلەمانی کوردستان، چی بۆ خۆی و چی بۆ خەڵک کردووە؟

**کاتێک داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کورستان دەکرێت، جگە لە هەموو ئەو وەڵامە سیاسییانەی کە گوێبیستی دەبین، دەبێت وەڵامێکی ئابوورییانەش هەبێت کە ئەو وەڵامە پاڵپشتێک بێت بۆ مانەوەی ئەم پەرلەمانە، یاخود هۆکارێکی دیکە بێت کە بەهۆیەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم خولەی پەرلەمان بکەین.**
**بزانین ئەم پەرلەمانە، چی بۆ خۆی کردووەو چی بۆ خەڵکی کوردستان کردووە؟**



پەرلەمانێک کە داوای هەڵوەشانەوەی دەکرێت.

لە دەرەوەی هەموو ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکانو ئەو ململانێو زمانە زبرەی کە هاتووەتە بوونو بەشێکی زۆری دەزگا ڕۆژنامەوانییە حیزبییەکانی گرتووەتەوە، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەو لێکدانەوەی هەموو هاوکێشە ئابوورییەکان، هەوڵدەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە پەرلەمانی کوردستان، چی بۆ خۆی کردووەو چی بۆ خەڵکی کوردستان کردووە؟، بەپشتبەستن بە وەڵامەکانو لەدەرەوەی هەموو هەڵچوونێک، وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم خولەی پەرلەمان بەپێویستی دەزانم.

### ئەرکی پەرلەمان

کاری سەرەکیی پەرلەمان لە هەر کوێ بێت، یاسادانان، چاودێریکردنو پاشانیش لێپێچینەوەیە لە حکومەت کە ئەگەر کەموکورتی هەبوو، بەڵام لە کوردستاندا هیچکام لەمانەی نەکردووە، ڕەنگە بوترێت، ڕاستە پەرلەمان نەیتوانیوە لێپێچینەوە بکات، بەڵام خۆ یاسای دەرکردووە، کام یاسا؟ پەرلەمان، پارێزەرو داکۆکیکارە لە بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییان، بەئەندازەی ئەو پارەیەی کە پەرلەمان لە بودجەی گشتیی خەرجی دەکات، دەبێت کاری پارێزەریو داکۆکیکار بێت لە بەرژەوەندیی گشتیی، بەڵام ئایا پەرلەمانی کوردستان وایکردووە؟ ئایا لە بودجەی گشتیی خەڵکی کوردستان کە ساڵانە بڕێک پارەی زۆری بۆ دابین دەکرێت، بە ئەندازەی ئەو خەرجییە، بەرگریی لە مافەکانی هاوڵاتییانی کوردستان کردووە؟ کاتێک پەرلەمان پارێزەری هاوڵاتییەو بە پارەی هاوڵاتی خەرجییەکانی دابین دەکرێت، دەبێت یاسایەکیش دەربکات لە بەرژەوەندیی هاوڵاتیدا بێت، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو یاسایانەی پەرلەمان دەریکردوون، نەک لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییاندا نەبوون، بەڵکو دژی بەرژەوەندییەکانیان بوون، ئەگەر تەنیا ساڵی (٢٠١٠) وەربگرین، پەرلەمانی کوردستان (١٣) یاساو بڕیاری دەرکردووە، کە هیچی ڕاستەوخۆ خزمەت بەخەڵکی کوردستان ناکاتو بە ڕای شارەزایانی بواری یاسایی، ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵێکدا کردوویەتیو ئەو پارە زۆرشیان بە هۆیەوە خەرجکردووە، بە چەند یاساناسێکی حیزبیش دەکرا، چونکە بەشی زۆری ئەو یاسایانەی پەرلەمانی کوردستان دەریکردوون، بە ئاوازی حیزب داڕێژراونەتەوە.

ئەو یاسایانەش کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردوون، بەسەر سێ بواردا دابەش دەبن.

یەکەم: ئەو یاسایانەی لە خزمەتی دەسەڵاتدانو پێچەوانەی بۆچوونی ئازادانەی هاوڵاتییانی کوردستانو گەشەپێدانی ژێرخانی ئابوورین لە کوردستاندا، وەک



**یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، (٥) ملیارو (٥٩٥) ملیۆن دینار لەسەر هاوڵاتییانی کوردستان کەوتووە**

یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان کە قەدەغەکردنی خۆپیشاندانی لێکەوتەوەو یاسای بودجە کە نزیکەی (٥٨٪) ئەم بودجەیە بە چەندین ڕێگای جیاواز خراوەتە خزمەتی حیزبو تەنیا (٨٪) بۆ پرۆژەکان بووەو لەو ڕێژەش بەشێکی بۆ کەرتی تایبەت بووەو بەشێکیشی هێشتا جێبەجێ نەکراوە.

دووەم: ئەو یاسایانەی بۆ ڕێکخستنی کاری وەزارەتەکانو دامەزراوەکانی حکومەت دەرکراون، ڕەنگە ئەمەیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەبەرژەوەندیی هاوڵاتییاندا بێت، وەک یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، یاسای وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازیی، یاسای مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانو جێگرەکەی.

سێیەم: ئەو یاسایانەی کە گوایە بۆ خزمەتکردنی ڕاستەوخۆ بە هاوڵاتییانی کوردستان دەرکرابێتن، بەڵام لە ناوەڕۆکی یاساکاندا هەست بەمە ناکرێت، وەک یاسای پێشینەی هاوسەرگیریی، بەهۆی دیاری نەکردنی بڕی ئەو پارەیەی کە پێویستە بدرێتە گەنجان، زۆرینەی گەنجان پێیان وابوو، ئەم یاسایە هیچ خزمەتێکی بۆ ئەوان تێدانییە.

### پەرلەمان چی بۆ خۆی کردووە؟

لە زانستی ئابووریداو لەنێوان خەرجیو شتی پارە بۆ خەرجکراودا، هەمیشە دەبێت هاوسەنگییەک هەبێت، واتە کاتێک مرۆڤ پارەیەک خەرج دەکات، دەبێت شتی پارە بۆ خەرجکراو بە ئەندازەی ئەو پارەیە سوودی بۆ مرۆڤەکە هەبێت. ئایا پەرلەمانی کوردستان ئەم هاوسەنگییەی ڕاگرتووە؟

لە سێ ساڵدا، (١٨٧) ملیارو (٤٨٨) ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی پەرلەمان تەرخانکراوە، ئەم پارەیەی کە لە سێ ساڵدا بۆ خەرجییەکانی پەرلەمانی کوردستان دابینکراوە، دوو ئەوەندەی هەموو ئەو پارانەیە کە بۆ سەرجەم پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستیو وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی (٢٠٠٩)دا خەرجکراوە، ئایا ئەم پەرلەمانە بەئەندازەی ئەو پرۆژانە خزمەتی بە هاوڵاتییانی کوردستان کردووە؟

ئەگەر شێوازی دابەشکردنی ئەم پارەیە بخەینە ڕوو.

گوژمەی (٥٤) ملیارو (٩٠٨) ملیۆن دینار لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بۆ خەرجییەکانی پەرلەمانی کوردستان تەرخانکراوەو لە ساڵی (٢٠٠٩) دا گوژمەی (٥٩) ملیارو (٨٣٩) ملیۆن دینارو ساڵی (٢٠١٠)شدا پارەی تەرخانکراو بۆ خەرجییەکانی پەرلەمانی کوردستان، (٧٢) ملیارو (٧٤١) ملیۆن دینار بووە.

### ئەم پارانەی بۆ پەرلەمان تەرخانکراون، چۆن دابەشکراون؟

-لە ساڵی (٢٠٠٨)دا ئەو پارەیەی بۆ مووچەی مووچەخۆرانی پەرلەمانی کوردستان تەرخانکراوە، (١١) ملیارو (٨٩٤) ملیۆن دینار بووەو لە ساڵی دواتر پارەی تەرخانکراو بۆ مووچە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە بۆ (١٩) ملیارو (٢٨٤) ملیۆن دینارو لە ساڵی (٢٠١٠)دا پارەی تەرخانکراو بۆ هەمان مەبەست (١٧) ملیارو (٦٠٠) ملیۆن دینار بووە.

-لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بۆ شمەکو خزمەتگوزارییو چاککردنەوە، (٢) ملیارو (٩٠) ملیۆن دینار تەرخانکراوەو پارەی تەرخانکراو بۆ شمەکو خزمەتگوزاریو چاککردنەوە لە ساڵی دواتردا بۆ (٦) ملیارو (٧٢٨) ملیۆن دینار تەرخانکراوەو لە ساڵی (٢٠١٠)شدا بۆ هەمان مەبەست، (٦) ملیارو (٩٣٧) ملیۆن دینار تەرخانکراوە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئەم شمەکانەی پەرلەمانی کوردستان چین کە هەموو ساڵێک پێویستە بکاڕێنو هەموو ساڵێکیش چاککردنەوەیان دەوێت؟

- پەرلەمانی کوردستان، بۆ بەخشین لە ساڵی (٢٠٠٨)دا (٣٦٦) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو لە ساڵی دواتر بووە بە (٤٤٥) ملیۆن دینارو لە ساڵی (٢٠١٠)دا ئەو پارەیەی بۆ بەخشین تەرخانکراوە، زیادی کردووە بۆ (٨٥٥) ملیۆن دینار، دەبێت کێ بن ئەو کەسانەی سوودمەندن لە بەخشینەکانی پەرلەمانی کوردستان؟

- بۆ سوودی کۆمەڵایەتی (منافع اجتماعی) پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی (٢٠٠٨)دا (٢)ملیارو (٩١٩) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو لە ساڵی دواتردا بووە بە (٢) ملیارو (٤٠٠) ملیۆن دینارو لە ساڵی (٢٠١٠)دا بووە بە (٢) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دینار، ئەی دەبێت ئەم سوودە کۆمەڵایەتییانە، بۆ کێ بنو چۆن خەرجکرا بێت؟

-لە ساڵی (٢٠٠٨)دا، (٣٠) ملیارو (٩٣٧) ملیۆن دیناری بۆ مەوجوداتی نادارایی پەرلەمانی کوردستان تەرخانکردووە، کە پارەی دروستکردنی (١٩) قوتابخانەی سەرەدەمییانەیەو لە ساڵی دواتریشدا (٢٥) ملیار دیناری دیکە کە پارەی دروستکردنی (١٥) قوتابخانەیە بۆ مەوجوداتی نادارایی تەرخانکردووە، ئایا تەرخانکردنی ئەم پارە زۆرە بەشێوەی ساڵانە بۆ مەوجوداتی نادارایی، ناچێتە چوارچێوەی بەهەدەردانی سامانی گشتییەوە؟

### هەر یاسایەک چەند کەوتووە لەسەرمان؟

گریمان پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، تەنیا یەک دیناری ئەم پارەیەشیان بەهەدەر نەداوەو لەشتی پێویستدا خەرجیان کردووە، ئەی لە بەرامبەر خەرجکردنی ئەم پارە زۆرەدا، چییان بۆ خەڵکی کوردستان کردووە؟

پەرلەمان، جگە لە یاسادەرکردن هیچ شتێکی دیکەی بۆ خەڵکی کوردستان نەبووەو نەیتوانیوە تەنانەت لێپێچینەوە لە بەرپرسێکی حکومەتیش بکات.

ئەگەر تەنیا ساڵی (٢٠١٠) وەربگرین، پارەی تەرخانکراو بۆ خەرجییەکانی پەرلەمانی کوردستان، (٧٢) ملیارو (٧٤١) ملیۆن دینار بووەو جگە لە دەرکردنی (١٣) یاساو بڕیار، هیچی دیکەی نەکردووە.


بەم پێیەش هەریەک لە یاساکانی وەک یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان کە زۆرینەی هاوڵاتییانی کوردستان دژی بوون، یاسای مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانو جێگرەکەی، یاسای پێشینەی هاوسەرگیریی کە بە خواستی گەنجان نەبوو، (٥) ملیارو (٥٩٥) ملیۆن دینار لەسەر هاوڵاتییانی کوردستان کەوتووە.

کاتێک ئەمە دۆخی پەرلەمان بێت، هەموو شتێک بۆ خۆی بکات لە پارەی خەڵکو هیچ بۆ هاوڵاتییانی کوردستان نەکات لە پارەی هاوڵاتییان خۆیان، بۆ دەبێت باسکردن لە هەڵوەشاندنەوەی وەک کوفرێکی گەورە وێنا بکرێت.



**لە سێ ساڵدا، (١٨٧) ملیار دینار بۆ خەرجییەکانی پەرلەمان تەرخانکراوە**

بەدواداچوون



سوبحی مەهدی:
ئێمە موڵکەکان دەگەڕێنینەوە ئەگەر دوو حیزبەکەی دەسەڵات بیانگەڕێننەوە.



سلێمانی، قەڵاچوالان، سەرکردایەتی یەکێتی، موڵکێکی داگیرکراو.
فۆتۆ: تایبەت بە رۆژنامە

# حیزبەکان چاوەڕوانی دەستپێشخەریی یەکێتیو پارتین موڵکەکانیان بگەڕێننەوە

## ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی: ئەوە ئیشی حکومەتە موڵکو ماڵی گشتیی لە حیزبەکان بسەنێتەوە

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

تەسلیمکردنەوەی ئەو موڵکو ماڵە گشتییانەی کە چەندین ساڵە لە لایەن حیزبە کوردستانییەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، کۆدەنگیی دروست دەکاتو بە وتەی ئەندامەکانیان هەموو چاوەڕێی بڕیاری حکومەتن بۆ ئەو کارە.

دوای ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە بەیاننامەیەکدا سەبارەت بە چاکسازیی لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی بەوە کرد؛ کە پێویستە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم موڵکە داگیرکراوەکانی حکومەت بگەڕێننەوە، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: «زۆربەی حیزبو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان موڵکو ماڵی گشتییان لایەو کردوویانەتە بارەگای حیزبییو پێویستە بیگەڕێننەوە بۆ حکومەت، تا وەک شوێنی خزمەتگوزاریی سوودی لێ ببینرێت»، لە ئێستاشدا هەرسێ حیزبی سۆسیالیستو شیوعیو بزووتنەوەی گۆڕان چاوەڕوانی یەکێتیو پارتین تا دەستپێشخەریی بکەن لە گەڕاندنەوەی موڵکو ماڵی گشتیی بۆ حکومەت، یەکگرتوو و کۆمەڵیش دەڵێن: «هیچ موڵکو ماڵێکی گشتیمان لانییە»، ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتیش، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئەوە ئیشی حکومەتە تا موڵکو ماڵی گشتیی لە حیزبەکان بسەنێتەوە، یەکێتیش ئامادەیی خۆی بۆ تەسلیمکردنەوەی موڵکە گشتییەکان بە حکومەت نیشاندەدات.

سوبحی مەهدی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان ئەوەی بۆ رۆژنامە خستە روو؛ کە هەر بڕیارو یاسایەک بەسەر هێزە سیاسییەکاندا وەکو پێکهاتەی حیزب هەبێت، ئەوان ئامادەن وەک هەر لایەنێکی تر پەیڕەوی بکەن، بەڵام دەبێت لەو لایەنانەوە دەست پێبکات کە ماڵو موڵکی زۆری خەڵکو حکومەتیان لەلایە، وتیشی: «ئێمە شتێکی ئەوتۆمان لانییە، چونکە لە کاتی راپەڕیندا تەنیا دەستمان بەسەر چەند رێکخراو و دەزگایەکدا گرت کە موڵکی بەعس بوون، نەک هاوڵاتی».

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی شیوعی مەرجی ملدانیان بۆ بڕیاری گەڕاندنەوەی ئەو موڵکانەی لایانە بۆ حکومەت، بەستەوە بە یەکێتیو پارتییەوەو وتی: «ئامادەیی تەواومان تێدایە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو موڵکانەی کە لامانە، بە مەرجی ئەوەی کە دوو حیزبەکەی دەسەڵات پێش ئێمە نموونەیەک پێشکەش بکەن، تا ئێمەش چاویان لێ بکەین».

ئەو موڵکانەی کە لە راپەڕیندا موڵکی حیزبی بەعس بوونو لە لایەن حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، تائێستا لەسەریان تاپۆ نەکراوە، ئەمەش نیگەرانیی لای ئەو حیزبە دروستکردووەو بە گومانن لەوەی کە حیزبەکانی دەسەڵات کە حکومەتیان بەدەستەوەیە تموحیان لەو موڵکانەدابێت کە بە دەستی ئەوانەوەیە.

بێرون عومەر فتاح، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکرا کرد؛ کە تاکە حیزبن تائێستا موڵکەکانیان لەسەر تاپۆ نەکراوە، هەروەک وتی: «ئێمە تاکە حیزبین کە مابینەوەو بارەگاکانمان تاپۆ نەکرابن لەسەرمان، هەموو حیزبەکانی تر ئەو بارەگایانەی کە فەرمانگەی خزمەتگوزاریی نەبوونو لایان بووە، تاپۆ کراون لەسەریان، تەنیا ئێمە نەبێت چەندینجاریش هەوڵمانداوە، بەڵام هەر جارەی موبەڕیرێک بۆ ئەو مەسەلەیە دێننەوە، بۆیە بڕوامان وایە کە یان ئەوەتا تموحیان لە بیناکان هەیە، یان تاپۆنەکردنیان غەرەزێکی سیاسیی تێدایە، بەڵام سەرباری ئەوەش ئەگەربێتو یاسا، یان بڕیارێک بۆ گەڕانەوەی ئەو موڵکانە هەبێتو هەموو حیزبەکان پەیڕەوەی بکەن، بە دڵنیاییەوە سۆسیالیست کەمتەرخەمیی نانوێنێت».

یەکگرتوو و کۆمەڵ: هیچ موڵکێکی حکومەتمان لانییە تا بیگەڕێنینەوە

بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی لەدوای ئەو بەیاننامەیە هات کە بزووتنەوەی گۆڕان رۆژی (١/٢٩)ی رابردوو بە مەبەستی چاکسازیی لە هەرێمدا بڵاوی کردەوە، هەر بۆیە سەرۆکی حکومەت زۆر بە زەقی تیشکی خستە سەر ئەو موڵکەی کە لە لای بزووتنەوەی گۆڕانەو بریتییە لە «گردی زەرگەتە»، هەربۆیە وتی: «پێویستە گۆڕانیش ئەو موڵکە تەسلیمی حکومەت بکاتەوە».

لەو بارەیەشەوەو لە لێدوانێکی پێشتریدا محەمەد تۆفیق رەحیم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاند: «بزووتنەوەکەمان ئامادەیە «گردەکە» تەسلیم بکاتەوە، بەو مەرجەی یەکێتیو پارتیش ئەو هەزاران دۆنمەی موڵکی گشتیی کە لایانە، بیدەنەوە بە حکومەت»، روونکردنەوەشی دا لەسەر ئەوەی کە گۆڕان وەکو یەکێتیو پارتی هیچ موڵکێکی داگیر نەکردووە، بەڵکو گردی زەرگەتە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٦) دا بۆ کۆمپانیای وشە داواکراوە، بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ کاری ئیعلامییو فەرهەنگیی کە لەلایەن سکرتێری یەکێتییەوە بە کۆمپانیاکە دراوە.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، هەریەک لە یەکێتیو پارتی هەزارەها دۆنم زەوییان لە (قەڵاچوالان، دەباشان، دووکان، کۆیە، سەری رەش، سەلاحەدین، پیرمام، هەولێرو دهۆک) کردووەتە شوێنی نیشتەجێبوونو بارەگای حیزبیو ئیعلامیی، هەربۆیە وتەبێژەکەی گۆڕان وتی: «هەرکاتێک ئەوان نیوەی ئەو هەزارەها دۆنم زەوییەی داگیریان کردووە، دایانەوە بە حکومەت، ئێمە پێش ئەوان ئەو موڵکەی لامانە دەیگەڕێنینەوە بۆ حکومەت».

سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە وتەکانی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا ناوی یەکگرتوو و کۆمەڵی نەهێنا، کە موڵکی گشتیان لابێتو ئەو دوو حیزبەش بە پێویستی دەزانن کە حیزبە کوردستانییەکان هیمەتێک بکەن بۆ گەڕانەوەی موڵکە گشتییەکان بۆ حکومەت.

عەبدولستار مەجید، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە هیچ موڵکو ماڵێکی گشتیمان لانییە، هەرچییەکمان لابوو لە (٢٠٠٣) دا کە وەزعی عێراق گۆڕان تەسلیممان کردەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین کە حیزبەکانی تر موڵکەکان بگەڕێننەوە، بەڵام بەبێ جیاوازیی لەنێوان دەسەڵاتو بێ دەسەڵات، بە پێویستیشی نازانم ئەو کارە بە یاسا لە پەرلەمانەوە دابەزێت، چونکە خۆی لەخۆیدا داگیرکردنی موڵکی گشتیی شتێکی ناقانوونییەو پێویست ناکات یاسای نوێی بۆ دەرچێت، بەڵکو پێویستە حکومەت خۆی رێوشوێن بۆ ئەو مەبەستە بگرێتە بەر.

بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی حیزبێکی تر بە گومانەوە پرسیاری ئەوە دەکات، کە ئایا حیزبەکان پابەندی یاسا، یان بڕیارێکی لەو جۆرە دەکەن کە باس لە گەڕانەوەی موڵکو ماڵە گشتییەکان دەکات بۆ حکومەت.

سەلاحەدین بابەکر، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان وێڕای ئەوەی کە جەختی لەوە کردەوە؛ کە هیچ موڵکو ماڵێکی حکومەت لای یەکگرتوو نییە، وتی: «خانووەکانمان، یان بەکرێیە، یان کڕیومانە، ئێمە مەبدەئییەن لەگەڵ ئەوە نەبووین کە موڵکی گشتیی بکەینە بارەگای حیزبیی، چونکە قەناعەتمان بەوە هەبووە کە جائیز نییە موڵکی گشتیی لە لایەن حیزبەوە سوودی لێ ببینرێت، بۆ لێسەندنەوەی ئەو موڵکانەش لە حیزبەکان بە یاسا بێت، یان بڕیاری حکومەت، ئەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا حیزبەکان تا چەند بەدەنگ ئەو بڕیارەوە دەچن، ئایا جێبەجێی دەکەن؟».



گەڕاندنەوەی موڵکە گشتییەکان بۆ حکومەت، دوای وتەکانی سەرۆکی حکومەت، لە زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندن باس دەکرێت، بەڵام بە بڕوای ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی، ئەو مەسەلەیە ئەوەندەی وەستاوەتە سەر حکومەت، ئەوەندە لە ئەستۆی حیزبەکان نییە.

چنار سەعد عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، وتی: «ماوەیەکە ئەو بابەتە بە گشتیی باس دەکرێت، پێیوایە؛ پێویستە بە وردیی قسەی لەسەر بکرێت، بە پلەی یەکەم ئەرکی حکومەتە کە دەستنیشانی ئەوە بکات کە ئەو موڵکو ماڵە گشتییانە بریتین لە چیو خۆیان لە چیدا دەبیننەوە؟ ئەگەر حکومەت ئەو زانیارییەی لایە، دەبێت زۆر بە وردیی دیراسەی بکاتو بەرنامەیەک بۆ ئەو مەبەستە دابنێت، دەبێت دانیشتنی فراوان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا بکاتو پێیان بڵێت؛ ئەمە موڵکو ماڵی دەوڵەتو خەڵکەو پێویستە هەموولایەک کۆکبن لەسەر گەڕاندنەوەیان، نەک ئاوا بە عمومیات قسەی لەسەر بکرێت».

بە هەمان شێوە ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش، بە پێویستی دەزانێت کە کۆدەنگیی لەسەر ئەو مەسەلەیە دروست بکرێتو حکومەت بە جدیی بەدوای ئەو مەسەلەیەدا بچێت.


ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئەوەی بۆ رۆژنامە خستە روو؛ کە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەیدا باس لەو مەسەلەیە کراوە، وتیشی: «بە کارێکی زۆر باشی دەزانم کە موڵکی گشتیی بگەڕێنینەوە بۆ حکومەتو چیتر لەژێر دەستی حیزبدا نەمێنێت، ئەمەش تەنیا بە یەکێتی ناکرێت، بەڵکو ئەگەر لە پەرلەمانەوە یاسا، یان بڕیاری بۆ دەربچێت، رەنگە باشتربێت، چونکە لەوێ کۆدەنگیی تەواوی لەسەر دروست دەبێت، دڵنیاشم لەوەی کە هەرکاتێک ئەو هەنگاوە نراو رێوشوێن گیرایە بەر، لەو بڕوایەدام یەکێتی دەستپێشخەر بێت».

## بەشێک لە سیستمی نوێی پەروەردە هەڵپەسێردرا

ڕۆژنامە: وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند؛ کارپێکردن بە (١٠) نمرەی پۆلی (١٠)ی ئامادەیی و (١٥) نمرەی پۆلی (١١)ی ئامادەیی جارێ ڕاگیراوە.

بڕیاردان بۆ ڕاگرتنی ئەو بەشەی سیستمی نوێی پەروەردەیی لەدوای خۆپیشاندانەکانی پۆلی (١٠)ی ئامادەییە کە لەچەند هەفتەی ڕابردوودا ئەنجامیان دا.

پێڕێ بەسەرپەرشتی سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوەیەکی پەروەردەیی لە هەولێر ئەنجامدرا، دواتریش سەفین دزەیی وەزیری پەروەردە ڕایگەیاند: هەمووومان هاودەنگ بووین کە سیستمی نوێی خوێندن سیستمێکی باشە ئەگەر پێداویستی و ژێرخانی بۆ ئامادە بکرێت، بەڵام هێشتا پێویستی بەزەمینەی زیاترە.



# وەرگرتنی خوێندکاران لە کۆتایی ساڵدا

## «بێبەرنامەیی حکومەتەو بۆ کپکردنی ناڕەزایەتیی خوێندکارانە»

**ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**

«بەدەر لە پلانی وەرگرتن»، بڕیاروایە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم، بۆ ئەمساڵی خوێندن (٣) هەزار خوێندکار لە پەیمانگاکانی هەرێم وەربگرێت، هاوکات بە بڕوای چاودێران و شارەزایانی خوێندنی باڵا، وەرگرتنی ئەو خوێندکارانە لە ئێستادا، بۆ کپکردنەوەی ناڕەزایی خوێندکارانە.

هەرچەند لە ڕۆژی (٢٠١٠/١١/٤)دا وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەنجامی وەرگرتنی خوێندکارانی ئامادەیی لە زانکۆو پەیمانگاکان ئاشکرا کردو لەو چوارچێوەیەشدا (٣٧) هەزارو (٤٧٩) خوێندکار وەرگیران، بەڵام لە «دەرەوەی پلانی وەزارەت»و لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، ڕۆژی (٢٠١١/١/٢٥) وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم، بڕیاری دا کە (٣) هەزار خوێندکاری تر لە پەیمانگا تەکنیکییەکانی هەرێم وەردەگیرێن، وەرگرتنەکەش سەرجەم دەرچووانی بەشی زانستیی کە ژمارەیان (٨٩٤) خوێندکارە، دەگرێتەوەو کۆنمرەیان (٦٤٪) کەمترەو لە ڕێگەی ناوەندی وەرگرتن، هەروەک (٢٠٠٠-٢٣٠٠) خوێندکاری بەشی وێژەیی وەردەگیرێن کە کۆنمرەیان کەمترە (٥٦٪).

جوان جەلال، بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو خوێندکارانەی کە ئێستا وەردەگیرێن، کاتی دەوامیان بۆ هاوین درێژ دەکرێتەوەو قەرەبووی کاتەکانیان بۆ دەکرێتەوە، هەرچەند ئێمە پێمان باشبوو لە سەرەتای دەوامدا هەموو خوێندکاران پێکەوە وەربگیرانایە، بەڵام لە ئێستاشدا کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە».

وەرگرتنی (٣) هەزار دەرچووی ئامادەیی لە پەیمانگاکان، لە کاتێکدایە کە نزیکەی (٥) مانگە دەوام دەستیپێکردووەو لە هەمانکاتدا «لە چوارچێوەی پلانی وەزارەتدا نەبووە»، هەروەها بەپێی ڕوونکردنەوەیەکی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆ قەرەبووکردنەوەی وانەکانی پێشووی بەشی زانستیی، داوا لە بەشە تەکنیکییەکان دەکرێت لە دوای دەوام، وانەی زیادەیان پێبدرێتو بۆ دەرچووانی ئامادەیی بەشی وێژەییش، بڕیاردرا بە کردنەوەی بەشی ئێوارانی نوێ لە بەشە وێژەییەکانی پەیمانگاکان.

لە ڕوونکردنەوەی وەزارەتدا، ئەوەش هاتووە: «داوا لە سەرۆکایەتیی زانکۆکان کراوە، هاوکاریی دەستەکان بکەن لە پەیداکردنی مامۆستای وانەبێژدا».

سەبارەت بە دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن، فوئاد عەلی، وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی، ئەوە دەخاتەڕوو: «چەند بینایەک لە جێبەجێکردندانو پێدەچێت لە چەند مانگی داهاتوودا تەواوببن، تا ئەو بینایانە تەواودەبن، پەنادەبرێتە بەر هۆڵی زانکۆکاکان، هەروەها کێشەی مامۆستا زۆرە، بۆیە پێویستە هاوکاریی مامۆستایان بکرێتو کرێی وانەبێژیان بۆ زیادبکرێت بۆئەوەی وانە بەو خوێندکارانە بڵێنەوە».




بە بڕوای چاودێرانو شارەزایانی خوێندنی باڵا، وەرگرتنی ژمارەیەک خوێندکار لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی خوێندندا، بێپلانیی حکومەت دەردەخات.

عەزیمە نەجمەدین، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زاستیی لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێویستە وەرگرتنی خوێندکاران بەپێی پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت، نەک لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم»، وتیشی: «ئێستا کاتێکی نەگونجاوە بۆ وەرگرتنی خوێندکارانو نیشانەی بێپلانییو بێبەرنامەیی حکومەتو وەزارەتی خوێندنی باڵایە».

هەروەک د. جەبار قادر، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری خوێندنی باڵا، پێیوایە: وەرگرتنی خوێندکار لە ئێستادا، کەموکورتییەو کاریگەریی دەبێت لەسەر ئاستی خوێندنو ژینگەی خوێندنو دروستبوونی قەرەباڵغییەکی زۆر لە زانکۆو پەیمانگاکاندا، بەڵام لە بەرامبەر داخوازییو فشاری خوێندکاراندا، حکومەت بژاردەی کەمەو لەنێو بژاردە خراپەکاندا، ئەم کارە باشترینیانە.

هەرچەند ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی ئامادەیی لە زانکۆو پەیمانگاکان وەرگیران، بەڵام وەکو عەزیمە نەجمەدین، ئاماژەی بۆ دەکات: مەبەستی حکومەت لە وەرگرتنی خوێندکاران، بریتییە لە کپکردنەوەی دەنگو ناڕەزاییەکانی خوێندکاران.

ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت: «دەسەڵات دەیەوێت ئەم وڵاتە وێران بێتو پێش نەکەوێت، تەنیا لەپێناو مانەوەی پۆستەکانیان، خوێندن لەم وڵاتەدا بووەتە مەهزەلەو یەکێتیو پارتی خوێندنیان بۆ خۆیان قۆرخکردووەو هیچ نرخێکیان بۆ نەهێشتووەتەوە، ئەم دەسەڵاتە ئایندەی ئەم هەرێمەی بەلاوە گرنگ نییە، حیزبو سەرۆکایەتیی هەرێم بڕیار لەسەر چارەنووسی خوێندکار دەدەن، نەک لایەنی پەیوەندیدار».

بەدەر لەو (٤٠) هەزار خوێندکارەی کە ئەمساڵ وەرگیراون، نزیکەی (٩) هەزار خوێندکاری تر تا ئێستا وەرنەگیراونو لە هەمانکاتدا ئەو ژمارەیەش داوای وەرگرتن دەکەن.

لە ڕوونکردنەوەیەکیاندا، کۆمەڵێک لەو خوێندکارانە ئەوە دەخەنەڕوو: «تا ئێستا چارەنووسمان دیار نییەو ئەگەر بڕیاری وەرگرتنەکە ئێمەش نەگرێتەوە، ئەوا ناچارین پەنا ببەینە بەر خۆپیشاندان».

بەڵام بە وتەی وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا، توانای زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم کەمەو تەحەمولی ئەو هەموو خوێندکارە ناکەن.

---

# خوێندکاران داوای کەمکردنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن دەکەن

**ڕۆژنامە**

خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی، داوادەکەن پرۆگرامی وانەکانیان بۆ کەمبکرێتەوەو بۆ ئەو مەبەستەش لە ماوەی هەفتەیەکدا (٥) خۆپیشاندان بەڕێوەچووە.

هاوکات لەگەڵ ناڕەزایی خوێندکارانی قۆناغی (١٠)ی ئامادەیی لە دژی هەمووارکردنی سیستمی تاقیکردنەوەکان، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانیو قەڵادزێ) بە مەبەستی کەمکردنەوەی پرۆگرامەکان خوێندکارانی ئامادەیی ڕژانە سەر شەقامەکان، ڕۆژی یەکشەممە خوێندکارانی شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی ڕێکخست.

شاباز ناسر، یەکێکە لە خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان، ئاماژەی بەوە کرد، بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بەشێکی زۆری وانەکانمان بۆ داخڵکراوە، بەتایبەتی بابەتەکانی (بیرکاری، کیمیا، زیندەوەرزانی)، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا بەشێکی کەمی پرۆگرامەکانمان خوێندووە، بەڵام تەنیا کەمتر لە دوو مانگ لەبەردەم خوێندکاراندا ماوە، بۆیە داوادەکەین بەشێک لە پرۆگرامەکان کەمبکرێنەوە.

لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا م. جەبار حەمە ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، ئەوەی خستەاوو، بەشێکی زۆری کتێبەکان درەنگ گەیشتوونەتە دەستی خوێندکارانو پرۆگرمانەکانیش نوێن، خوێندکارانیش گلەیی ئەوە دەکەن، کە پرۆگرامەکانیان زۆرەو تەواو ناکرێن.

وتیشی: «لە (١/١٩)دا نووسراوێکمان ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە کردووە بۆ دیراسەکردنی ئەو مەسەلەیە».

---

# ڕێگریی لە گەڕاندنەوەی مامۆستا سزادراوەکان دەکرێت

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتی لە سلێمانی، ڕێگرن لە گەڕاندنەوەی ئەو بەڕێوەبەرانەی کە ماوەی دوو ساڵە بەهۆی لایەنگرییان بۆ گۆڕان سزادراون.

لە ساڵی (٢٠٠٩)دا زیاتر لە (٤٠) (بەڕێوەبەرو یاریدەدەری قوتابخانە) بەهۆی دەنگدانیان بە لیستی گۆڕان، سزادراونو پلەکانیان لێسەنراوەتەوە.

ڕۆژی (٢٠١١/١/٢٠) وەزارەتی پەروەردە، بە نووسراوێک بڕیاری گەڕاندنەوەی مامۆستا سزادراوەکانی دا بۆ شوێنەکانی خۆیان، بەڵام بەهۆی دەستێوەردانو ڕێگریی مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتییەوە، تا ئێستا (٤) بەڕێوەبەرو (٢) یاریدەدەر نەگەڕێنراونەتەوە بۆ قوتابخانەکانیان.

سەردار سادق کە یەکێکە لە مامۆستا سزادراوەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ماوەیەک پێش ئێستا، جارێکی تر بڕیاری گەڕاندنەوەمان بۆ قوتابخانەکانی خۆمان درا، بەڵام مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتی لە سلێمانی، چەندین کێشەیان بۆ دروستکردووینو ڕێگرن لە گەڕاندنەوەمانو لە بەرامبەردا بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی، هیچ دەسەڵاتێکی نییەو بێهەڵوێستە لە بەرامبەر ئەو دەستێوەردانە حیزبییانە، مامۆستا کەمال بە منی ڕاگەیاندووە، مەڵبەند ڕێگەنادات بە بەڕێوەبەر دابنرێمەوە».



هاوکات م. کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد: «ئێمە فەرمانی گەڕاندنەوەی ئەو بەڕێوەبەرانەمان دەرکردووە بۆ شوێنەکانی خۆیان، بەڵام لە هەندێک قوتابخانە کێشە دروستبووەو ئەو کێشانەش پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی کێشەکان گەورە نەبنەوە، سەرپەرشتیارێکی کارگێڕیمان بۆ ئەو مەسەلەیە داناوەو بەدواداچوون دەکەین».

ئازاد حەمەکەریم، کە پێشتر بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕۆژی بنەڕەتیی بووەو یەکێکە لە سزادراوەکان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، بەرپرسانی مەڵبەندی سلێمانیو کۆمیتەکان، چەند کێشەیەکیان بۆ دروستکردووینو ڕێگرن لە گەڕاندنەوەمان، لەکاتێکدا ئێمە بە مافی خۆمانی دەزانین بگەڕێینەوە قوتابخانەکانی پێشوومان.

وتیشی: «بەهۆی ئەو کێشانەی کە بۆیان دروستکردووم، سکاڵای یاساییم لە دژی چەند بەرپرسێکی مەڵبەندو کۆمیتەی ڕاپەڕین تۆمارکردووە».

نەگەڕاندنەوەی ئەو مامۆستایانەو ڕێگرییەکانی مەڵبەندو کۆمیتەکان، لەکاتێکدایە کە لە ماوەی ڕابردوودا زیاتر لە چەند نووسراوێک بۆ گەڕاندنەوەی ئەو مامۆستا سزادراوانە بۆ شوێنەکانی خۆیان دەرچووەو بەرپرسانی پەروەردەش بێدەسەڵاتن لە ئاستی دەستێوەردانەکان.

م. بەهار عەبدولقادر کە پێشووتر بەڕێوەبەری باخچەی ساوایانی بەکرەجۆ بووەو سزادراوی سیاسییە، بە بڕیاری یەکەی سەرپەرشتیاری، ماوەی (١٥) ڕۆژە نێردراونەتەوەو پێیوایە: بەرپرسانی حیزبیی لە مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتی، بەشێوەیەکی زۆر ناشرینو نامەنتیقی دەستیان خستووەتە نێو کاروباری پەروەردەو بەردەوام ڕێگریی دەکەن بۆ نەگەڕاندنەوەی مامۆستا سزادراوەکان، پەروەردەی سلێمانی توانای ئەوەی نییە کێشەکان چارەسەربکات.

وتیشی: «بەردەوام لە کۆمیتەوە هەڕەشە لە فەرمانبەرانی باخچەی ساوایانی بەکرەجۆ دەکەن بۆئەوەی دژی من بوەستنەوەو ڕێگەنەدەن بگەڕێمەوە شوێنەکەی خۆم».

## نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ: هۆکاری خەرجنەکردنی پارە، حکومەتی بەغدایە

بەدواداچوون



# سایلۆکان پارەی «جۆ» نادەن بە جوتیاران

هەنگاو هاشم- هەولێر

کاکە لاو ئەحمەد، جوتیارێکی دەشتی هەولێرەو ساڵی پار (٦) ملیۆن دیناری قەرزکردووەو گەنمو جۆو پەینی کیمیایی پێ کڕیووە، بەڵام ئێستا سایلۆکان پارەی (٤٠) تەن جۆیان ڕاگرتووەو نایدەنێ، کە پێویستە لە بەرامبەر هەر تەنێک جۆ (٤٥٠) هەزار دینار وەربگرێت.

جوتیارانی هەرێمی کوردستان جەخت لەوە دەکەن؛ کە ئەمڕۆ داهاتی بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکانی هەرێمدا کەمترە لەو پارەیەی کە لە بەرهەمهێنانیدا خەرجی دەکەن، بۆیە ئەگەر حکومەت هاوکارییان نەکات لە پیشەی جوتیاریی دووردەکەونەوە.

سادق شێخ عومەر، جوتیار لە دەشتی عەلیاوا لە پارێزگای هەولێر، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ یەکێک لە کێشە کا نی ئەوان ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیانە، لەم رووەوە وتی: «لەگەڵ ئەوەی ماندووبوونێکی زۆری پێوە دەبینین، لە ساڵی رابردووشدا سایلۆکان گەنمو جۆیان وەرگرت لە جوتیاران، پارەی گەنمەکانمان وەرگرت، بەڵام تاوەکو ئێستا پارەی جۆمان وەرنەگرتووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، بەشێک لە جوتیاران بەقەرز تۆو بۆ زەوییەکانیان بکڕن، لە کاتێکدا دەبێت حکومەت هاوکارییمان بکات، نەوەک بە قەرز بەرهەمەکانمان لێ بکڕێت».

ئەو جوتیارانەی کە پارەی جۆیان وەرنەگرتووە ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە تائێستا نازانن بۆچی پارەکەیان پێ نادرێت، لەگەڵ ئەوەی (٨) مانگ بەسەر وادەی خۆیدا تێپەڕیوە.

ئەو جوتیارەی دەشتی عەلیاوا بە پێویستیشی دەزانێت، حکومەتو وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو پلانەی کە بە ناوی پلانی (٥) ساڵی کشتوکاڵ ناوی دەبات، لە هەموو لایەکەوە کاری پێبکاتو سوودی بۆ گشت جوتیاران هەبێت، بۆ ئەوەی بەرهەمی ناوخۆ زیاد بکرێتو باری سەرشانی جوتیاران کەم بکاتەوە.

ئیسماعیل حەمەد شێروانی، جوتیارێکی ترە لە قەزای مەخمور لە رێگەی رۆژنامەوە داواکارە لە حکومەت پارەی ئەو بڕە جۆیەیان پێبدات، کە ماوەی (٨) مانگە داویانە بە سایلۆکانو تائێستا پارەکەیان وەرنەگرتووە.

کێشەی نەدانی پارەی جۆی جوتیارانی پارێزگای هەولێر بەرهەمی گەنمی نەگرتووەتەوە، لە هەمانکاتیشدا جوتیارانی کەرکوکو موسڵیشی نەگرتووەتەوە.

ئیسماعیل شێروانی، وتیشی: «لەگەڵ ئەوەی زەوییەکی زۆری کشتوکاڵیم هەیە، بەڵام ئەمساڵ نەمتوانیوە تۆوی بکەم، لەبەر ئەوەی هێشتا پارەی جۆی پارم پێ نەدراوە، حکومەتی هەرێمیش هیچ یارمەتییەکی مەخموری نەداوە لە بواری کشتوکاڵدا».

جگە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک پێویست هانی جوتیاران نادات لە پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵدا، لە هەمانکاتیشدا ساڵانە لە نرخی بەروبوومەکانو لە شێوازی وەرگرتنەوەی بەروبوومەکانو پارەکەی گرفتی تر بۆ جوتیاران زیاد دەکات، ئەمە جگە لەوەی کە لە هەرێمی کوردستان سایلۆی پێویستیش نییە بۆ بەرهەمە ناوخۆییەکان.

د.رەسوڵ حسێن، نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم لە بەغدا، هۆکاری سەرفنەکردنی پارەی جۆ بۆ جوتیاران لە لایەن سایلۆکانەوە بۆ حکومەتی بەغدا دەگەڕێنێتەوە، ئاماژە بەوەش دەکات؛ کە بەرپرسانی کوردیان لە بەغدا لەم کێشەیە ئاگادارکردووەتەوە.

نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم لە بەغدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «لێکتێنەگەیشتن هەبووە لەسەر چۆنیەتی سەرفکردنی ئەو بڕە پارەیە، هەروەها داوکەوتنی بودجەی عێراق کاریگەریی هەبووە لەسەر خەرجنەکردنی ئەم پارەیە بۆ جوتیاران».

ناوبراو ئاماژە بۆ کەمیی بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ دەکاتو پێیوایە بەشی سەرجەم جوتیاران ناکات، سەبارەت بە بودجەی کڕینەوەی دانەوێڵە لە جوتیارانیش وتی: «ئەو بودجەیەی بۆ کڕینی جۆی جوتیاران دانرابوو، بڕی (٢١) ملیۆن دینار کەمیکردووە».



# تاوەرەکانی وێستگەیەکی کارەبای کۆیە، کێشە بۆ هاوڵاتییان دروست دەکەن

راپۆرتی: ئاری سابیر

تاوەرەکانی وێستگەیەکی کارەبای کۆیە مەترسیی لەسەر ژیانی هاوڵاتییانی گەڕەکێکی کۆیە دروستکردووەو شارەوانیو کارەباش کێشەکە دەخەنە ئەستۆی یەکتر.

بەهۆی نزیکیی تاوەرەکانی وێستگەیەکی (132kv)ی کارەبای قەزای کۆیە لە خانووی هاوڵاتییانی گەڕەکی زانستی ئەو قەزایە مەترسیی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتییان دروستکردووە.

فەریدون عوبێد، یەکێکە لەو هاوڵاتییانەی ماوەی چەند ساڵێکە خانووی دروستکردووەو ئاماژە بەوە دەکات؛ کە بەر لە دانانی تاوەرەکانی ئەو وێستگەیە بە بڕیاری شارەوانیی کۆیە زەوییەکان بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشکراوە، وتی: «دانانی وێستگەیەکی کارەبای گەورە پێویستی بە پلانێکی باشو ئامادەکاریی تەواو هەیە، لە هەمووی گرنگتر دیاریکردنی ئەو شوێنەیە کە وێستگەکەی لێ دادەنرێت، بەڵام دوای چەند ساڵێک لە دانانی وێستگەکەو دروستکردنی چەندین خانوو، باس لە مەترسییەکانی ئەو تاوەرانە کراوە، کە تەنیا وەزارەتی کارەباو شارەوانی بەرپرسیارن، نەک هاوڵاتییان».

ئەمە لەکاتێکدایە شارەوانیی کۆیە ئامادە نییە بەرامبەر بە چۆڵکردنی ئەو خانووانە قەرەبووی هاوڵاتییان بکاتەوە. هەروەک فەریدون، دەڵێت: «زیاتر لە (٣٠) هەزار دۆلارمان لە خانووەکانمان خەرج کردووەو ئێستا داوای قەرەبوو لە شارەوانیی کۆیە دەکەین، بەڵام ئەوان نیوەی ئەو پارەیەشمان نادەنەوە، ئەمەش غەدرێکی گەورەیە لێمان دەکرێت».

وێستگەی (132kv)ی کارەبای کۆیە لە ساڵی (٢٠٠١)وە، دەست کراوە بە کارکردن تێیداو بەپێی نووسراوی ژمارە (٩٦٤)ی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە رۆژی ٢٠٠١/٤/١٤ ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی کردووەو دەبێت هەر تاوەرێکی (132kv)ی (٥٠ تا ١٠٠) مەتر لە دووربێت لە شوێنی نیشتەجێبوون، بەڵام تاوەرەکانی وێستگەی کۆیە تەنیا هەشت مەتر لە ماڵی هاوڵاتییانەوە دوورن، ئەمەش لە رووی تەندروستیشەوە کاریگەریی سلبیی لەسەر ژیانی هاوڵاتییان دەبێت.

سەڵاح رەفیق، هاوڵاتییەکی تری دانیشتووی گەڕەکی زانستی قەزای کۆیەیە، وەک خۆی دەڵێت؛ دوای دروستکردنی خانووە دوو نهۆمییەکەی، چەندین جار سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیانو کەس وەڵامی نەداونەتەوە، وتی: «ماوەی چوار ساڵە کێشەی دانانی تاوەرەکانی وێستگەی کارەبای کۆیەو ئێمە بەردەوامە، تاکو ئێستا چەندین جار سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانمان کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو قەرەبوو کردنەوەمان، بەڵام هیچمان بۆ نەکراوەو کەس گوێمان لێ ناگرێت».

سەڵاح، ئاماژەی بەوەشدا؛ کە ئەوان دوو ساڵ بەر لە دانانی تاوەرەکانی وێستگەی (132kv)ی لە کۆیە خانوویان دروستکردووە، ئەگەر ئەو تاوەرانە نابێت لە خانوو نزیک بنو مەترسیی هەیە، بۆچی شارەوانیی زەوییەکی لەدەرەوەی شار دابین نەدەکرد بۆ دانانی ئەو تاوەرانە؟

ئەگەرچی هاوڵاتییان کێشەکەیان لە دادگا رووبەڕووی وەزارەتی کارەبا کردبووەوە، بەڵام بەرپرسێکی وەزارەتی کارەبا کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات؛ ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئەوان بەرپرسیاری کێشەکە بنو بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەزارەتی کارەبا کاتێ داوای لە سەرۆکایەتی شارەوانیی کۆیە کردووە پارچەیەک زەوی دابین بکات بۆ دانانی ئەو وێستگەیە، ئەو شوێنەی ئێستا وێستگەکەی لێیە لەلایەن شارەوانی کۆیەوە دیاریکراوەو پێویستە ئەوان وەک شارەوانی قەرەبووی هاوڵاتییان بکەنەوە، نەک وەزارەتی کارەبا».

هاوکات، شەریف سابیر، بەرپرسی پێشووی بەشی هونەریی لە شارەوانیی کۆیە؛ وێڕای ئاماژەدان بەوەی ئەو زەوییە لەلایەن شارەوانیی کۆیەوە دراوە بە وەزارەتی کارەبا بە رۆژنامەی راگەیاند: «دواجار هەموو مۆڵەتێکی دروستکردنی خانوو دەبێت بچێتەوە بەڕێوبەرێتی کارەبای کۆیەو کاتێک وێستگەکە دانرابوو، دەیانزانی تاوەرەکانی مەترسییان هەیە لەسەر ژیانی هاوڵاتییان، بۆچی ڕێگەیان بە دروستکردنی خانوو دەدا لە نزیک ئەو وێستگەیە».

بەرپرسی پێشووی بەشی هونەریی لە شارەوانیی کۆیە ئاشکراشیکرد؛ کە سەرجەم ئەو هاوڵاتییانەی خاوەنی زەوی بوون لەو ناوچەیە، قەرەبوو کرانەوە، خاوەن خانووەکانیش لە دادگا داوای یاساییان تۆمار کرد بە بڕیاری دادگا سەرۆکایەتی شارەوانیی کۆیە بێ تاوان دەرچوو، ئێستا مافی ئەو هاوڵاتییانە لە لای وەزارەتی کارەبایەو وەزارەت دەتوانێت ئەو خانووانە لەسەر خۆیان تاپۆ بکاتو قەرەبووی هاوڵاتییان بکاتەوە.

> ### دوو ساڵ بەرلە دانانی تاوەرەکان خانووەکانمان دروستکردووە



کۆیە، یەکێک لەو خانووانەی لە نزیک تاوەرێکی کارەبایە

فۆتۆ: ئاری



بەدواداچوون

## ڕاپرسییەک: خەڵک، داوای دابینکردنی مووچە بۆ ژنی ماڵ دەکەن

ڕۆژنامە: (٣٢٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکی ڕێکخراوی بەدلیسی لە پارێزگای سلێمانی، داوا دەکەن کە یاسا بەیەکسانی بەسەر هەمووانداجێبەجێبکرێتو (١٠٪)ی بەشداربووانیش، داوای برینەوەی مووچە بۆ ژنی ماڵ دەکەن. ڕێکخراوی بەدلیسی، ئەنجامی ڕۆژی ٢٠١١/١/٢٩ ڕاپرسییەکی ڕاگەیاند کە بەشێک بووە لە پرۆژەی چاودێریکردنی ئەدای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە لە مانگی ٤ی ٢٠١٠وە دەستپێیکردووە. بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەکەی ڕێکخراوی بەدلیسی، تیایدا (١٣٪)ی بەشداربووان، داوای دەستەبەرکردنی مافەکانی مندااڵنو (١٤٪)یش داوای ڕوونکردنەوەو سەوزکردنی شەقامەکانو (١٣٪)یش، داوای کەمکردنەوەی ئۆتۆمبیلی مۆدێل نزمیان کردووە.

# شۆڕشی ئەلکترۆنیی لە کوردستان دەسەڵات دەترسێنێت!

## لە فەیسبووک دەربارەی کوردستان چی دەوترێت؟

ڕاپۆرتی بەرزان عەلی حەمە

هەولێر

جێمس چینی، گەنجێکی شاری هەولێرەو خوێندکاری کۆلێژی هونەرەجوانەکانە، لەسەر لاپەڕەی فەیسبووکەکەی چەندین وێنەی بڵاوکردووەتەوە کە لەکاتی خۆپیشاندانو ڕاپەڕینەکانی وڵاتی تونسو میسر گیراون، ئەو گەنجە دەڵێت: «ماڵپەڕی فەیسبووکم کردووەتە سەکۆیەک بۆ گەیاندنی بیروبۆچوونەکانی خۆم، بەتایبەت لەم دواییەش سەبارەت بە شۆڕشەکانی تونسو میسرو هەروەها بارودۆخی کوردستانیش».

جێمس، بڕوای وایە، هەوڵی هوشیارکردنەوەی گەنجان دەدات لە ڕێی لاپەڕەی فەیسبووکەکەیەوە، هەروەک دەڵێت: لەلایەک چاوکراوەیی‌و خوێندنەوەی نوێ بۆ ڕووداوەکان لەناو گەنجەکان بەرجەستە دەکەمو لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندییەکی بەهێزو تۆکمە لەنێوان ئەو کەسانە دەبینم کە بیروبۆچوونیان لێکەوە نزیکە.

دواییـن هەڵوێستی



**ئەگەر فشارەکان بگەنە ئەوەی مەترسیی لەسەر دەسەڵات دروست بکەن، «بەیەک کلیک هەر هەمووی دادەخەن»، چونکە ئینتەرنێت لەدەستی خۆیاندایە**

جەیمس لەسەر لاپەڕەی خۆی لەفەیسبووک لەسەر شۆڕشەکانی میسر، بڵاوکردنەوەی وێنەی ئاپۆڕای خۆپیشاندانی شەقامێکی قاهیرە بوو، جەیمس لەسەر وێنەکە نوسیبووی «دوایین بزمارەکانی تابووتی دیکتاتۆرییەت لە میسر».

ئێستا لە جیهاندا ماڵپەڕی فەیسبووک، بووە بە یەکێک لە ماڵپەڕە قەرەباڵغەکانو شوێنی ناسینو هۆکاری دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی‌و گۆڕینەوەی زانیاریی‌و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، فەیسبووک بووەتە «دێوەزمە»ی دیکتاتۆرەکانو ڕاپەڕینی بەدوای خۆیدا هێناوە.

سەرەتای دامەزراندنی ئەم ماڵپەڕە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٣)، ئەوکاتەی کە مارک زوکەربێرگ لە زانکۆی هارڤاردی بەناوبانگ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوێندکار بوو. ئەو، پاش ئەوەی چەند بیرۆکەیەکی سادەو ساکاری بۆ بەیەکگەیشتنی نێوان خوێندکارانی هاوڕێی خۆی تاقیکردەوە، سەرەنجام گەیشتە داهێنانی بیرۆکەی فەیسبووک وەک ئەوەی ئێستا بەشداربووان لە سەرانسەری جیهاندا بەکاریدەهێنن.

ئەم ماڵپەڕە، لەسەرەتادا تەنیا خوێندکارانی زانکۆی هارڤارد بەکاریان دەهێنا، بەڵام پاشتر ڕێگەدرا کە خوێندکارانی زانکۆی ستانفۆردی بەناوبانگو پاش ئەوانیش خوێندکارانی هەموو ویلایەتی بۆستنو لەدوای ئەوەش هەموو خوێندکارانی زانکۆکانی ئەمریکاو کەنەدا بەشداربن تیایدا.

ماڵپەڕەکە، بەو شێوە سنووردارە مایەوە هەتا لە ساڵی (٢٠٠٥)دا زوکەربێرگو هاوڕێ یاریدەدەرەکانی لە بەڕێوەبردنی ماڵپەڕی فەیسبووکدا، بنکەی کاریان گوێزایەوە بۆ ویلایەتی کالیفۆرنیاو لەوێشەوە دەرگای بەشدارییکردنیان بۆ هەموو جیهان کردەوەو ئێستاش بەپێی هەندێک ئامار، بەشداربووانی لە (٥٠٠) ملیۆن کەس زیاترن.

تەنیا محەمەد، کە زۆربەی کاتەکانی لە فەیسبووکەو لەسەر لاپەڕەکەشی چەندین هێماو نیشانەی پشتگیریی شۆڕشەکانی تونسو میسر بڵاوکراوەتەوە، پێیوایە، فەیسبووک بووەتە چەکوشێکو مێشکی دیکتاتۆرەکان پاندەکاتەوە «ئەو کاریگەرییەی کە فەیسبووک لە ڕووخاندنی زەین عابدین بن عەلیدا، وایکرد لە زۆربەی وڵاتانی نیمچە دیکتاتۆردا ئەو ماڵپەڕە فیلتەر بکرێت، لای ئێمەش فەیسبووکو تویتەر توانیویەتی کاریگەرییان لە دایکو باوک زیاتر بێت لەسەر کوڕەکانیان».


ئەو گەنجەی دەقەری ڕانیە، بەگومانەوە لەچالاکییەکانی سەر تۆڕی فەیسبووک دەڕوانێتو پێیوایە، ئەگەر بێتو بەو جۆرەی ئێستا بمێنێتەوەو فشار بخاتە سەر دەسەڵاتی کوردی «زۆر لام ڕوونە کە دەسەڵاتی کوردی دەیەوێت فەیسبووکو تویتەر فیلتەر بکات، چونکە زۆربەی کورد، وەکو جگەرە، خوویان پێوە گرتووە».

هەڤاڵ نەژاد، یەکێکە لەو گەنجە ڕۆژنامەنووسو چالاکوانانەی بواری کۆمەڵی مەدەنی لە هەولێر، کە زۆربەی کارو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە لاپەڕەی فەیسبووکەکەی بڵاودەکاتەوە. هەڤاڵ، دەستەی بەڕێوەبەری ئایندەیە بۆ پرسەکانی گەنج، ئاماژە بەوە دەکات کە لە ڕێی تۆڕی جیهانیی فەیسبووکەوە، توانیویەتی زۆرترین کەس بناسێتو پەیوەندییان لەگەڵدا دروست بکات.

هەڤاڵ، تا ئێستا بۆ کۆبوونەوەو نارەزایی دەربڕینو خۆپیشاندان، سوودی لێبینیوە، وەک دەڵێت: «توانیومە لە ڕێگەی فەیسبووکەوە، سەدان کەس کۆبکەمەوە لە چالاکیی جۆراوجۆری وەک خۆپیشاندان، دژی لەسێدارەدانی لاوانی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستانو خۆپیشاندان دژی یاسای خۆپیشاندانو چەندین کەمپەینو نارەزایی دەربڕین بەرامبەر پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەکوردستانو جیهان».

بەبۆچوونی هەندێکیش، سایتی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، فشارێکی زۆری بۆ سەر دەسەڵاتی کوردی هێناوەو پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندنیش پێیانوایە، ئەگەر بێتو فشارەکان کاربکەنە سەر لاوازکردنی دەسەڵاتی کوردی، ئەو سایتانە فیلتەر دەکرێن، ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی تۆڕی ئینتەرنێتو مۆبایل لەدەستی حیزبەکاندان.

لە ماوەی ڕابردوودا،




ڕۆژنامەی هەولێر بڵاویکردەوە کە لە ژمارەیەک لە دامودەزگا حکومییەکانی هەولێری پایتەختدا، بەکارهێنانی فەیسبووک قەدەغە کراوەو ڕۆژنامەکە لە زاری یەکێک لە بەڕێوەبەرەکانەوە بڵاویکردووەتەوە، کە «بەهۆی ئەو ماڵپەڕەوە، فەرمانبەرەکان زۆر پەیوەندییان بەدەرەوەی فەرمانگەکەیان کردووە، ئەوەش لەکارەکانیان دوای خستوون».

د. مەغدید سەپان، مامۆستا لەبەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەڵاحەدین، دەڵێت: «لەبەرئەوەی قەبارەی گرفتەکان لە میسرو تونس هێندەی کوردستان نین، بۆیە فەیسبووکیش ئێستا ئەو کاریگەرییەی نییە کە لەمیسرو تونس هەیبووە، ئەگەر ڕۆژێک ئەم دەسەڵاتەی ئێستا بگاتە ئەوەی ستەممان لێبکات، بێگومان ئەو کاتەش فەیسبووک ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت کە لە تونسو میسر گێڕای».

ئەم پسپۆڕەی بواری ڕاگەیاندن، پێیوایە، ئەگەر فشارەکان بگەنە ئەوەی مەترسیی لەسەر دەسەڵات دروست بکەن، «بەیەک کلیک هەر هەمووی دادەخەن»، چونکە ئینتەرنێت لەدەستی خۆیاندایە.

ڕۆژنامەنووس، ڕێبوار ڕەزا چوچانی، زۆربەی چالاکی‌و نارەزاییەکانی خۆی لەشاری هەولێرەوە لە فەیسبووک بڵاودەکاتەوە، ئەو پێیوایە، ئێستا فەیسبووک فشارێکی زۆری بۆ سەر دەسەڵاتی کوردی دروستکردووە «من لێت ناشارمەوە کە کۆمەڵێک بەیاننامەمان هەبووە کە بەدڵی کۆمەڵێک لایەن نەبووە، ئێمە توانیومانە لە ڕێی فەیسبووکەوە بۆچوونەکان کۆبکەینەوەو بیگەیەنینە دەسەڵات، بۆیە پێموایە، ئێستا فەیسبووک بووەتە ئامرازێک بۆ فشارهێنان بۆسەر دەسەڵاتە داخراوەکانی دنیاو پێموایە، دەسەڵاتی کوردی بە باشی لەتۆڕەکانی ئینتەرنێت ترساوەو ئەگەر بتوانن بەهەر جۆرێک بێت ڕۆژنامەکان کۆنترۆڵ بکەن، ئەوا ناتوانن ئینتەرنێت کۆنترۆڵ بکەن، بۆیە کۆمەڵێک ماڵپەڕ فشاریان هێناوە بۆسەر دەسەڵات».

ڕابەر فاریق، گەنجێکی شاعیری شاری هەولێرەو پێیوایە، هەرکات کۆمەڵگا هەستی بە ناعەدالەتییە گەورەکانی دەسەڵات کردو لەڕاستیدا ئەوەی بینی کە حیزبو دەسەڵات هەموو شتێکیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ئەو کۆمەڵگەیە هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نامێنێتەوە، ئەوە نەبێت کە دژ بە دەسەڵات بوەستێتەوە «لە کوردستانیش ئەو ساتەوەختە نزیکبووەتەوە کە پاشەکشە بە دەسەڵاتی تۆتالیتار بکرێت کە بەداخەوە ئەو دەسەڵاتە لەناخی زۆر لەسیاسەتمەدارە کوردەکانی باشووردا ڕەگی داکوتاوە، کە خەڵک نەوێرن ناعەدالەتییەکان ڕەتبکەنەوەو بە سەرۆکێک بڵێن: پێویستمان بەتۆ نییە، چونکە سەرۆکبوون تەنیا دانیشتن نییە لەسەر کورسی، تەنیا قسەکردن نییە لەبەردەم مایکرۆفۆن».

بە بۆچوونی ڕۆژنامەنووس، سعود هاشم لە نووسینگەی هەولێری ڕۆژنامەی هاوڵاتی، دوای خرۆشانی شەقامی ئێران لەساڵی ڕابردوودا، ئەو ڕاستییە هەستی پێکراوە کە ڕاپەڕینو خرۆشانی جەماوەریی پێویستی بەپشتیوانیی هێزی تەکنۆلۆژیا هەیە، «بۆیە لەجێی خۆیەتی کە ناویان بنێین کۆماری (فەیسبووکو تویتەرو یوتیوب)، بەتایبەت دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێرانو لە ئێستاش ڕێگرییان لە هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کرد بۆ ڕوومالکردنی ڕووداوەکان، بەڵام هەریەک لە (فەیسبووکو تویتەرو یوتیوب) ئەو بۆشاییەیان پڕکردەوەو ڕوومالی سات بە ساتی گۆڕانکارییەکانیان دەکرد، وەک تاکە سەرچاوەی جەماوەریش مانەوە».


«شۆڕشەکانی سەردەمی ئێستامان، بەبێ پشتبەستن بە شۆڕشی تەکنۆلۆژیا، ئەستەمە ئامانجێک بپێکن»، ئەوە دواقسەی سعود هاشم بوو لە نووسینگەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە هەولێر.



**بەشداربووانی فەیسبووک لە ٥٠٠ ملیۆن کەس زیاترن**

بۆچوون

> شوان ئەحمەد: بۆ دەسەڵاتدارانی ئێمەش حیکمەت لەوەدایە ئەزموون لەو ڕووداوە مێژووییانە وەربگرن، نەک خۆیانی لێ نەبان کەن




# لە پەراوێزی بەیاننامەکەی بزووتنەوەی «گۆڕان»دا



شوان ئەحمەد

سیاسەتکردن لەلای نوخبەی حوکمڕانی کوردستانو ئەو ناوچەیەی تیایدا دەژین، بڕێکی زۆر لەسەر خەمساردییو گوێنەگرتنو نەخوێندنەوەی دەوروبەر دامەزراوە، بۆیە بەردەوام دەبێت لە چاوەڕوانی ڕووداوی ناخۆشو تەقینەوەو گرژییو مەترسیدا بین.

دۆخی وڵاتی تونسو میسر لەم یەک دوو مانگەی ڕابردوودا چاکترین نموونەیە، لە لای خۆشمان دۆخەکە هەمان شتە، لوتبەرزییو بێباکییو گوێنەگرتنی ئەو نوخبە سیاسییەی لە ئەمڕۆدا حکومڕانیی ئەم هەرێمە دەکات، وایکردووە هەمیشە لەبری دایەلۆگی ئەقڵانیو هەڵسوکەوتی مەدەنییانەو گۆڕانی شێنەیی، خەیاڵمان بە لای بارگرژییو تەقینەوەو توندوتیژیدا بچێت.

بیست ساڵە لە حوکمی حیزبۆکراتی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)، ناعەدالەتییو نەبوونی لایەنی کەمیی خزمەتگوزاریی ڕۆژانە، پاوانکردنی کایەکانی سیاسەتکردنو ئابوورییو ژیانکردن لە لایەن چەند دەستەو

> دەسەڵاتدارانی ئێمەش، یەکێک لە دیارترین سیاسەتەکانیان سیاسەتی گوێنەگرتنو خەمساردییو لاموبالاتییە

تاقمێکی دیاریکراوەوە هەموو ئەمانە ڕقو توڕەییەکی پەنگخواردووی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا دروستکردووە، لێرەوە ترسو پەرچەکرداری ڕەقو توندی دەسەڵات لە بەرامبەر بەیاننامەکەی گۆڕاندا بەر لە هەر شتێک ترسێکی قووڵە لەو تووڕەییە زۆرەی بیست ساڵی ڕەبەقە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا گەورەترو گەورەتر دەبێت.

مانای تێدا نییە دەسەڵات شەو و ڕۆژ باس لە دیموکراسی بکات، بەڵام لە دەرکردنی بەیاننامەیەک بەو جۆرە قەڵس بێت.

هاتنە سەر شەقامو خۆپیشاندانو مانگرتنو بەیاننامە دەرکردنو داواکردنی هەڵوەشانەوەی حکومەتو پەرلەمان، بەشێکن لە پرۆسەی دیموکراسییو کارێکی ڕەوایە کەلە هەموو سیستمێکی دیموکراسیدا بە زەقی دەیبینین.

لە ئەورووپا سەرەڕای بوونی پەرلەمانو هەموو ئەو دامودەزگا دیموکراسیو مەدەنییانەی کە هەیە، کەچی ڕۆژانە خەڵک لەسەر شەقامەکان دەبینین.. فەرەنسا یەکێکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیاو کانگەی فیکرو فەلسەفەی مۆدێرنو پۆست مۆدێرنە لە «دیکارتەوە بۆ میشێل فۆکۆو جان فرانسوا لیوتارد»، بەڵام ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێت کە بەردەوام خەڵک لەسەر شەقامەکان بنو بەرەو ڕووی حکومەتە جیاجیاکانی وڵاتەکەیان ببنەوە.

برای ڕۆشنبیر کاک «بەرزان فەرەج» لە گۆڤاری نوێبوونو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە سەرەتای ئەم مانگەدا وتارێکی درێژی نووسیوە بە ناوی فەرەنسا.. جەنگی نێوان دەسەڵاتو شەقام باسی مێژووی دوورو درێژی ئەم جەنگو ململانێیە دەکات لە ساتەوەختی شۆڕشی فەرەنسییەوە تا ئەمڕۆی حوکمڕانیی «نیکۆلا سارکۆزی»و کەسیش نایەت بڵێت مادامەکی فەرەنسا پەرلەمانو دامەزراوەی دیموکراسیو مەدەنی هەیەو زیاد لە کەناڵێکی هەیە بۆ قسەکردنو ڕا گۆڕینەوە، ئیتر نابێت کەس بەیاننامە دەربکاتو خەڵکی هان بدات بۆ هاتنە سەر شەقام.

ساڵو نیوێکە بزووتنەوەی گۆڕان لە ڕێی پێشنیارو دیالۆگی ئەقڵانییەوە دەیەوێت دەسەڵات بهێنێتە ژێر باری ئەوەی لانی کەمی ئەو داواکارییانە جێبەجێ بکات، کە نەک ئۆپۆزسیۆن داوای دەکات، بەڵکو ئەو شتانە بکات کە خۆی لە سەروەختی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی بە خەڵک دابوو، بەڵام وەک نوخبەی سیاسیی وڵاتانی ناوچەکە دەسەڵاتدارانی ئێمەش، یەکێک لە دیارترین سیاسەتەکانیان سیاسەتی گوێنەگرتنو خەمساردییو لاموبالاتییە، ئەم سیاسەتە ناشرینەش بێگومان پەرچەکرداری زبرو ڕەقی لێدەکەوێتەوە.

دیالۆگی ئەقڵانی ئەو کاتە مەیسەر دەبێتو کارا دەکرێت، کە هەردوولا گوێ لەیەک بگرنو یەک بخوێننەوەو دان بە یەکتریدا بنێن، بەڵام ئەم هاوکێشەیە لە کوردستاندا بوونی نییە، دەسەڵات، نەک ئۆپۆزسیۆن ناخوێنێتەوە، بەڵکو خەڵکو جەماوەریش نابینێت، ئەوان ئێستاش بزووتنەوەی گۆڕان بە گردێکو نەوشیروان مستەفا دەبینن، نەک قەوارەیەکی سیاسیی مەدەنیی گەورەی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان کە خاوەنی نیوملیۆن دەنگی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمەیە.

لە سیستمی دیموکراسی تەندروستدا تەنیاو تەنیا ناو چوار دیواری هۆڵی پەرلەمان شوێنی یەکلاییکردنەوەی هەموو شتەکان نییە، گەر وابوایە لە ئەمریکاوە بۆ ئەورووپاو بۆ وڵاتانی دیکەی دیموکراسی لە جیهاندا یەک تاقە خۆپیشاندانو کەمپەینو بەیاننامە دەرکردنو پێکدادانمان نەدەبینی، بەیاننامەکەی گۆڕان چەند داواکارییەکی خستووەتە ڕوو، ئەشێ قسەی لەسەر بکرێتو پەسەند بکرێت، یاخود ڕەت بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی بچێتە بازنەی تەخوینکردنو ئیدانەکردنەوە، ئەمە دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکاتو کەلێنێکی گەورە لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتو خەڵکدا دروست دەکات.

ئەوەی لە تونسو میسردا ڕوویدا بەرهەمی ساڵانێکی زۆری خەمساردییو گوێنەگرتنی دەسەڵاتە، بەڵام ساتەوەختێ دێتەپێشێ ئیتر ئەم سیاسەتە ناخواتو شکست دێنێت.. بۆ دەسەڵاتدارانی ئێمەش حیکمەت لەوەدایە ئەزموون لەو ڕووداوە مێژووییانە وەربگرن، نەک خۆیانی لێ نەبان کەن.

زیندەبەچاڵکرنی تەواوی داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانو بەگژداچوونەوەی ئەم بەیاننامەیەی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕەنگە ماوەیەکی دیکەش بڕ بکاتو درێژە بە تەمەنی مانەوەی ئەم دۆخەی ئێستا بدات، بەڵام خۆ تا ئەزەل درێژە ناکێشێت.

(ی.ن.ک)و (پ.د.ک) ئەگەر قودرەتی گوێگرتنو قبووڵکردنی بەرامبەریان بوایە، شەڕی ناوخۆ بەو هەموو ڕووداوە دڵتەزێنانەیەوە نەدەقەوما، نەک هەر ئەوەندەش بگرە دوای ئاشتبوونەوەش واقیعی دوو ئیدارەییو دوو حکومەتیو دوو ناوچەییان، بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەدا نەدەسەپاند.

(ی.ن.ک)و (پ.د.ک) بەو حوکمەی زۆرینەی پەرلەمانیان هەیەو حوکمڕانی ئەم وڵاتە دەکەن، دەبێت زیاتر لە هەر هێزو لایەنێکی دی، بەرپرسانە مامەڵە بکەنو پشوو درێژبن، خۆتاودانو چاوسوورکردنەوەو خستنەگەڕی ماشێنێکی گەورەی ئیعلامیی بۆ ئیدانەکردنی بەیاننامەک کە چەند پێشنیارێک لەخۆ دەگرێت، ڕەفتاری دەسەڵاتێک نییە کە خۆی بە بەرپرس بزانێت لە بەرامبەر وڵاتێکدا کە تائێستاش برینەکانی سارێژ نەبووە.

# پریشکی دۆزەخێک لێوڕێژ لەجەهل «سەرۆکو فەتوابێژو ڕەقیبەکان»



ئاسۆ جەبار

ئایا سەرۆکەکان دەتوانن شەقامەکان خامۆش بکەن؟ ئایا دەتوانن تا قیامەت ببنە ڕێگر لەبەردەم گرووپو پێکهاتە سەربەخۆو جیاوازەکاندا؟ ئایا فەتوابێژو هوتافکێشە پەڕگیرو توندڕەوەکان، دەتوانن مینبەری مزگەوتەکان پڕبکەن لەنەڕەنەڕو فەتوای مەرگهێنو زەبرو کوشندەگەرایی دژی نووسەرانو ڕۆشنبیران؟ ئایا تا کەی یاساکان دەبنە چەکێکی پڕ زەبرو کوشندە بۆ کۆتوبەندکردنی قەڵەمو نووسینو ڕاپێچکردنی ڕۆژنامەنووسو ڕۆشنبیرە جیدییەکان؟

لێرەدا باس لەسەرزەمینێکی دیاریکراو و کۆمەڵگەو شارستانییەکی دیاریکراو ناکەین، بەڵکو سەرنج دەخەینە سەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە سەرزەمینێکن بۆ کورتکردنەوەی ژیانو درێژکردنەوەی ستەمکارییو بەرپاکردنی سەرزەمینێکی پەنهانو ئاشکرا بۆ بەرپاکردنی ترسو نادڵنیاییو نائینسانییەت، پێکڕا بەرهەمهێنەری پانتاییەکن بۆ کوشتنی ئیستاتیکای ژیانو پێکهاتەو تەرزە هەرە گرنگەکانی ژیاندۆستیو زیندووکردنەوەی فەنتازیای دژایەتیکردنو هەڕەشەکردنو پراکتیزەکردنی مەرگدۆستیو سەلەفییەتخوازییو کۆنەپەرستیی.

کاتێک هەندێک لە سەرۆکو مەلاو خوتبەبێژی مزگەوتەکان دەبنە زمانحاڵو فەتوابێژو قسەکەرو بڕیاردەرو ورووژێنەری زۆر مەسەلەی گرنگو چارەنووسسازو ڕۆشنبیرییو شارستانی.. کاتێک سەرۆکێک بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتییو بەبێ گوێگرتنو تاوتوێکردنی پرۆژەیاساو ڕەخنەو ڕوانینە جیاوازەکان، دەمودەست واژۆی بڕیارگەلێک دەکات، لە کاتێکدا زۆرێک لەو پرۆژەیاساو شکاتە حیزبیو شەخسییانە، پێکڕاو بێجگەلە جەبەروتو ئەندازەسازییەکی ستەمکاریی حیزبی، هیچی دیکە نیین بۆ هەرچی زیاتری کۆنترۆڵکردنو بەرهەمهێنانی ترسو قەدەغەو کۆتوبەندی حیزبیو یاساییو ناشارستانی.

جەبەروتی یاساکان کە خولقێنەری سنوورگەلێکی مەترسیدارو قەدەغەن بۆ هەر نووسەرو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسو ڕۆژنامەیەک، بۆئەوەی پێنەخاتە نێو دنیای حەرامکراوی ئاسایشی نەتەوەییو دابونەریتی گشتییو گواستنەوەی هەواڵ و بەڵگەنامەی دەوڵەتیو کارە ناشارستانیو وەحشیگەرییەکان، پێکڕا هەوڵگەلێکی کوشندەن بۆ داخستنی سەرلەبەری دەرگاکانی زانیارییو دەستکەوتنی داتاو ڕاستییەکان لەکۆمەڵگەو نووسەرانو ڕای گشتی. لەم سەروبەندە دژوارەدا، هەر ڕۆژنامەنووسانو ڕۆژنامەکان نابنە قوربانیی یەکەم، بەڵکە لەڕێی ئەم جەبەروتە دەوڵەتیو نائینسانییە پرتراژیدییەوە تەڕو وشک دەکەونە بەر ئۆپەراسیۆنی قەدەغەو حەرامو نایاساییو پێکڕا دەبێت بچنە ژێر ڕکێفی ئەو ئاستە ناشارستانیو نائینسانیو نالۆژیکییەوە کە سەرجەم بەرهەمهێنەری زەبروزەنگو سەرکوتکردنن تا ئاستی چەوسانەوەی ڕۆشنبیرییو شارستانیو یاساییو ئابوورییو ئاینیو ئەخلاقی.

کلتووری هەڕەشەکردن، خوێناویترین کلتوورو بکوژترین میکانیزمە بۆ بێدەنگکردن، هەڕەشەکردن تەنیا بریتی نییە لەکردەیەکی توندوتیژو دەمارگیر، بەڵکە ئەم کلتوورە زادەی ئەو دنیابینییە مەترسیئامێزەیە کە دەیەوێت سەرلەبەری جیاوازییەکان لەخۆیدا بکوژێتو پێکڕا ڕێگرێکی ڕاستەقینەن لەبەردەم گەشەپێدانی شارستانیو گۆڕانکارییو دنیای مۆدێرنو دیالۆگ.

کوشندەکان، تەنیا ئەو هێزانە نیین کە شەقامەکان خەڵتانی خوێن دەکەنو بە ڕۆژی ڕووناک ئینسان دەڕفێننو دەیکوژن، نەخێر کوشندەی گەورە، ئەوانەن کە هوتافکێشو خوتبەبێژی مەرگن، هوتافی لغاوکردنو تۆبەکردنو هەڕەشەی کوشتن لە نووسەرانو ئازادیی نووسینو ڕوانینو دنیابینییە جیاوازەکان دەکەن، ئەو مەلایانەی ڕێپێدراون لەلایەن دەسەڵاتو حیزبە بەناو نەتەوەییو ئیسلامییو عەلمانییەکانەوە کە دەستکراوەترو دەمکراوەتر بن بۆ خرۆشاندنو بزواندنی سۆزی شەڕانگێزییو کوشتنو ڕقو تۆڵەکردنەوە، لەخۆڕا نییەو هەوڵێکی کۆنەپەرستانەی گەورە لەپشت سەرلەبەری ئەو هوتافکێشو مەرگکێشانەوە هەیە بۆ زەلیلکردنی کۆمەڵگەو دەستەمۆکردنی هەستو عەقڵی شەڕانگێزیی.

جەهل، کاتێک دەبێت بە هێزو حیزبو فەتواکێش، ئەوکاتە ئیتر ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆی پیشان دەداتو ڕووە پەنهانو شاراوەو وەهمییەکانی خۆی پەنهانترو شاراوەتر دەکات، دەبێت بە حەشارگەیەکی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی جەهلو پەخشکردنی پەروەردەو فەرهەنگی جەهل لە ڕێی ئوستادە ڕاستەقینەکانی جەهلو لە ڕێی وەزارەتو قۆنتەراتخانەکانی جەهلەوە، دیکتاتۆرەکانی جەهل، چەند خاوەنی دنیایەک بەرپرسو سەرکردەی جاهیلو نەخوێنەوارن، دە ئەوەندەش خاوەنی وەزیرو بەڕێوەبەرو سەرۆکی جاهیلو تۆقێنەرن بۆ سازکردنی سەرزەمینێکی گەورە لە بێباکیو بێعەقڵیو بێمەعریفەتیو بچووککردنەوەی ئەخلاقو تیرۆرکردنی حەقیقەتو سووککردنی ژیاندۆستی.

دیکتاتۆرەکانی جەهل، خاوەنی دنیابینییەکی کوشندەترن، ئەندازیارێکی بە سەلیقەی جەهلن بۆ بەرزکردنەوەی تەلارەکانی جەهلو بێباکیو جەهالەتو بێمەعریفەتیو داخرانی زیاترو زیاتری فەرهەنگیو شارستانیو هەڵچنینی دیوارەکانی یەقین بە حیکایەتو سەروەرییە تەپوتۆزلێنیشتووەکانی ڕابردوو، خنینی پەنجەرەکانی ڕوانین بە ئەرشیفێکی مردوو، داخستنی دەرگاکانی پەیوەندی لەیەکتریو دانانی بەردی بناغەی ناحاڵیبوونو سادەکردنەوەی ژیانی شارستانی بۆ کۆمەڵێک غەریزەی ئاژەڵی.

کوشندەکانی دنیای هاوچەرخ، سەربازی ڕاستەقینە نیین، بەڵکە کۆمەڵێک بکوژی وەهمیین لە سەرزەمینێکی تەواو واقیعیدا، کۆمەڵێک مافیای ڕاستەقینەن بۆ سازکردنی ڕووبەرێکی گەورەی تاڵانخۆرییو ئەخلاقخۆرییو حیکایەتخۆرییو سەروەریخۆرییو کۆمەڵگەخۆریی، ڕۆشنبیریخۆرییو هونەرخۆرییو فەرهەنگخۆریی.

سەرکوتکردنو داپڵۆسینی هەر چالاکیو بزووتنەوەیەکی شارستانیو فەرهەنگیو ژیاندۆستانە، تەنیا کردەگەلێکی نائینسانیو وەحشیگەری سادەو ساکار نییە بۆ بەرپاکردنی فەزایەکی گەورەو گرانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤو شەرعییەتدان بە توندوتیژییو سیستماتیزەکردنی زەبروزەنگ لەئاستێکی باڵای فەرمییو دەوڵەتییدا، بەڵکە پێکڕا هەر کردەیەکی وەحشیگەرانەو نائینسانییانە دەرهەق بە هەر ڕوانینێکی نوێو دنیابینییەکی جیاواز لەو سیستمە دیکتاتۆرییو سەرکوتکارە ڕاستەقینە ئاڵۆزەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر کردەیەکی زەبروزەنگئاساو هەر توندوتیژییەکی فەرمیی دەبنە پێکهێنەری ئەو شوناسە زەبەلاحەی کە خولقێنەری شەرعییەتو سیستمو دامەزراوەگەلێکی نائاساییو نابەرجەرستەیە.

ڕەقیبەکان، تەنیا چاودێرو داگیرکارو کۆنترۆڵکاری ئەو سەرزەمینە داخراوە نیین، بەڵکە هێزگەلێکی زیندووشن بۆ بەرپاکردنی فەزایەکی ناشارستانی پڕدڵەڕاوکێو پڕناعەدالەتیی کۆمەڵایەتیو ئابوورییو سیاسیی، بە ئەندازەیەک ڕەقیبەکان دەتوانن پێکڕا ببنە هێزگەلێکی مەترسیدارو ناتەندروست بۆ کۆنترۆڵکردنو بەکارهێنانی یاساو دادگا بۆ کۆتوبەندکردنو ترساندنی خەڵکو میدیاو ڕۆژنامەنووسانو دژایەتیکردنی ڕۆشنبیران، بەڵام سەرۆکەکان، چەند ستەمکار بن، بەرگەی جەبەروتی ئەو هێزە شارستانیو زیندووە ناگرن کە چیتر قبووڵی زەبرو ستەمو نائینسانییەت ناکەن. جەهل، چەند هێزێکی لەبنەهاتووی ترسناک بێت، دواجار لەبەردەم زیندوویێتیی کۆمەڵگەو ڕۆشنبیرو جیاوازییەکاندا، هیچ نیین بێجگەلە کۆمەڵێک قیرەقیرکەرو بڵندگۆیەکی بەتاڵ. ڕەقیبەکان، چەند بەهێز بن لەبەردەم کۆمەڵگەیەکی بەرپرسیارو زیندوودا، بێجگەلە کۆمەڵە بوونەوەرێکی مشەخۆرو گەندەخۆرو بێمەعریفەت، هیچی دیکە نیین...

بەدواداچوون

## ٩٨٣ نەوجەوان بە تاوانی جۆراوجۆر دەستگیر کراون

ڕۆژنامە: پێرێ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە شاری هەولێر، ڕایگەیاند، لە ساڵی ڕابردوودا ٩٨٣ نەوجەوان بە تاوانی جۆراوجۆر دەستگیرکراون.

ئاسۆس نەجیب، وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم، لەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەدا کە ئامارەکەی تێدا خرایە ڕوو وتی: «دەبێت خستنەڕووی ئامارەکان زیاتر هانی توێژەرانو پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی بدات، بەرنامەو پلانی تۆکمەو ئەکتیف دابنێن بۆ دیراسەکردنی تاوانەکان».

بەپێی ئامارەکە ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ٩٨٣ نەوجەوان بە تاوانی جۆراوجۆرەوە دەستگیر کراون، لەو ڕێژەیە ١١٢ نەوجەوان گیراونو حوکمی یاساییان بەسەردا سەپێنراوە کە زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان ١٦-١٨ ساڵیدایە.



# لە هەرێم یاسایەک نییە بۆ ڕێکخستنی کاری موختارەکان

## هاوڵاتییەک: موختارەکان بوونەتە چاوی حیزب

ڕاپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر

هاوڵاتی (م.ع) لەگەڵ موختاری گەڕەکەکەیان دەمەقاڵێیان بوو، چونکە (م.ع)ماڵیان تازە چووبووە ئەو گەڕەکەو موختاری ئەو گەڕەکەش داوای پشتگیریی ئاسایشی لێدەکرد بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

دوای دەنگەدەنگێکی زۆر لەنێوانیان، (م.ع) ئامادەنەبوو بچێت پشتگیریی لە ئاسایشەوە بۆ موختاری ئەو گەڕەکە بهێنێت، چونکە وەک خۆی وتی: «ئەگەر حکومەت وازبهێنێت، خەڵک ئیشی بە موختاری گەڕەک نییە».

لە هەرێمی کوردستان یاسایەک نییە بۆ بەڕێوەبردنو ڕێکخستنی کاری موختاری گەڕەکەکان، بەم هۆیەشەوە دەزگاکانی حیزبو ئاسایش بە ویستی خۆیان بەکاریان دەهێنن، هاوڵاتییانیش لە مامەڵەی بەشێکی زۆر لە موختارەکان بێزاربوون.

نازم ڕەزا، هاوڵاتییەکی شاری سلێمانییەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «موختارەکان چاودێری حیزبەکانن لە ناوچەکاندا، هاوڵاتییان بێزار دەبن بۆ هەموو کارێکی فەرمانگەیەک پشتگیریی موختارەکان ببەن».

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەر هاوڵاتییەک کۆدێکی تایبەت بە خۆی هەیەو لە فەرمانگە ڕەسمییەکانی دەوڵەتدا دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو کۆدەوە هەموو زانیارییەک لەسەر ئەو هاوڵاتییە بزانرێت، بەڵام هیچ لایەنێک بۆی نییە بەبێ ڕەزامەندیی ئەو هاوڵاتییە بچێتە ناو زانیارییە تایبەتییەکانییەوە، تەنیا نیشاندانی کۆدەکەت لەسەر کارتێکی تایبەت بەسە بۆ ئەوەی مامەڵەکانت لە فەرمانگەکان بەڕێوە بڕوات. بە پێچەوانەوە لە هەرێمی کوردستان داوای پشتگیریی موختاری گەڕەک لە هاوڵاتییان دەکەن بۆ ئەوەی کارەکانیان ڕایی بکەن.

ئومێد لەتیف سابیر، بەڕێوەبەری ناحیەی بەکرەجۆ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «موختارەکان پشتگیریی هاوڵاتییان دەکەن تا بزانرێت ئەو هاوڵاتییە دانیشتووی کوێیە، موختارەکان کاری ڕەسمیی دەکەنو دەبێت پشتگیرییەکان لە لایەن یەکە ئیدارییەکان تەسدیق بکرێت».

لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی دروستکردنی کۆدە بۆ هاوڵاتییان، ئەمەش لە ڕێگەی بەڕێوەبەرێتی نووسینگەی زانیارییەوە، کە پێشبینی دەکرێت ئەم هەنگاوە هاوڵاتییان لە ڕۆتینیاتەکانی موختارەکانی گەڕەک ڕزگار بکات.

بەڕێوەبەری ناحیەی بەکرەجۆ، ئاماژەی بەوەش کرد؛ «دروستکردنی کارتی زانیاریی بۆ هاوڵاتییان کارئاسانیی زۆر دەکاتو ڕۆتینیات کەمدەکاتەوە».

ڕۆژنامە هەوڵێکی زۆریدا بۆ وەرگرتنی بۆچوونی نوێنەری موختارەکان لە بارەی کارەکانیانەوە، بەڵام ئامادە نەبوون هیچ لێدوانێک لەبارەی کاروباری ئەو پارەیەوە بدەن کە لە بەرامبەر هەر پشتگیرییەکدا لە هاوڵاتییانی وەردەگرن.

ئیدریس کەریم محەمەد، بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆیی پارێزگای سلێمانی لە بارەی ڕێکخستنی کاروباری موختارەکانەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە هەرێمی کوردستان یاسایەک نییە بۆ ڕێکخستنی کاروباری موختارەکان، تەنیا ڕێنماییەک لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/٢ بە ژمارە (١٨٦١٧) لە وەزارەتی ناوخۆ دەرچووەو کاری پێدەکرێت».

بەڕێوبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگای سلێمانی ئاماژەی بەوەشکرد؛ کە موختار لە یاسای (اصول المحكمات الجزائية) عێراقیدا لە مادەی (٣٩) بڕگەی (٢)دا موختار بە کەسایەتییەکی کاراو چالاک دانراوەو کۆمەڵێک کاری پێسپێردراوە.

ئەو بەرپرسە ئیدارییە باسی لەوەشکرد؛ کە مەرجە موختاری گەڕەک عێراقی بێتو کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکە بێتو خوێندەواریی هەبێت، ئیدریس کەریم، هیواشی خواست یاسا سەرجەم کاروبارەکانی موختارەکان ڕێکبخات.

لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا تائێستا (١٤٦) موختار بە ڕەسمیی لە لایەن پارێزگاوە ڕێگەی کارکردنیان پێدراوەو مووچەیان لە لایەن حکومەتەوە بۆ تەرخان ناکرێت، بەڵام بۆ هەر پشتگیرییەک کە لە هاوڵاتییانی دەکەن، بڕێک پارە وەردەگرن کە لە (٢٠٠٠) دینار کەمتر نییە.

کاوە محەمەد فەرەج، پرۆفیسۆری یاریدەدەر بۆ ڕۆژنامە جەختی لەوە کردەوە؛ کە کاری موختارەکان کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر هاوڵاتییان، لە ڕووی ئابوورییو سیاسییو کۆمەڵایەتیو داراییو خزمەتگوزاریی.

ئەو پرۆفیسۆرە، کاری موختارەکانی لە ڕووی ئیدارییەوە بە گرنگ زانیو وەک پردێک ناوزەدی کردن لەنێوان هاوڵاتییانو حکومەتدا، لە هەمانکاتدا باسی لەوەشکرد؛ کە زۆرێک لە موختارەکان وەک پێویست کار بۆ هاوڵاتییان ناکەن، ئەو پشتگیرییەش کە بۆ هاوڵاتییانی دەکەن پێویستە بێ بەرامبەر بێت.

کاوە محەمەد، بەپێویستیشی زانی موختار کەسێکی کاراو لێهاتوو بێتو لەسەر ئەساسی حیزبایەتی کار نەکات، بەڵکو لەسەر ئەساسی نیشتمانیی کار بکات بۆ هاوڵاتییان.



سلێمانی، ژمارەیەک موختار کار بۆ هاوڵاتیان دەکەن

فۆتۆ: ئاکام

## شەقامەکانی ڕەواندوز ڕۆڵی سەربڕینخانەش دەبینن

ڕاپۆرتی: ئەحمەد باڵەکی

بەهۆی نەبوونی هیچ سەربڕینخانەیەکی ڕەسمییەوە لەناوەندی شارۆچکەی ڕەواندوزدا، قەسابەکان لەسەر شەقامەکان ئاژەڵ سەردەبڕنو زۆربەی کاتیش گۆشتەکانیان بەبێ پشکنینو مۆر، بەهاوڵاتییان دەفرۆشن.

تەحسین برایم، هاوڵاتییەکی دانیشتووی قەزای ڕەواندوزەو نیگەرانە لەوەی کە تا ئێستا حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە سەربڕینخانەیەک لە ڕەواندوز بکاتەوەو بۆ ڕۆژنامە دەڵێت: «قەسابەکان لەناو کوچەو کۆڵانەکان ئاژەڵ سەردەبڕنو هیچ پشکنینیشیان بۆ ناکرێتو ڕاستەوخۆ دەیفرۆشنە هاوڵاتییان، بێئەوەی لێپێچینەوە هەبێت».

قەزای ڕەواندوز، یەکێکە لە قەزاکانی سنووری پارێزگای هەولێرو ژمارەی دانیشتووانەکەی، نزیکەی (١٥) هەزار کەس دەبێتو نزیکەی (١٠٠کم) دوورە لەپارێزگای هەولێرەوەو ئەم قەزایە بە یەکێک لەقەزا گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستانیش دادەنرێت.

سیروان سیرینی، قایمقامی قەزای ڕەواندوز، نەبوونی سەربڕینخانە بە یەکێک لەکێشە ئیدارییەکانی قەزای ڕەواندوز دەزانێتو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «چەندینجار داوامان لەبرا قەسابەکان کردووە کە قەسابخانەیەک دروست بکەین بۆیان، بۆ ئەوەی چیتر گۆشتەکە لەسەر شەقامەکان بە نایاسایی نەفرۆشرن، بەڵام لەبەر نەبوونی شوێنێکی گونجاو، تا ئێستا نەمانتوانیوە دروستی بکەین».

نزیکترین سەربڕینخانە بۆ قەزای ڕەواندوز، سەربڕینخانەیەکە لە قەزای سۆران، بەڵام بەهۆی دوورییەوە، نەتوانراوە سوودی بۆ ڕەواندوز هەبێت، بەڵام زۆرجار قەسابەکان بەناچاریی ئاژەڵەکانیان لەوێ سەردەبڕن.

# خاوەن موەلیدەکان، لە سیستمی کارەبا نارازین

ڕاپۆرتی: ئەکرەم تۆفیق

خاوەنی موەلیدە ئەهلییەکان، پێیانوایە کە ئەو ڕێژە زۆرەی بەکارهێنانی موەلیدەکانیان گرفتی بۆ دروستکردوونو دەڵێن: مەترسیمان لە پەککەوتنی موەلیدەکانمان هەیەو تووشی زەرەری گەورە دەبینو لێپرسراوانیش ئەوە بە گرفت نازانن.

لە ئەنجامی کەمبوونەوەی کارەبای نیشتمانیی لە هەرێمی کوردستاندا، لێپرسراوانی وەزارەتی کارەبای هەرێم بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بڕیاری زیادکردنی بڕی (٢) سەعات کارەبای دا لەلایەن موەلیدە ئەهلییەکانەوە بۆ پڕکردنەوەی کەمیی کارەبای نیشتمانیی، ئەمەش بوو بەهۆی دروستبوونی گوشارێکی زۆر لەسەر موەلیدە ئەهلییەکانو لەوبارەیەشەوە زۆرێک لە خاوەن موەلیدە ئەهلییەکان، بەرامبەر بەو ڕێگە چارەسەرە، نیگەرانن.

بەرزان محەمەد، خاوەنی موەلیدەیەکی گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانییە، ئاماژە بەوە دەکات، کە گۆڕانکاریی لە سیستمی کارەبادا، گرفتی زۆری بۆ موەلیدەکانیان دروستکردووە، زۆرجار مەترسیی لەکارکەوتنی موەلیدەکان دەکەن بەهۆی ئەو ڕێژە زۆرەی ئیشپێکردنەوەو وتی: «موەلیدەکانمان تووشی گرفتی گەورە دەبن، چونکە توانای ئەو بەکارهێنانە زۆرەیان نییە، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، موەلیدەکانمان لەکار دەکەون».

ئەو خاوەن موەلیدەیە ئاشکراشی کرد بەڕێوەبەرێتیی کارەبا، پابەند نین بەو سیستمەی کە دیاریکراوە بۆ پێدانی کارەباو ئەمە کێشەی بۆ موەلیدەکان دروستکردووە، دەڵێت: «زۆرجار لەوکاتەی دیاریکراوە، کارەبای نیشتمانیی نادرێتەوە، ناشکرێت کارەبا لە خەڵکی بکوژێنینەوە، بۆیە کاتی کارپێکردنی موەلیدەکانمان لەو کاتانە زیاتر دەبێت کە بۆمان دیاریکراوەو ئێمە پێمان باشە کەمتر کار بە موەلیدەکانمان بکەینو پارەی کەمیش وەربگرین، لەوە باشترە تووشی زەرەرێک بین کە لەتواناماندا نەبێت».

«ئێمە ناچارین بەو ڕێژە زۆرە ئیش بە موەلیدەکانمان بکەین، چونکە ناکرێت ماڵی خەڵکیو دراوسێکانمان تاریک بکەین»، ئەمە وتەی ڕزگار سەعیدە، کە خاوەنی یەکێک لە موەلیدەکانی گەڕەکی تووی مەلیکی شاری سلێمانییە، بەڵام پێیوایە، زیادکردنی ماوەی زیادەی پێدانی کارەبا، موەلیدەکانیان زۆر ماندوو دەکاتو زۆرجار مەترسیی بۆسەر موەلیدەکانمان هەیەو تووشی کێشەمان دەکات.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە نوێنەری بەشێک لەو موەلیدانە، ئاماژە بە نەبوونی کێشەی لەو جۆرە دەکەن.

ڕێبوار محەمەد، نوێنەری موەلیدە ئەهلییەکانی گەڕەکی ئاشتی، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەبەرئەوەی گازمان پێدەدەن، هیچ کێشەیەکمان نییە، زۆرجار لەو ڕێژەیەش زیاتر کارمان بە موەلیدەکان کردووەو کێشەمان نەبووە».

هەروەک کاوە محەمەد، لێپرسراوی سەندیکای موەلیدە ئەهلییەکانی شاری سلێمانی، سەبارەت بە ئیشپێکردنی زیاتری موەلیدەکان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پاردا، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ساڵی پار لەم کاتانەدا، کەمتر ئیش بە موەلیدەکان دەکرا، ئەمەش لەبەرئەوە نەبووە کە موەلیدەکان توانای کارکردنیان نەبووە، بەڵکو بەهۆی زۆریی کارەبی نیشتمانییەوە بوو لەچاو ئێستادا». لێپرسراوی سەندیکای موەلیدە ئەهلییەکانی شاری سلێمانی، ئاماژەی بەوەدا: «ئەو ئیشپێکردنە زۆرە، موەلیدەکان ماندوو دەکاتو هەموو موەلیدەیەک لەم مانگەدا زەرەرمەند بووە».



بۆچوون

# کاردۆ محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان: گۆڕان کەوتە بەردەم دوو رووکاری جیاواز

## جەهالەتی سیاسیی و پەراوێزخستن



ئارام شێخ محەمەد

دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا بەرامبەر دوو هێز کە لە ژیانی سیاسیی خۆیاندا ئۆپۆزسیۆنیان بەم شێوەیە نەبینیبێتو ئەسڵەن چاوەڕوانیان نەکردبێت کە هێزێک ئاوا زوو گەشە بکات، وەک ئەوەی لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا پێیان وابوو، رەنگە ٣ یان ٤ کورسی بهێنن و یەک دوانێکیش بەخێر بیاندرێتی، بەڵام هێنانی ٢٥ کورسیی پەرلەمان، شۆکێک بوو کە ئێستاش دەسەڵات لەژێری هەڵنەساوەتەوە.

پاشان کە گۆڕان بڕیاری دا، بەشداریی لەحکومەتدا نەکات، تووشی شۆکی دووەم بوون، کە چۆن هێزێک بەشداریی لە حکومەتدا ناکات، ئاخر ئەم دەسەڵاتە شیرینەی کە پڕە لە ئیمتیازو خانوو و شوقەو سەیارەو هەموو کەس ملی خۆی بۆ دەشکێنێتو چەندینجار چ وەک فەردو چ وەک هێزی سیاسیی بەردەرگای زۆر قاپی کراوە بۆ وەرگرتنی پۆستێکو زۆرجاریش نووسەرەکانی دەسەڵات خۆیان، تەئکیدیان لەمە کردووەو هەندێک شەرمنانە باسی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دەکەنو هەندێکی تریشیان راشکاوانە باسی ئەوەیان کردووە کە پۆست بە عیلاقات وەردەگیرێت، نەک بە کەفائەتو لێهاتوویی، کاتێک بزووتنەوەی گۆڕان ئەو بڕیارە لێبڕاوانەیەی دا، لەدڵەوە پێیان خۆش بوو، چونکە جێگە زۆر چۆڵ بوو، بەپێچەوانەوە پاڵپاڵێنەکە بۆ پۆست زیادی دەکرد لەناوخۆیاندا تا بگەنە هەنگوینەکەو بەلاقرتێشەوە دەیانوت، گۆڕان خۆی نایەوێت بەشداریی بکاتو ئێمە حەزدەکەین، بەڵام گۆڕان بەم بەشدارییەنەکردنەی لەحکومەت، هەموو ئەو پڕوپاگەندانەی بەدرۆخستەوە کە دەسەڵات لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن پێیدەوتین، ئێمە بۆ حکومەتو دەسەڵات وا دەکەین بەتایبەت ئەم قسانەیان بە براکانی خۆیان دەوت کە تا لە حیزب لەگەڵیان بوون، پیاوی چاک بوون و دوای هاتنە دەرەوەیان تا تەخوین رۆیشتن لەگەڵیان، کە ئەمە دەبوو زەنگێک بێت بۆ ئەوانەی کە ئێستاش لەوێ ماون و رەنگە لە هەر جیاوازییەکدا هەمان چارەنووسی ئەمانەی گۆڕاون لە بەدناوکردن و لێشاوێک لە جنێو رووبەڕوویان بێتەوە، بەڵام مرۆڤ خۆی ئازادە تا کوێ لەگەڵ سیاسەت دەڕوات، هاوکات گۆڕان بۆ جەماوەرەکەی خۆی سەلماند کە چۆک دانادات لەبەردەم ئیمتیازی دەسەڵاتدا ئەگەر بێتو چارەسەری بنەڕەتیی سیستمەکە نەکرێت.

دەسەڵات، بە ئەنقەست دەیەوێت لەم نامەیە تێنەگات کە ئەگەر سیستمەکە نەگۆڕێت، ئێمە بەشداریی ناکەین و لەدەرەوە دیفاع لە بەرژەوەندییەکانی خەڵک دەکەین و فشار بۆ سەر گەندەڵییەکانتان دروست دەکەین تا خۆتان ئیسلاح دەکەن و هەرچی بڕیاری بەشدارییکردنیشە لە حکومەتی عێراقیدا، بڕیارێک بوو کە ئێمە بەشێک لە مافی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستانمان هەیەو ئەگەر لە دیموکراتیش بزانن، ئیستیحقاقی ئینتیخابیشەو لەدەرەوەی ئیجازەی یەکێتیو پارتیو نوێنەرایەتیی ئەم خەڵکەو ئەم نەتەوەیە، بەشێکی بنەڕەتییە لە بەرنامەی گۆڕان و تاپۆی ئەوان نییە تا بەئیزن و خاترو ئارەزووی ئەوان بێتو کاتێکیش ئەم مافە دەبێتە مەکرەمەو هیچ ئیسلاحاتێک لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نادەن، ئێمە نامانەوێتو ئەگەر کەسێک جاهل نەبێت، دەتوانێت بڕوات لە رۆژنامەکاندا بیخوێنێتەوەو بزانێت کێ هەموو توانای خۆی بۆ دژایەتیی گۆڕان خستەگەڕ لە بەغداو تەنانەت پیاوێکی بەڕێزی لایەنێکی سیاسیش کە ئەم راستییەی سەلماند، چ بێئەدەبییەک کرا بەرامبەری و ئاشکراشە ئەوە ئێوە بوون کە وەزارەتەکانتان لای خۆتان قۆرخکردو بە رەتکردنەوەشی ئێمە سەلماندمان کە چیتر مافی خەڵکو هێزولایەنە سیاسییەکان نابێت زەوتو مەکرەمەی ئێوە بێتو بەرەی خەڵک هەمیشە لە دەسەڵاتێک کە نەتوانێت لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا بێتو تووشی قەیران بووبێت، زۆر زۆر هەر زۆر باشترەو ئەو ناکۆکییەش دەرکەوت کە شین بۆ یەکلیستیی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیی و موئامەرەگێڕان لە دژی بزووتنەوەی گۆڕان، چەند درۆیەکی شاخدارو بانگەشەیەکی ناشیرینە.

بڕیاری بزووتنەوەی گۆڕان بە بەشدارییەنەکردنی لە حکومەتەکەی هەولێردا، لەسەر بنەمای بڕوای ئەم بزووتنەوەیە بووە بۆ پارێزگاریکردن و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی خەڵک، بەڵام ئیستیغلالکردنی ئەم بەشدارییەنەکردنە بۆ سزادانی سیاسییو شەرعییەت بەخۆدان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژییو پاکتاوکردنی سیاسیی لەناو دامودەزگاکانداو تەبریر هێنانەوە بۆ ئەم حاڵەتە لەژێر بیانووی ئەوەی کە خەتای خۆیان بوو بەشدارییان لە حکومەتدا نەکردو خۆشت پەستو شپرزەو نیگەران نیشان بدەیتو تووشی هیستریاش بیت، کاتێک پێت دەوترێت، حکومەتەکەت حیزبییە، ئیتر پەندی بانێکو دوو هەواش بەکەڵکی ئێوە نایەت.

کۆتاقسە، ئەوەیە کە دەسەڵاتێک شانازیی بە وەتاقخستن یان پەراوێزخستنەوە بکات، جەهالەتێکی گەورەیەو ئەم جۆرە راوێژکارییە شەیتانیانەیە بۆ دەسەڵات خۆی خراپەو پێش ئەوەی لایەنێکی سیاسیی بلەرزێنێت، بەتایبەت گۆڕان کە ئەو قۆناغەی بە شانازییەوە تێپەڕاند، بەحسابی خۆیان وەتاق، یان پەراوێز کاری تێبکاتو شانازیی بە پەراوێزخستنەوە بکات، بێشک خۆی پەراوێز دەخات.

## ئەگەر دەستوورو یاسا سەروەر بن، دەبێت حکومەت دەست لە کار بکێشێتەوە

پاش دوو رۆژ لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی گۆڕان، سایتی ئەکانیوزو هەفتەنامەی بزاو، لێدوانێکی وەزیری پێشمەرگەی بڵاوکردەوە کە دەڵێت: «گۆڕان، پەشیمان نەبێتەوە، هێزی پێشمەرگە لە ئامادەسازیدا دەبێت»، هەروەها دەڵێت: «هێزی پێشمەرگە بەرپرسیارە لە رووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانی گەلی کورد، جا ئەو هەڕەشەیە ناوخۆیی بێت، یان دەرەکیی».



ئازاد چالاک

رۆژنامەی ئاوێنە، سەبارەت بەو (٣) دەبابەیەی هێنرانە بەرامبەر گردی زەرگەتەی (گۆڕان)، وەزیری پێشمەرگە دەڵێت: «هێنانی ئەو دەبابانە بۆ پاراستنی نووسینگەی حکومەتو هەندێک میوانخانەیە کە لەو نزیکەن».

ئەوەی ئەم چەند دێڕەی سەرەوە بخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە دەسەڵاتدارانی کوردستان چ تێڕوانینێکیان بۆ هێزی پێشمەرگە هەیەو، چۆن دەیانەوێت ئەو هێزە خەباتگێڕە بەکاربهێنن و چۆن ناوبانگو قوربانیدانیان ناشرین و لەکەدار دەکەن.

بەپێی ماددەی ٩ی دەستووری عێراق، سوپا دەبێت دووربێت لە کاری حیزبییو دەستێوەردان لە کاروباری سیاسیی وڵاتەوەو ئەرکی سوپا بەوە دیاریکراوە کە پارێزگاریی لە سنوورەکانی عێراق دەکاتو نابێت بەکار بهێنرێت بۆ سەرکوتکردنی گەلی عێراق و نابێت هیچ رۆڵێکی سیاسیی بگێڕێت بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات، کورد لە بەغدا بەشداربووە لە داڕشتنی دەستوورو بەردەوام داکۆکیی لەوە دەکات کە دەبێت هێزی پێشمەرگە بەشێک بێت لە سیستمی بەرەنگاریی نیشتمانیی لە عێراق.

بزووتنەوەی گۆڕان، شەوی (١/٢٩) بەیاننامەیەکی (٧) خاڵیی راگەیاند، دەسەڵات لەجیاتی ئەوەی بە بەیاننامەیەک وەڵامی ئەم داوایانە بداتەوە، هەموو هێزە حیزبییو ئەمنییو سەربازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستە ئامادەباشییەوەو بەوەش نەوەستا هەر بەو شەوە دەبابەی گواستەوە بۆ بەرامبەر گردەکە، ئەمە لەکاتێکدا کە بە درێژایی ئەو ساڵانەی رابردوو کە ناوچە گوندنشینەکانی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی تۆپباران و دەستدرێژیی دەرەکییان دەکرایە سەر، وەزیری پێشمەرگەی هەرێم ئامادەباشی رانەگەیاندو هێزی پێشمەرگەی ئاراستەی سەر سنوورەکان نەکردو خۆشی نەکرد بە ساحێبی ئەو خەڵکەی کە ماڵ و حاڵیان لێ تێکچوو و زەرەرو زیانی گەورەیان بەرکەوت!

لە میسر، کاتێک هێزەکانی سوپا بە دەبابەکانیانەوە داخڵی «مەیدانی تحریر» بوون، هاوڵاتییان باوەشیان بۆ کردنەوەو چوونەسەر دەبابەکانیان و بە هێزی رزگارکەریان ژماردن، بەڵام لەگەڵ هێزە ئەمنییە سەرکوتکەرەکان، هەمان هەڵوێستیان نەبوو.

بۆ قازانجی کێ دەیانەوێت رۆڵ و رابردوو و قوربانیدانی پێشمەرگە لەکەدارو ناشرین بکەن، بۆچی پێشمەرگە دەکەنە ئامڕازی سەرکوتکردنی هەر پێشهاتو رووداوێک لە هەرێمی کوردستان و بۆچی ئەو پیرۆزییە بەردەوام دەڕووشێنن کە پێشمەرگە هەیەتی و تەنانەت مووچەو مافی خۆشی پێ ڕەوا نابینن؟

پاش ئەو گرژییەی لەدوای بەیانەکەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێتی هاتە کایەوە، دەبوایە سیاسەتمەدارانی ئەو دوو حیزبە، وا بیریان بکردایەتەوە کە هێز بنێرن بۆ پاراستنی گردەکە، نەوەک چەند تێکدەرێک بۆ دروستکردنی ئاژاوەو لەکەدارکردنی ئەزموون و دەستکەوتەکان لە هەرێم، پەلاماری گۆڕان بدەن کە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بێچەکە، نەوەک بەپێچەوانەوە دەسەڵات لە هەرێم ترس دایگرێتو بکەوێتە ئامادەباشیو هێنانی دەبابەو هێزی ئەملاو ئەولا!

لەوە دەچێت تا ئێستاش بەشێک لە دەسەڵاتداران، وا بیربکەنەوە کە بە گرتنی گردەکەو داخستنی کەناڵەکانی کۆمپانیای وشە، ئیتر خەڵک بێدەنگ دەبن و گۆڕان لاواز دەبێتو تووڕەییو ناڕەزایی خەڵک کۆتایی پێدێت.

وەزیری پێشمەرگە، پاساوی هێنانی ئەو دەبابانە بۆ پاراستنی نووسینگەی حکومەتی هەرێم دەهێنێتەوە، بەڵام ناپرسێت، بۆچی دەبێت دەبابە پارێزگاریی لە نووسینگەی حکومەت بکات، ئەی حکومەت دەستکەوتی خەڵکی کوردستان نییە؟ ئەی لە شاری سلێمانیو هەر لە تەنیشت گۆڕانەوە، نووسینگەی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستانی لێ نییە؟

ئەم عەقڵەی وەزارەتە ئەمنییەکانی کوردستان ئاراستە دەکات، عەقڵی بەسەرچووی شەڕانگێزییو پاوانخوازییو دیکتاتۆرییە، ئەقڵی پێشکەوتن و یەکسانییو خزمەتی ئەزموون و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان نییە.

هەقوایە پەرلەمانتاران و بەتایبەت فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا، ئەم مەسەلەیە بوروژێنێتو سکاڵاش لای مەحکەمەی دەستووریی عێراق تۆمار بکات.



کاردۆ محەمەد

## شوناسی ئۆپۆزسیۆن

باڵادەستیی بەڕێوەبردنێکی تەقلیدیی لەحکومڕانیدا، هەرێمی کوردستانی خستووەتە دۆخێکی مەترسیدارو تەنگەژە قوڵەکانی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، لە سەرجەم کایە جیاوازەکانی ژیانی هاوڵاتیدا، بەتایبەتی بەرتەسککردنەوەی رووبەری بەشداریی هاوڵاتییان لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و ململانێکانی ژیان و مافیاندا، بە مەبەستی چارەسەرکردنێکی ریشەیی کێشە قوڵ و بونیادییەکانی سیستمی سیاسیی لە هەرێمداو نانی هەنگاوێکی راستەقینە لە گۆڕانکارییو چاکسازیی لە هەرسێ دەسەڵاتی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەریی) پێویستە.

بزووتنەوەی گۆڕان، بە بەشداریکردنی لە هەڵبژاردندا بە بارستەی خۆی، هاتە ناو کایەی سیاسیی، کە کەمتر نییە لە سەنگی هەردوو حیزبە باڵا دەستەکەی کوردستان و وەک بەشێک لە سیستمی سیاسیی هەرێمدا، شوناسی ئۆپۆزسیۆنبوونی لە بەشداریکردن لە حکومەت هەڵبژارد، ئەم شوناسەش تەندروستیو زیندووێتی بەخشی بە سیستمە سیاسییەکە لە کوردستان و بەڕێوەبردنی ململانێکان بە شێوازێکی دیموکراسی. لە بەرامبەر ئەم هەڵکەوتە سیاسییەدا، هەردوو حیزب هەر لە سەرەتاوە بە چاوی دوژمنکارانە دەیانڕوانییە ئۆپۆزسیۆن و تەگەرەو کۆسپیان دەخستە بەردەم هەر پرۆژەو رایەک کە ئۆپۆزسیۆن بە ئامانجی کاراکردنی دامەزراوەکان و بەشداریکردنێکی کرداریی لە پرسەکانی حکومڕانیدا دەینا، تا گەیشتە ئاستێک کە دەرفەتو دەروازەیەکی بچووک بۆ گۆڕانکاریی لە بەردەم ئۆپۆزسیۆن نەما.

لێرەدا گۆڕان کەوتە بەردەم دوو رووکاری جیاواز، بەردەوامیی لە تەنگژەو چاوەڕوانی مەترسییەکان، یان رووکاری هەڵوێستێکی رادیکاڵانە بە ئامانجی تێپەڕاندنی تەنگژەکە بە ئاراستەی چاکسازییو گۆڕان، بۆیە بزووتنەوەی گۆڕان لە بەیاننامەیەکی (٧)خاڵیدا سیناریۆیەکی خستەڕوو لە روانینی خۆیەوە بە مانای بەرنامەڕێژی بۆ رزگاربوون لە تەنگژەکان و پاراستنی ئەزموونەکە لە ستەمکارییو بێدادییو سەروەرنەبوونی یاساو مۆنۆپۆڵکردنی سەرجەم بوارەکانی ژیان لەلایەن حیزبەوەو عەقڵییەتێک کە ئەزموونەکەی بەم دۆخە گەیاندووە. لە کاردانەوەیەکی توندی هەر دوو حیزبدا لە بەرامبەر بەیاننامەکەدا کە زمانەکەیان دەربڕی بیرکردنەوەی قۆناغێکی بەسەرچووی ململانێیە لە کوردستان، بە شێوەیەک کە سەرجەم وتارو دروشمەکانی حکومەتی هاوڵاتیبوون و یەکخستنی دامەزراوەکانی حکومەتی خستە سەر چەقینێکی رووت، دووبارە کۆمەڵانی خەڵکی بردەوە ناو وێنەیەک کە هەرهەنگاوێک بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەوان، دەبێت بە کارەسات کۆتایی پێبێت بۆ گەلەکەمان.

ئەمە لە هەلومەرجێکدا شەپۆلی گۆڕانکاریی زۆربەی وڵاتانی داخراوی نادیموکراسی گرتووەتەوە، ئەم دوو هێزەی دەسەڵات لە جیاتی کرانەوە بە رووی سازکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ گفتوگۆیەکی کراوە بۆ هەموو ئەو خاڵانەی کە لە بەیاننامەکەدا هاتوون کە خۆیان دانیان بە دیاردەکەدا ناوە کە واقیعە، بەڵام لە کرداردا کار بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە ناکەن، ئەمەش مەترسیی بۆ ئەزموونەکە زیاتر دەکاتو کێشە قوڵەکانی قوڵتر دەکات، بەبێ ئەوەی بتوانێت بەربەستێک لە بەردەم گوشارەکانی گۆڕانکاریی دروست بکات، بۆیە وا چاکە دەسەڵات زەنگی پەرۆشیو راستگۆییو گۆڕان، وەک بە شێکی گەورەو کاریگەر لە ئۆپۆزسیۆنبوون و شەقام بەهەند وەربگرێت بە ئاراستەی چاکسازییو هاوبەشیکردن لە بڕیارداندا لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان.

رۆژنامە
کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات | خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە | سەرنووسەر: ئازاد چالاک | www.sbeiy.com

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداریی:
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
riklam.rozhnama@gimail.com – info. rozhnama@gimail.com

ناونیشان:
سلێمانی: زەرگەتە. گردی زەرگەتە. کۆمپانیای وشە
هەولێر: گەڕەکی زانکۆ. چوارڕیانی حەمرین.
تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە (٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢)

دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١

بۆچوون

داوای لێبووردن: بەشی «بۆچوون» داوای لێبووردن لەو کەسانە دەکات کە بابەتیان ناردووە بۆ ڕۆژنامەو بەهۆی کەمی شوێنەوە بڵاونەبوونەتەوە.

## ئەو کاتەی گەل بڕوای بە سیستمی سیاسیی نامێنێت
# سەرنجێک لە وەڵامەکەی دەسەڵات بۆ گۆڕان



د.سالار باسیرە *

ئەوەی لێرەدا لەبارەیەوە دەدوێم لە ڕوانگەی هاوڵاتییەکەوەیە کە ڕەزامەند نییە بەو زاراوەو واتایانەی دەسەڵاتی هەرێم ڕووبەڕووی خەڵکی وڵاتەکەمی کردووەتەوە، بە واتا دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، چونکە پێش پەرلەمانو حکومەت، حیزب وەڵامی بۆ داونەتەوە، ئەمە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە لە دەوڵەتی حیزبیدا دەژینو حیزبیش حیزبی قائیدە.

**زاراوەی «ئەی خەڵکی بە شەرەفی کوردستان»**

بۆ زەوتکردنی مافەکانی گەل، دەسەڵات بێشەرەفی زۆری بە خەڵکی کوردستانەوە کردووە، بەڵام کاتێکیش پێویستی پێی دەبێت بە ناوی «خەڵکی بە شەرەفی کوردستانەوە» ناوی دەبات، هەر لێرەوە نامسداقیەتی دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێم دەستپێدەکات، سەرانی دەسەڵات وەڵامەکەیان بە خۆپێناسەکردنێکی لیبراڵانەو نیشتمانیانەو نەتەوەییانەو دیموکرات دەستپێدەکەن، ئەم پێناسەیە دەبێت گەل پێیان ببەخشێت، نەک خۆیان ئەم سیفەتانە بەخۆیان ببەخشن، بۆ ئەم خەسڵەتانە پێوانە هەیە لە ڕووی ئەزموونی مێژوو و زانستی سیاسیشەوە.

**حکومەتی شەرعیی**

سەبارەت بە سەرنجی حکومەتی شەرعیی هەڵبژێردراو جگە لەوەی دەسەڵاتدارانی هەرێم باس لە ساختەکاریی پلانکراوی کاتی هەڵبژاردنەکان ناکەن، بەڵکو بە چەند حیزبێکی زەبەلاحەوە کەمتر لە جاران، بەڵام دەنگی زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستهێناوە، لێرەدا کەواتە دەسەڵات شەرعیە، بەڵام مەرج نییە دیموکرات بێت، بەڵام شەرعیەتی دراوەتێ ئیتر بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان لایەنی دەسەڵاتدار بە دەستی هێنابێت، هەڵبژاردن تەنیا یەکێکە لە خەسڵەتەکانی دیموکراسیەت، بەو واتایەی تەنیا بە گوڵێک نابێتە بەهار.

**دەسەڵات نەگۆڕ نییە**

دەسەڵات دەکرێ لە لایەن دەسەڵاتی دژوەک نارەزایی‌و ڕاپەڕینی کۆمەڵ بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە هەتا دەگاتە گۆڕین لە سیستم بۆ نموونە لە تونس، ئەمە دەکرێ بگۆڕدرێ بێ داواکاریی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی ڕێکخراو، ئەمەیش بە شێوازی ڕاپەڕینی جەماوەریی، بەڵام ئۆپۆزسیۆن دەکرێ ڕۆڵی گرنگی تێدا ببینێتو کۆمەڵگەش پێویستی بە بەرنامەو ڕێکخستن هەیە، پێش دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان گەل لە خواستی گۆڕاندا بووە. سەرۆکایەتی گۆڕان تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر ئامادەیدا هاتووە، بەڵام توانی ژیرانە نارەزاییەکانی جەماوەرو خواستیان بۆ گۆڕان ڕێکبخاتو بڕوایان بە لای خۆیدا ڕاکێشێت، ئەوەی گۆڕان ئێستە لە دەسەڵات داوای دەکات دەمێکە خواستی گەلە، هەربۆیە پێویستە سەرکردایەتی گۆڕان چیتر لەم پرۆسەیە پاشەکشە نەکات. هۆکارێکی گرنگی ململانێی نێوان دەسەڵاتو کۆمەڵی کوردی لە باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیستمە سیاسییە پەیڕەوکراوەکەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باری سایکۆلۆجیو فکرییو ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان یەکناگرێتەوە، هەربۆیە ئەم سیستمە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زەمەنیش پەیڕەو بکرێت بەڵام وەکو دەرئەنجام، یان دەبێت خۆی بگۆڕێت کە بڕوا ناکەم، یان هەرەسدێنێتو ئامانجی ڕێکخستنی وڵات ناپێکێ کە لە ڕاستیدا پێویستە بۆ خۆشگوزەرانیو سەقامگیرکردنی ڕەوشی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی هاتبێتە کایەوە.

**سەلماندنی فەرەزییەکان بە بەڵگە**

**١- ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانو هەژاریی‌و ئاسایش**

ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بە واتا باشترکردنی باری کشتوکاڵی‌و بەرهەمهێنانی خۆراکی محەلی، کە ئاسایشی ژینگەو ئاسایشی خۆراکیشی پێوە بەندەو پیشەسازیی محەلیش دروست دەکات بێ ئەوەی ڕوو لەدەرەوە بکرێت بۆ هێنانی میوەو خواردەمەنی بەنرخی گران، هەروەها قورسایی سەر شارەکان کەمتر دەبێتەوە، ئەمەش بە گەڕانەوەی جوتیاران بۆ گوندەکانیانو ڕەخسانی ژیانی کشتوکاڵیی. جگە لەمە برسیەتیو هەژاریی، بێکاریی، زەمانی کۆمەڵایەتیو دروستکردنی شوێنی نیشتەجێکردن، ڕێگەگرتن لە شتە مەترسیدارەکان بۆ سەر ژیان، وەک نەخۆشیو دروستبوونی تەئمینی تەندروستیو ئاسایشی سیاسییو ئازادیی سیاسییو زۆرانبازیی سیاسییو فیکریی لەبری تەسککردنەوەی ئازادییەکان دەبوایە جێگەی بەکارهێنانی سیاسەتی زەبروزەنگو توندوتیژیی بگرێتەوە، دەسەڵات لە هەرێم لێرەدا دۆڕاو بووە، دەوڵەت بەم ئەقڵیەتە نابرێت بەڕێوە.

**٢- ژێرخانی ئابووریی**

سەبارەت بە باسی دروستکردنی ژێرخانی ئابووریی (ئینفرا سترەکچەر)، کە دەسەڵات لە بەیاننامەکەیدا باسی لێوەکردووە: ژێرخانی ئابووریی بۆ من بریتی نییە لەو بینا زۆرانەی بەرپرسەکان باڵایان دەبەن بە ئاسماندا، بەڵکو بریتییە لە تۆڕی کارەباو ئاو (کارەبا وەک گرنگترین سەرچاوەی وزە بۆ پێشخستنی پیشەسازیی لە هەرێم بێ ئەنجام بووە)، هەروەها نەخۆشخانەو جادەوبانو بواری تەکنەلۆژیاو بایەخدان بە پیشەسازیی محەلیی لە هەرێم، کە بەر وێرانکردن کەوتووە، کەچی هەرێمی کوردستان کراوەتە بازاڕێکی بەرفراوانی ساغکردنەوەی خراپترین شمەکەکانی تورکیاو ئێرانو کۆمەڵێکی دیاری پێ دەوڵەمەند بووە، سەرانی دوو حیزبەکەی پێ بوون بە خاوەنی سەرمایەو کۆمپانیاو موڵکو ترانسفێرکردنی پارەکانیان بۆ دەرەوە، بە پارەی نەوتو سامانی گەلو بە ڕێگەی ناشەرعیی، هەر بۆیە دەسەڵات پێش هەموو شتێک هێزی دەوڵەتی بۆ پارێزگاریکردن لە سەروەتو سامانەکانی خۆیان پێویستە، حیزبیش ئامرازە، گەرنا چی تریان هەیە دەبێت بە نێویەوە قسە بکەن، ئەمانەو دیاردەکانی ڕۆتینو گەندەڵیی کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی گرتووەتەوەو بووەتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵو وڵات، ئەمانە بەشێکی گرنگی ئەو بوارانەن کە دەبوایە دەسەڵات لە هەرێم خەمی هەڵبگرتایە بەر لە خەمی ئاسایشی حیزبو ئاسایشی دەسەڵاتی تاکو بنەماڵەو بەرامبەر پارەو سەروەتو داگیرکردنی موڵکو سامانی وڵات، ئەوانەی کە موڵکی گەلە، بەشێکی بەرچاوی زەویو پارەو سامانی ئەم وڵاتە چووەتە چنگی کەسانێکی کەمەوە، هەروەک ئەم وڵاتە هەمیشە موڵکی بنەماڵە گەورەکانو بنەماڵە بچووکەکان بووبێت، کە داروودەستەکانیشیان پشکێکی بچووکیان دراوەتێو چارەنووسی ئەمانیش بەوەی دەسەڵاتەوە بەندەو بۆ مانەوەی خۆیان ناچارن بەرگریی لە دەسەڵات بکەن، ئایا ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو شۆڕشە هاتووەتە دی، کە گەلی کورد لە دژی بەعس هەڵیگیرساند؟

**٣- لە بری دروستکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەنجومەنی هەواڵگریی دروست دەکرێت**

لەبری دروستکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ هەرێم، کەچی دەسەڵات پرۆژەیەکی هێناوەتە پەرلەمان بۆ دروستکردنی ئەنجومەنێکی هەواڵگرییو بخرێتە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم، بە واتا سەرۆکی پارتی (بڕوانە وتاری نووسەر لە هاوڵاتی بەرواری (٢٠١١/١/٢٣)، پرۆژەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ هەرێم دەمێکە پێشکەش بە دەسەڵاتم کردووە).

**٤- نەبوونی سەنتەری توێژینەوەی زانستی لەسەر بەعسیزمو فاشیزم**

یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ژیانو پێشکەوتنی کۆمەڵگە، لایەنی زانستییە، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە کە دەسەڵات نەیویستووە سەنتەری توێژینەوە نەتەوەییو سیاسییەکان بکاتەوە؟! وەک «دەزگای لێکۆڵینەوە لە بەعسیزمو فاشیزم». هەوڵەکانمان بێسوود بوون لەگەڵ دەسەڵات بۆ ئەم مەبەستە، نەکردنەوەی سەنتەری توێژینەوە لەسەر دیموکراسییەتو فیدراڵیزمو سیستمی سیاسییو ئاسایشی نەتەوەیی...تاد. دەسەڵات لە بەغدا داوای لامەرکەزییەت دەکاتو لە هەرێمی کوردستان مەرکەزییەت پیادە دەکات، ئەم دیاردانە نیشانی دەدات کە دەسەڵات نەک تەنیا نەتەوەییانە، بەڵکو تەکنۆکراتیانەش بیرناکاتەوە، دەیەوێ سوود لە کەسە ئەکادیمیستەکان وەربگرێت، بەڵام بێئەوەی بەشداریی دەسەڵاتیان بکات، ئەمەش خەسڵەتی سیستمی دیکتاتۆرە.

**٥- دەسەڵات نەیتوانی جینۆساید بکاتە چەکێکی سیاسیی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی**

> دەسەڵات دەکرێ لە لایەن دەسەڵاتی دژ وەک نارەزایی‌و ڕاپەڕینی کۆمەڵ بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە هەتا دەگاتە گۆڕین

ئەنفالو هەڵەبجە چەکو دۆسییەیەکی سیاسییو یاسایی گەورەو گرنگە بەدەست کوردەوە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بۆ سەر ئاستی نێوخۆو نێودەوڵەتی، هەروەها پێویستە بچێتە ناو کتێبو بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەو زانکۆکانەوەو چەندین سەنتەری لێکۆڵینەوە بۆ بواری جینۆساید دامەزرێنرێن، تەنیا دڵۆپێک لەو سەدان ملیۆن دۆلارانەی کە موڵکی نەتەوەیەو لای چەند کەسانێکی کەمی دەسەڵات کۆبوونەتەوە خەرج بکرێ بۆی، دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم نەیتوانی کار بۆ بە دامودەزگاکردنی تراژیدیای ئەنفالو کیمیاباران، بە واتا جینۆساید، بکات، ئەمە پێیدەوترێ ئەنفالکردنی دۆسییەی ئەنفال، دۆسییەی حینۆساید، کەچی موستەشارو ئەنفالچییەکان پاداشت دەکرێنو قوربانییەکان سزا دەدرێن، ئەگەر ئەنفالکراوەکان ئەنفالچی بوونایە ئەمڕۆ پاداشت دەکرانەوە، هەروەک ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو هەموو خاوەن مەلەفانەی کە سێ ساڵە سەرۆکی هەرێم بڕیاری لەسەر نادات، بۆچی؟ دەسەڵات بیست ساڵە بە درۆکردن کات دەباتە سەر، ئەمەیە تراژیدیای دەسەڵاتی سیاسیی لە وڵاتی ئێمەدا، ئایا ئەمە هۆیەکی شەرعیی نییە کە مرۆڤ چیتر بڕوای بە پەیمانەکانی دەسەڵات نەمێنێتو لە دژی ڕاپەڕێت؟ ئەمەیە تراژیدیا ئەگەر فرۆکەوانێکی بەکۆمەڵکوژ لەلایەن سەرۆکی حیزبێکی کوردی دەسەڵاتدارو سەرۆک کۆماری ئەم دەوڵەتە کە کوردە، ئازاد بکرێت، ئەگەر دادوەریی بێلایەن بوایە لەم وڵاتەدا، ئەوا دەبوایە ئەو بەرپرسە بدرایەتە دادگا، تەنانەت فەرمان نەدراوەتە ئینتەرپۆڵ بۆ دەستگیرکردنی ئەو فڕۆکەوانە، ئایا دەسەڵات لێرەدا دەچێتە پێناسەی کام خانەی سیستمە سیاسییەکانەوە؟ ئایا لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانە ئەو خەڵکی بەشەرەفەی کوردستان کە ئێوەی دەسەڵات بوێریی ناوهێنانی دەکەن، ئەو مافەیان نادەنێ بچنە سەر شەقامەکان، چونکە کەرامەتی گەلێک سەدان جار بریندار کراوە، نەتانویست تەنیا یەکێک لە موجریمەکانی ئەنفال بهێننە سەر شاشەکانی تەلەفزیۆن بۆ گێڕانەوەی تراژیدیاکە، لەم دەستوورە عێراقییەی کە بە وشەیەک زاراوەی جینۆسایدی تێدا تۆمار نەکراوە، کە لیستی هاوپەیمانی کورد ئەو کاتە هێزی سیاسیی دووەم بوو، بەڵکو لەبری ئەوە وشەی شەهیدی تێدایە، تەنیا وشەی جینۆساید قورسایی یاسایی دەبوو لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە، کەچی کە ڕەخنە لە سیستمە سیاسییەکەیان دەگیرێتو سەنگەر دەگرنو سوێند بە یاساو خوێنی شەهیدانو شەرەفی خەڵکی وڵات دەخۆن، بەشێکی گەل دەنگیدا بە نوێنەرەکانیو بڕوای بەخشی پێیان بۆ نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە شەرعییەکانی ئەمان بوو، نەک گەل لە خزمەتی دەسەڵاتدا بێت، شەرمە دەسەڵات یەکلایەنە گەل دەکاتە شایەت بۆ خۆی؟ ڕاستە سەروەرییە بۆ مێژووی گەلەکەمان، بەڵام ناکرێ هەتا سەر دەسەڵات مەجدو خولدی شەهیدانی هەشتاکانمان پێ بفرۆشنەوە، کە باس لە شەهیدان دەکەن، دەبوایە باس لەوانەی شەڕی نێوخۆش بکرایە، کە بە شەهید ناو نابرێن، بەڵام تەحسین شاوەیس «شەهیدە».

**(سیستمی سیاسیی هەرێم تەقلیدیەو لەسەر بنەمای ئەقڵو مەنتق دانەمەزراوە)**

سیستمی سیاسیی هەرێم نەیتوانیوە دەسەڵاتی سیاسیی بکاتە دەسەڵاتێکی موئەسەساتی کە ببێتە ئالتەرناتیف بۆ دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی تاک دەسەڵاتی ئۆتۆکراسی، کە لەسەر بنەمای ئەقڵو مەنتق دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو کردەوانەی کە سەردەمانێک کاری پێکراوەو جێگیر بووەو بە میرات ماوەتەوە وەک شتێکی تەقلیدیی، هەربۆیە ئەم دەسەڵاتە (سیستمە) سیاسییە لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان ناڕوات، لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا سیستمیش پێویستی بە گۆڕانو چاکسازیی هەیە لە خۆیدا، سیستمە تەقلیدییەکە سوود لە کزیی‌و لاوازیی‌و هوشیاریی سیاسییو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی خۆی وەردەگرێت بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات، ئەو دەسەڵاتی سیاسییە کە خەسڵەتێکی حوکمی فەردییە تێیدا، ئەمانە فاکتەرن بۆ پێویستی بوونی بارودۆخەکەی هەرێم بە ئۆپۆزسیۆنێکی هوشیارو زاناو زانستیو هەڵگری فەلسەفەی عەدالەت بێت، هەروەها لەیەکتر جوداکردنەوەی دەوڵەتو دین، هەرچەندە بۆ من عەلمانییەت تەنیا بریتی نییە لە جوداکردنەوەی ئەو دووانە لە یەکتر، بەڵکو لە نەبوونی دەوڵەتو کۆمەڵگەی حیزبسالاریشدایە، ئەم بە پێچەوانەی سەرکردە تەقلیدییەکە خۆی بداتە دەست گۆڕانکاریی، بە تایبەت بە مۆدێرنکردنی هەرەمی سەرەوەی. سەبارەت بە ڕیفۆرم بە زۆریی لەو سیستمە سیاسییانەدا دەکرێت کە خۆیان تەندروست بن، بەڵام گۆڕانکارییە سیاسییو ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکان پێویستیان بە ڕیفۆرمکردنی حیزبو سیستمە سیاسییەکە هەیە، ئایا سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەم پێکهاتەیەی ئێستەی بەکەڵکی ڕیفۆرمکردن دێت؟

خاڵێکی تر ئەوەیە، لەو کۆمەڵگەیانەی کە هوشیاریی سیاسیی لە لای هاوڵاتییان کزو لاوازەو هەروەها ڕەوشی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی تیایاندا لاوازە، ئەوا سیستمی سیاسیی پەیڕەوکراو لە دەوڵەتدا سیستمێک دەبێت کە لەسەر زەبرو زەنگو خۆسەپاندن بونیاد دەنرێت، لێرەدا پێشێلکردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵو سەربەستییەکانیانو بوارنەدان بە گرووپی سیاسیی جۆراوجۆر لە دەوڵەتدا شتێکی ئاسایی دەبێت، واتا سیستمی دیکتاتۆریی لە دەوڵەتدا پەیڕەو دەکرێت، ئیتر ئایا ئەو سیستمە دیکتاتۆرییە سیستمی دیکتاتۆریی تاکەکەسی بێت، یان سیستمی دیکتاتۆریی گرووپ بێت، بەڵام دەسەڵاتدار دەیەوێ جێگەی یاساش بگرێتەوەو لەم زیاتر کۆمەڵەی چیتر نەبینێت، هەموو ئەمانە خەسڵەتی کۆمەڵگەی کوردیو سیستمە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستانە، ڕاستە کۆمەڵگەی ئێمەش لە قۆناغێکی پەڕینەوەدایە بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن، هەرچەندە بە قاچی مێرووڵە دەڕوات، بەڵام سروشتو واقیعی ئێستەی دەسەڵات ئەوەیە، کە باسم کردو گۆڕینیشی یاسای ژیانە، هەربۆیە یەکێک لە ئامانجی ڕۆشنبیرانو میدیا ئازادەکانو ئەکادیمیستە واقیعبینەکانو نووسەرانو سیاسەتمەدارە ژیرەکانو ڕێکخراوە مەدەنییە بێلایەنەکان... تاد. ئەوەیە کار بۆ بەهێزکردنی هوشیاریی کۆمەڵ بکەن، دژ بە ئیرهابی سیاسییو ئیرهابی ئازادییو فیکریی بن، بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیو دروستبوونی کەسایەتی کوردی تێ بکۆشن، ئەوەی کە دەسەڵات لەم بیست ساڵەدا ئەنجامی نەداوە، ئەو کاتەی کە تاکی کۆمەڵ هەست بە بوونی کەسایەتی خۆی بکات، ئەمانە دەبێت یەکێک بن لە ئەرکە ئەولەویاتەکان، ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕانیش پەیڕەویی ئەم پرەنسیپە نەبێت، ئەوا ئەمیش دەکەوێتە بەر پێناسە خراپەکان.

* لێکۆڵەری سیاسیی
salarbasira@hotmail.com

> دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم نەیتوانی کار بۆ بە دامودەزگاکردنی تراژیدیای ئەنفالو کیمیاباران، بە واتا جینۆساید، بکات

## سوپاسو پێزانین

لە ناخی دڵمانەوە وەک خانەوادە سوپاسی ئەو کەسایەتیو هاوڕێو گۆڕانخوازانە دەکەین کە بەبۆنەی کۆچی دوایی باوکمان، ئەدیبو نووسەری هەڵکەوتوو (سەعید ناکام)ەوە هاوبەشی خەممان بوون بە نامە، یان بە تەلەفونو بەسەرکردنەوە بەتایبەتی کۆمپانیای وشە (بە هەردوو ستافی سایتو ڕۆژنامە)و ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لە شارو وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپا، هەستی دڵسۆزیی ئەوان مایەی سەبووریمان بوو.

(ناکام) جگە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی، لەپاش خۆی سەرمایەیەکی تری بۆ بەجێهێشتین، ئەویش سەرمایەیەکی مەعنەویی لە هەڵوێستی نەگۆڕی لە بەرگریی لە ئینسانو بەگژداچوونەوەی (دەسەڵات) کە لەو پێناوەدا ئەزیەتو چەرمەسەرییو نەهامەتی زۆری کێشا، بەڵام دواجار بوو بە خەرمانەی شانازیکردن بۆ ئێمەو بۆ هەموو ئەوانەی بەرامبەر پلەو پارە، گەلو ئازادیی هەڵدەبژێرن..

**پشکۆ ناکام**



عەزیز ڕەئووف

# GAME OVER

ئەم سەردێڕە، واتە "گەمەکە کۆتاییهات"، دروشمی زۆرێک لە خۆپیشاندەرانی تونسو میسرە دژ بە سەرکردەکانی وڵاتەکەیان. یارییەکە کۆتاییهات، واتە چیتر ناتوانن بە گەندەڵیو بە فاشییەتو بە دیکتاتۆرییەت لە کۆشکەکاندا حوکم بکەن. ئەم دروشمە هەرچەندە بۆ ئەو دوو وڵاتە دروشمێکی لۆکاڵییە، بەڵام ماناو مەغزاکانی ئەم دروشمە، بۆ سەرجەم ئەو کۆمەڵگەو وڵاتانەش دروستە کە کەم تا زۆر هێزێک، یان گرووپێک، یان بنەماڵەیەک بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستیان بەسەر کورسیو سامانی میللەتدا گرتووە.

من، ئەم دروشمە ئیستعارە دەکەم بۆ کۆمەڵگەی کوردیو دەسەڵات لەم هەرێمەی خۆمانو دەڵێم، گەمەکە تەواو و چیتر ناتوانن بە ناوی شۆڕشگێرییو بەناوی سەروەرییەکانی رابردووەوە گەمە بە عەقڵو شعوری مەملەکەتێک بکەن.

گەمەکە تەواو. پاش بیست ساڵ لە حوکمڕانیی لەم هەرێمەو هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆو بەکوشتدانی کوڕی خەڵکی، پاش بیست ساڵ لە حوکمڕانیی بەبێ ئەوەی یەک موفرەدە لە حوکمڕانیی بزانن، پاش بیست ساڵ لە دەستبەسەرداگرتنی کورسیو سامانی میللەت، نەک جارێک هەزارجار پێتان دەڵێم، گەمەکە کۆتاییهات.

گەمەکە تەواو. پاش بیست ساڵ لە حوکمڕانیی کە نەتوانن کارەبا بۆ خەڵک دابین بکەنو ژیانمان بکەنە تاریکستان، کەواتە ئێوە هێزگەلێکی تاریکنو شایەنی ئەوە نین حوکممان بکەن. پاش ئەو ماوە زۆرە، ئێوە نەتانتوانی سێ شاری بچووک بەیەکسانی بەڕێوەبەرن، سەرباری ئەو بودجە زەبەلاحە، کاتی ئەوەیە پێتان بڵێین، گەمەکە کۆتاییهات.

گەمەکە کۆتاییهات. چیتر ناتوانن بە نیمچە دیموکراسی لەسەر پای خۆتان بوەستن. دەبێت رووی راستەقینەی خۆستان دەرخەن، دیکتاتۆرن، یان دیموکرات، لەبەرەی گەلن، یان دژ بە بەرەی گەل؟ بۆ خەڵک لەسەر کورسین، یان بۆ خۆتانو بنەماڵەکانتان؟ برادەرینە، گەمەکە کۆتاییهات. چیتر ناتوانن لەم نێوەندەدا کات بکوژن. چیتر ناتوانن تاسەر بەم چاوەڕوانییە کوشتندەیە بۆ باشترکردنی ئایندەمان، کات بکوژن.

گەمەکە کۆتاییهات. ئێوە بە بەرچاوی هەمووانەوە بە ملیۆنان دۆلار بۆ نەخۆشخانەیەک سەرف دەکەنو تەواویشی ناکەن. ئەرێ برادەرینە، ئێوە خەڵک بەگێل دەزانن؟ کە قسە دەکەن، من لە خۆتان دەپرسم، ئێوە وا هەست دەکەن، خەڵک باوەڕتان پێدەکات؟ ئێوە کە دەممان دادەخەنو نایەڵن خۆپیشاندان بکەین، ئەی تونستان لەبیر نییە؟ ئەو وڵاتەی وەک ماستی مەیو وابوو، لەپڕدا راپەڕی، ئەی ئێوە ناترسن، خەڵک لەم مەملەکەتە لەپڕدا لێتان راپەڕێت؟ گەمەکە کۆتاییهات برادەران، کەس کۆمەکتان ناکات، نە ستایشو نە راگەیاندنە زەبەلاحەکانتان، نە پارەی زۆرو نە باخو ڤێللاکانتان، نە کورسیو نە رابردووتان.

ئێمە دەزانین، ئێوە کوڕە ماندووەکانی شاخ بوون، بەڵام دڵنیابن چیتر رابردوو کۆمەکتان ناکات. ئێمە دەزانین، ئێوە شەونخونیتان کردووە بۆ دروستبوونی ئەم ئەزموونە، بەڵام ماندووبوونتان بەو مانایە نییە تاسەر لەسەر حوکم بن. زۆرێک لە سەرکردەکانی ناوچەکە، بە دەیان ساڵ حوکمیان کرد، بەڵام چییان دوای خۆیان جێهێشت؟ مێژوو چۆن باسیان دەکات؟ برادەرینە، بۆ خۆشیی ژیانی خۆتان، بۆ وادەکەن مێژوو بە کارەکتەرگەلێکی ناشرین ناوتان بهێنێت؟ برادەران دڵنیا بن، نە حکومەت وا بەڕێوەدەچێت، نە حوکمڕانیش بەو شێوەیەیە کە ئێوە دەیکەن.

دەزانن، ئێوە زۆر دوورن لە خەڵک؟ کاتێک گەنجێک لە تونس خۆی سووتاند، سەرۆکەکەیان چوو بۆ نەخۆشخانە بۆلای. من دەپرسم: هەموو گەنجی کوردستان خۆیان بسووتێنن، ئێوە دەچن سەردانیان بکەن؟ سەرۆک لە کۆشکەکەی دێتە دەرەوەو سەردانیان بکات؟ برادەرینە، ئێوە ئامادە نین لەگەڵ تەرمی ئەنفالەکانی گەرمیاندا تا گۆڕستان بچن، ئیدی بۆچی پێمان دەڵێن، کوردستان تونس نییە؟

گەمەکە کۆتاییهات. چیتر خەڵک بڕوا بە دروشمەکانتان ناکات. ئەو دروشمانە، دەبێت بە عەمەلی کاری بۆ بکەن، ئەگەرنا چیتر خەڵک ئامادە نییە لە دۆزەخدا ژیان بگوزەرێنێتو ئێوەش وەک پادشای نێو داستانەکان لە کۆشکەکانتاندا ژیان بگوزەرێنن.

